حكومەتی هەرێمی كوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان
سكوڵی زمان/بەشی كوردی

# ڕەگەز
# لە ڕوانگەی زانستی زمانی كۆمەڵایەتییەوە

نامەیەكە

**پێشكەوت مەجید محەمەد**

پێشكەشی ئەنجوومەنی سكوڵی زمان/فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانیی كردووە
و بەشێكە لە پێداویستییەكانی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.د.فەرەیدوون عەبدول محەمەد**

٢٧١٣ كوردی ١٤٣٤ كۆچی ٢٠١٣ زایینی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە)یە، خوێندکار (پێشکەوت مەجید محەمەد) بە سەرپەرشتی من لە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی ئامادەیکردووە و بە شێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

**پ.ی.د.فەرەیدوون عەبدول محەمەد**

**سەرپەرشت**

**ڕۆژ: / / ٢٠١٣**

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو: پ.ی.د.دڵشاد عەلی محەمەد**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ: / / ٢٠١٣**

# ڕاپۆرتی لیژنەی وتوێژ و هەڵسەنگاندن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتوێژ و هەڵسەنگاندن, ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بەناونیشانی (ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە)یە، لەگەڵ خوێندکار (پێشکەوت مەجید محەمەد)دا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (               ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| واژو: | واژو: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام : | سەرۆکی لیژنە: |
| ڕۆژ: | ڕۆژ: |

| | |
|---|---|
| واژو: | واژو: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام و سەرپەرشت: |
| ڕۆژ: | ڕۆژ: |

لەلایەن ئەنجوومەنی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا.

واژو:

ناو:

سەرۆکی سکوڵی زمان:

ڕۆژ:

## پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

- دایك و باوك و خوشك و براکانم.
- هاوسەر و منداڵەکەم (دانیار).
- مامۆستا دڵسۆز و سەنگینەکانم.
- هاورِێ بەرِێز و خۆشەویستەکانم.
- ئەو دڵسۆز و خەمخۆرانەی لە هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردیدان.

# سوپاس و پێزانین


سوپاس و پێزانینم بۆ:

١. خوای بەخشندە و بالادەست، کە بواری خوێندنی بۆ ڕەخساندووم و بۆ گەیشتن بەم ئاستە پشت و پەنام بووە.

٢. هەموو ئەو مامۆستایانەی، کە لە قۆناغەکانی خوێندندا وانەیان پێوتووم، بە زانیاری و ماندوبوونی بەڕێزیان و هەوڵ و کۆششەکانی خۆم بەم ئاستەی خوێندن گەیشتووم.

٣. مامۆستای گەورە و بەڕێزم پرۆفیسۆر (د. فەرەیدون عەبدول محەمەد)، کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبردووییەوە، سەرپەرشتی نامەکەمی گرتەئەستۆ و بەردەوام ڕێنمایی کردووم، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.

٤. ئەم مامۆستا بەڕێز و خۆشەویستانە: (د.فارووق عومەر سدیق، د.بەکر عومەر عەلی، د.هۆگر مەحموود فەرەج)، کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە زانیارییان پێ بەخشیوم و ڕێنماییان کردووم، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.

٥. هاوڕێی بەڕێز و زۆر خۆشەویستم مامۆستا (زوبێر عەلی عارف)، کە بەسەرچاوە و ڕێنماییەکانی بە بەردەوامی هاوکاریکردووم.

٦. سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سکوڵی زمان –بەشی کوردی، کە هەلی خوێندنی بەکالۆریس و ماجستێریان بۆ ڕەخساندم.

٧. هەموو ئەو هاوڕێ ئازیزانەی، کە بە سەرچاوە و وەرگێڕانەکانییان هاوکارم بوون.

٨. هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە لە کارە مەیدانییەکاندا هاوکارییان کردووم و زانیارییان پێداوم.

٩. کارمەندانی کتێبخانەی سکوڵی زمان و بەشی توێژینەوە زانستییەکانی کتێبخانەی ناوەندی لە زانکۆی سلێمانی، کە لە پێدانی سەرچاوەدا هاوکارییان کردووم.

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١-٢ |
| ٠-١) ناونیشان و بواری نامەکە | ١ |
| ٠-٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | ١ |
| ٠-٣) کەرەستە و سنووری نامەکە | ١ |
| ٠-٤) گرنگی و ئامانجی نامەکە | ١-٢ |
| ٠-٥) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | ٢ |
| ٠-٦) بەشەکانی نامەکە | ٢ |
| **بەشی یەکەم / زمان و ڕەگەز** | ٣-٣٨ |
| ١/١) پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ | ٣ |
| ٢/١) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی | ٨ |
| ٣/١) زمان و ڕەگەز | ١٣ |
| ٤/١) ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی لە چەند زمانێکدا | ٢٠ |
| ٥/١) مێژووی توێژینەوە لە زمان و ڕەگەز | ٢٤ |
| ٦/١) تیۆرییەکانی زمان و ڕەگەز: | ٢٧ |
| ٦/١-١) تیۆری کەموکورتی | ٢٧ |
| ٦/١-٢) تیۆری بالاّ دەستی | ٢٨ |
| ٦/١-٣) تیۆری جیاوازی | ٣٠ |
| ٦/١-٤) تیۆری زگماکی(بایۆلۆجی) | ٣١ |
| ٦/١-٥) تیۆری بونیادگەریی کۆمەڵایەتی | ٣٣ |
| ٧/١) ئەو هۆکارانەی جیاوازیی ڕەگەزیی لە زماندا کەم دەکەنەوە: | ٣٣ |
| ٧/١-١) یەکسانیی ماف و ڕۆڵ و پێگە | ٣٣ |
| ٧/١-٢)خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری | ٣٥ |
| ٧/١-٣) کار و پیشەی جیاواز | ٣٥ |
| **بەشی دووەم / ڕەگەز و زمانی کوردی** | ٣٩-٨٢ |
| ١/٢) پەیدابوونی جیاوازیی شێوازیی قسەکردنی ڕەگەزیی: | ٣٩ |
| ١/٢-١) هۆکاری بایۆلۆجی (زگماکی) | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| ٢-١/٢) هۆکاری کلتووریی: | ٤٠ |
| ١/٢-٢-١) دەسەڵاتی پیاوسالاریی | ٤٣ |
| ١/٢-٢-٢) تێڕوانینی جیاواز لە نێر و مێ | ٤٥ |
| ١/٢-٢-٣) ئایین | ٤٨ |
| ١/٢-٢-٤) تابوو | ٤٩ |
| ١/٢-٢-٥) ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی | ٥٠ |
| ١/٢-٢-٦) کار و پیشەی جیاواز | ٥٢ |
| ٢/٢) هۆکارە جیاکارییەکانی ئاخاوتنی ڕەگەزیی: | ٥٣ |
| ٢/٢-١) دەنگسازی | ٥٣ |
| ٢/٢-٢) ئاوازە | ٥٤ |
| ٢/٢-٣) فەرهەنگ | ٥٦ |
| ٢/٢-٤) ڕستەسازی | ٥٨ |
| ٢/٢-٥) ئیدیەم | ٦٠ |
| ٣/٢) ڕەگەز و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن: | ٦٢ |
| ٣/٢-١)نۆرەگرتن و نۆرەبڕین | ٦٢ |
| ٣/٢-٢) دەنگ بەرزکردنەوە | ٦٦ |
| ٣/٢-٣) بڕی ئاخاوتن | ٦٧ |
| ٣/٢-٤) زیادەڕۆیی | ٦٩ |
| ٣/٢-٥) ناڕاستەوخۆ دەربڕین | ٧٠ |
| ٣/٢-٦) قسەکردنی بەڕێزانە | ٧٣ |
| ٤/٢) شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزیی پەیوەست بە تەمەنەوە | ٧٥ |
| ٥/٢) ڕەگەز و کردەی نازمانی | ٧٧ |
| **بەشی سێیەم/ ڕەگەز و بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان** | ٨٣-١٢٥ |
| ٣) بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان | ٨٣ |
| ١/٣) سوێندخواردن | ٨٤ |
| ٢/٣) پاڕانەوە | ٨٨ |
| ٣/٣) دوعا و نزاکردن | ٩١ |
| ٤/٣) خوازبینی | ٩٦ |

| | |
|---|---|
| ٣/٥) پیرۆزبایکردن | ٩٧ |
| ٣/٦) پرسە (تەعزیٚ) | ١٠٠ |
| ٣/٧) جنێودان | ١٠٤ |
| ٣/٨) هەڕەشەکردن | ١٠٦ |
| ٣/٩) توڕەبوون | ١٠٩ |
| ٣/١٠) میوان | ١١١ |
| ٣/١١) دڵنەوایکردن | ١١٣ |
| ٣/١٢) سڵاوکردن و چاك و چۆنی | ١١٣ |
| ٣/١٣) گلەییکردن | ١١٥ |
| ٣/١٤) پۆزشهێنانەوە | ١١٦ |
| ٣/١٥) ناڕەزایی دەربڕین | ١١٧ |
| ٣/١٦) وەسفکردن | ١١٨ |
| ٣/١٧) شێوازی بانگکردنی ڕەگەزی نێر و مێ | ١٢٠ |
| ٣/١٨) چەند بوارێکی تری تایبەت بە ژنان | ١٢١ |
| ٣/١٩) چەند بوارێکی تری تایبەت بە پیاوان | ١٢٣ |
| ئەنجام | ١٢٦ |
| سەرچاوەکان | ١٢٨ |
| ملخص البحث | ١٣٤ |
| Abstract | ١٣٥ |


## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ناونیشانی هێڵکاری | ژمارەی هێڵکاری | لاپەڕە |
|---|---|---|
| کزیی جیاوازیی شێوازیی قسەکردنی ڕەگەزیی | (١) | ٣٨ |
| زۆریی جیاوازیی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی | (٢) | ٣٨ |
| فەرهەنگی تایبەتی ژن وپیاو | (٣) | ٥٧ |
| ڕەگەز و بڕی قسەپێبڕین | (٤) | ٦٥ |
| ڕەگەز و بڕی ئاخاوتن | (٥) | ٦٩ |
| بە ڕاستەوخۆ گەیاندن | (٦) | ٧٠ |
| بە ناڕاستەوخۆ گەیاندن | (٧) | ٧١ |
| تەمەن و ڕەگەزی قسەکەر | (٨) | ٧٦ |

# پێشەکی

## ٠-١ ) ناونیشان و بواری نامەکە:

ئەم نامەیە (ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە)، لە بابەتی زمان و ڕەگەز و کاریگەریی ڕەگەزیی قسەکەر لەسەر زمانی ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە.

## ٠-٢ ) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

١. کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بابەتی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان ژن و پیاودا، بە تایبەتی شێوازی قسەکردنی پیاوان.

٢. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە دەکرێت، ئایا ژن و پیاو خاوەنی فەرهەنگی تایبەتی خۆیانن؟ یان بۆچی کوڕان و کچانی ئێستا جیاواز لە ژنان و پیاوانی ئەوسا قسەدەکەن و کەمتر جیاوازیی شێوازی قسەکردن لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت.

## ٠-٣ ) کەرەستە و سنووری نامەکە:

لەم نامەیەدا، دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیی بەکارهێنراوە و زۆربەی نموونەکانیش لە ڕێگەی کاری مەیدانییەوە بەدەستهێنراون، هەروەها بۆ لایەنی تیۆریی نامەکەش سوود لە سەرچاوە زانستییەکانی زمانەکانی: (کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان) وەرگیراوە.

سنووری نامەکە زیاتر جەخت لەسەر هۆکارەکانی دروستبوونی جیاوازیی شێوازی قسەکردن لە نێوان نێرینە و مێینە و ڕێژەیی زۆریی و کزیی ئەم جیاوازییانە و ڕەنگدانەوەی لە چەند تایبەتمەندییەکی زمانییدا دەکاتەوە لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە.

## ٠-٤ ) گرنگیی و ئامانجی نامەکە:

١- خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ.

٢- خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەگەز و کاریگەرییان لەسەر یەکتر.

٣- هۆکارەکانی دروستبوونی جیاوازیی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی و ئەو هۆکارانەی کە ئەم جیاوازییانە کەمدەکەنەوە.

٤- دیاریکردنی ئەو لایەنانەی زمانی کوردی کە ئەم جیاوازییانەی تێدا بەدیدەکرێت.

## ٠-٥ ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە :

لەم نامەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەوکراوە.

## ٠-٦ ) بەشەکانی نامەکە :

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

### بەشی یەکەم:

لەم بەشەدا باس لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری کراوە، هەروەها گرنگی و سنوور و ئامانجی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو، پاشان پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەگەز باسکراوە و مێژووی سەرهەڵدان و ڕەنگدانەوەی لە چەند زمانێکی جیهاندا تیشکی خراوەتەسەر. باسیش لەو تیۆرانەی زمان و ڕەگەز کراوە، کە هەریەکەیان و پەیدابوونی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان نێر و مێدا بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێنێتەوە، لەدواییدا هۆکارەکانی زۆریی و کزیی ئەم شێوازە جیاوازە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دیاریکراوە.

### بەشی دووەم:

لەم بەشەدا جیاوازیی شێوازی قسەکردنی نێر و مێ لە زمانی کوردیدا نیشاندراوە، هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەم جیاوازییانە دەستنیشانکراوە، پاشان هۆکارە جیاکارییەکانی ئاخاوتنی ڕەگەزیی لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو، لەدواییدا ڕەگەزی قسەکەر ڕەنگدانەوەی لە هەریەکە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن و کردەی نازمانی باسکراوە.

### بەشی سێیەم:

لەم بەشەدا نموونەی ئەو دەربڕینە جیاوازانەی زمانی ئاخاوتنی کوردی، کە بەکارهێنانی تایبەتە بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە لە چەند بۆنە و بوارێکی کۆمەڵایەتیەتیدا هێنراونەتەوە.

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەست هێنراون، باسکراون، پاشانیش ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە، خراونەتەڕوو.

## ١/١) پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ:

کە دەوترێت زمان ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمان کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ هەیە و کۆمەڵیش کاریگەریی لەسەر زمان هەیە.[١] لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە ئاراوە، کە مەبەست لە کام ڕەوشتی کۆمەڵایەتییە؟ پەیوەندیی نێوانییان چۆنە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری لە چیدایە؟

زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندیبەستن و لە یەکترگەیشتنی مرۆڤە، هیچ چالاکییەکی مرۆیی نییە، کە لە دەربڕینی بیرو مەبەست، هەست و نەست، پێشکەوتن و گەشەکردنیدا، زمان بەشداری تێدا نەبێت.[٢] سەرەڕای ئەمەش ((خەڵك زمان تەنها بۆ گواستنەوەی بیر و هەست بۆ بەرامبەریان بەکارناهێنن، بەڵکو بە جۆرێك بەکاریدەهێنن تا بتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بەباشی پەسن بکەن و شوناس بە خۆیان ببەخشن.))[٣] هەروەها زمان بەرهەمی کۆمەڵە و هەڵقوڵاوی ژیانی کۆمەڵایەتییە، پلەوپایەی زمانیی هەرکۆمەڵێك لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەو زمانە سیستەمێکی دیاریکراوی ڕێزمانی بە دەست دەهێنێت و ئەو کۆمەڵەش ڕێز لەو سیستەمە دەگرێت و پارێزگاری لێدەکات. وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەی دووچاری ئەو زمانە دەبێتەوە.[٤] تاکەکانی کۆمەڵێش کۆمەڵێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندایە و بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە، هەروەها پەیوەستن بە کۆمەڵێك داب و نەریت و خووڕەوشتەوە، کە لە باوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە و زۆرێك لە چالاکییەکانیان لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدەن و پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن. بەمپێیە کۆمەڵ تاکە ناوەندی بە کۆمەڵایەتیبوونی زمانە، ئەوانەی باوەڕیان بەوەیە، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەڵێن مرۆڤ ئەگەر بە تەنیا بێت لە زمان دەکەوێت و بیری دەچێتەوە، هەر بە هۆی کۆمەڵەوەیە، کە مرۆڤ دەکەوێتە زمان و فێری زمان دەبێت.[٥] واتە زمان لە ناو کۆمەڵدا لە کاردایە و بە بێ کۆمەڵ ڕۆڵی نامێنێت. (فردینان دی سۆسێر)، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی کۆمەڵایەتی لە زماندا دادەنرێت، دەڵێت: زمان وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی و بگرە ڕێکخستنی کۆمەڵی مرۆیی بە هۆی زمانەوە دەکرێت، هەروەها پێیوایە زمان ئەرکێکی مرۆییە، مرۆڤ تەنیا لە سروشتدا لەدایك نابێت، بەڵکو لە کۆمەڵێکدا لە دایك دەبێت و بەپێی کەلتووری ئەو کۆمەڵە ڕەفتاردەکات، خۆ ئەگەر لەو کۆمەڵە دوربخرێتەوە دەتوانێت بڕوات و بگەڕێت و بەسەر داردا هەڵگژێت و خواردن بۆ خۆی پەیدابکات، بەڵام فێری

---

[١]) بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین (٢٠٠٦: ٣٢)

[٢]) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ٣)

[٣]) زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢: ٤)

[٤]) ئازاد ڕەمەزان عەلی (٢٠٠٥: ٧)

[٥]) نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١٠: ٥١)

قسەکردن نابێت، چونکە کەس نییە فێری بکات، لەبەرئەوە زمان چالاکییەکی مرۆییە و تەنها لە ژینگەی مرۆییەوە گەشەدەکات.[١]

ئەم بۆچوونانە دەریدەخەن، کە کۆمەڵ ناتوانێت بەبێ زمان هەبێت، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و هاوبەشی دروست دەکەن، واتە ((زمان چەکی خۆ ژیانە بە دەستی مرۆڤەوە، بە مەبەستی مانەوە و بەردەوامیدان بە ژیانی.))[٢] هەروەها زمانیش ناتوانێت بەبێ کۆمەڵ لە کاردا بێت، چونکە گرنگترین ئەرکی سەرەکیی زمان هۆکاری پەیوەندی و لێکگەیشتنە، بۆیە گرنگیدان بە کۆمەڵ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێو چوارچێوەی زمانەوانیدا شتێکی ئاساییە، لەبەرئەو پەیوەندییە بەتینەی کە لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، زمان ئەرکەکانی لە ناو کۆمەڵدا ئەنجام دەدات، وەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:[٣]

١. مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەناو کۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە. زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی هۆیەك بێت بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن، لە زۆر باردا زمان تەنها بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بەکارنایەت، بەڵکو بۆ جێ خۆشکردن و خۆبردنە پێشەوە و خۆسەپاندن و شوێنگرتنە لە ناو تاکەکانی کۆمەڵدا، بەڵگەشمان بۆ ئەمە دەیان پێکهاتەی، وەکو: (چاکی؟) (چۆنی؟) (ڕۆژباش) ...هتد، کە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بە مەبەستی ڕازیکردنی خەڵك دەیان جار دووبارە دەبێتەوە.
٢. زمان، شوناسی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات، هەر بەهۆی زمانەوەیە، کە دەتوانین بڕیاربدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە، لەچ بارێکی دەروونیدا دەژی، هەستی بەرامبەر، بابەتی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەری چییە و سەر بە چ چینێکە و ڕادەی خوێندەواری چەندە.
٣. زمان، مرۆڤ و دەوروبەر بە یەکتر دەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەیەکی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە، کە قسەکەرانی تێدا دەژین.

کەواتە زمان لە جێبەجێکردنی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کاردایە، هەر لە سڵاوکردن و بەیانی باش و جێخۆشکردن و مامەڵەکردن و ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکانی ناسیاو و نەناسیاو لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. هەروەها زمان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی هەڵدەستێت لە بۆنە ئایینییەکان و دروستکردنی پەیوەندیی مرۆڤ بە پەروەردگارەوە و مردن و پرسە و سوێندخواردن و زیکری سۆفی و موریدەکان، هەروەها لە بۆنە فەرمییەکان و دادگایی کردن و کڕین و فرۆشتن و ژنهێنان و

---

[١] بەهار زاير محمد ( ٢٠٠٩: ٧)
[٢] د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.
[٣] د.محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١٠: ١٣٧-١٣٨)

**شوکردن و جیابوونەوە، زمان هۆکاری سەرەکی بە جێهێنان و بەئەنجام گەیاندنیانە. هەر بەهۆی زمانەوە بەسەر دەوروبەرماندا زاڵدەبین و لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا ئایین و کەلتوور و ئەدەب لە فەوتان دەپارێزین لە ڕێگەی تۆمارکردن لە ناو ژیری و بیرماندا یان لەڕێگەی زمانی نووسینەوە نەوە بۆ نەوە دەیگوێزینەوە. هەروەها لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە هەستەکانمان دەکەین هەر لە خۆشی و ناخۆشی، شادی و پەژارە، تووڕەبوون و بێزاری جنێودان و پیاهەڵدان، پێکەنین و گریان...هتد. بە هۆی زمانیشەوە بیرەکانمان دەردەبڕین و لە هەمانکاتیشدا شاردنەوەی بیرەکانمان و کەم تواناییمان لە بیروبۆچونەکاندا هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە.[1] کەواتە زمان لەوەدا کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە، کە مرۆڤ هەموو چالاکییەکانی لە ڕێگەی زمانەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت، بۆیە بەبێ زمان کۆمەڵ دروست نابێت، هەروەها کۆمەڵیش کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، چونکە هەموو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەخۆ کاریگەرییان لە سەر زمان هەیە، کە ئەمانەن:[2]**

١. **کاریگەرییە جێگیرەکان: بۆ نموونە (نەژاد، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی (باگراوندی کۆمەڵایەتی)).**
٢. **کاریگەرییە گۆڕدراوەکان: خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەکردن.**
٣. **کاریگەرییە هەنوکەییەکان/دەوروبەر: ئەمەیان پەیوەستە بە بارە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییەکانەوە (کارکردن،ماڵەوە، کۆمەڵی قسەکەران ...هتد).**

**لەم بۆچوونانەی سەرەوەوە دەردەکەوێت کە زمان و کۆمەڵ پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، زمان لەناو کۆمەڵدا کاردەکات و مرۆڤیش لە کۆمەڵەوە زمان فێردەبێت، هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و بە پێچەوانەشەوە، زمان هەموو ئەرکەکانی لە کۆمەڵدا ئەنجام دەدات. واتە هەر گۆڕانێك کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدات کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە گۆڕانکارییە زمانییەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ((چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، بەواتا گۆڕانی مەرجەکانی ژیان و فۆرمەکانی ژیان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنەوە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات.))[3] لە ئەنجامی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتی و فیکرییانەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا بە دەستیان دەهێنێت دەبێتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری**

---

[1]) نایف خرما(١٩٧٨: ٢٠٩-٢١٥) هەروەها بڕوانە: د.ئومێد بەرزان برزو(٢٠١١: ٢٢-٣٣)، هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ١٧)

[2]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٨)

[3]) ـــــــــــــ، وەرگێڕانی: محەمەدیی مەحویی (٢٠٠٩: ٩٠)

**بگۆڕێت و داهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بکات، لە ئەنجامدا چەندین بیری نوێ سەرهەڵدەدەن، هەروەها چەندین چەمکیش کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆمەڵ پێویستی پێیانبووە دەگۆڕێت یان لەناودەچێت.[1] چونکە ((سروشتی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆر و چەشنی بیروباوەڕ و بیرکردنەوەیان بە گوێرەی سەردەم، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وشەکانی زمانیش، زایە و ئاوێنەی هۆش و بیری سەردەمی جودا جودان و هەمووشیان پێکەوە، فەرهەنگی زمان، پێك دەهێنن.))[2] بە جۆرێك ((هەموو گۆڕانێك کە بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت، لەگەڵ خۆیاندا چەندەها بیرو چەمکی نوێ دەهێننە کایەوە، کە پێویستیان بە دەربڕینە.))[3] ئامرازی دەربڕینی ئەم گۆڕانانەش زمانە، چونکە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەردا و دەربڕینی بیر و گەیاندنی، کاردانەوەیەکی پێویستە، هەروەها زمان هەوڵیداوە بۆ دەربڕین و پاراستن و مانەوەیان تۆماری ئەو پێشکەوتنانە بێت.[4] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو گۆڕانانەی کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە، دیاردە زمانییەکانیش لەگەڵیاندا دەگۆڕێن، بۆیە بە بەردەوامی چەندین وشە و دەستەواژەی نوێ دێنە ناو زمانەوە لە هەمان کاتیشدا چەندین وشە و زاراوە دەپوکێنەوە و لە ناودەچن، چونکە ((زمانی هەر میللەتێك بە تەنیا بگرین، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەرو جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر.))[5] لە هەندێك بواردا لەو کایانەی کە تاکەکانی ویستی گۆڕانیان تێدا هەیە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی شایەنی ڕوودانە. هەندێك لەو هەولانەی دراون بۆ مەبەستی گۆڕانی زمان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراون، بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی زریانەکانیان بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا دابەشکردەوە، چونکە پێشتر هەمووی لە ڕەگەزی نێر بوون.[6] هەر گۆڕانێك لە کۆمەڵدا ڕوودەدات کاریگەریی لە سەر زمانی ئەو کۆمەڵە دەبێت، هەروەها گۆڕین و گۆڕانکاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەسەر گەنجینەی وشەدا دێت، لە گۆڕینەکەدا هەڵسوکەوتیش دەگۆڕێت و لە گۆڕینی نەوەکانیشدا جۆری هەڵسوکەوتی نوێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دروست دەبن و فۆرمی تایبەتی هەڵسوکەوتی زمان لە کۆمەڵدا دێنە ئاراوە، بۆ نموونە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا گەشەکردنێکی کەلتووریی نوێ لە یاری و گەمە و گۆرانی و مۆسیقا و**

---

[1] د. هادي نهر (١٩٨٨: ١١٦)

[2] د.فاروق عومەر سدیق (٢٠١١: ٦١)

[3] سەرچاوەی پێشوو (٥٠)

[4] تابان محەمەد سەعید حەسەن (٢٠٠٨: ١٧ )

[5] د.فاروق عومەر سدیق (٢٠١١: ٣٩ )

[6] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٣٠)

پۆشاك و خۆگۆڕین لە ناو کورددا ڕوویدا، بە بەراود لەگەڵ کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا، بڕوانە وشەکانی (هەلووك، سەرە، قڕە، بەگ، قرچکردن، تییلکردن، خشکەیی...هتد) لە (هەلووکێن) و (مووشین)دا و وشەکانی (قۆڕقۆڕە، گدگدە، تەمتەمە، شییت...هتد لە (مێزراحێن)دا، هەروەها وشەکانی (قۆچەقانێ، شەڕەقۆچەقانێ، دارلاسییك...هتد لە (شەڕەگەڕەك)دا. دیاردەکان لە پۆشاکی کوردی وەك (شەڕواڵ و مراخانی، شەڕواڵ و ستارخانی، ڕانکوچۆغە) و (کلاشکردنە سەرپێ، جامانە خستنە بنباڵ و دانانی کلاو بە لاریی لەسەرسەر و ناپەسەندیی لەبەرکردنی چاکەتوپانتۆڵ و چاویلکەکردنە چاو...هتد سەریانهەڵدا. وشەو زاراوەکانی وەك(لاجانگ، شارلستۆن، پێڵاوی باتە) جێیان بە گەلێك وشە و دەربڕاوی وەك (گودییلە، زوڵف، کەوش، پانیبەرز و پاپووچ) لێژکرد. پاشانیش (قلێشایەوە، مەنعی تەجەول، گرتن، چوونە شاخ و چوونە دەرەوە (بوون بە پێشمەرگە) و (کیمیاباران، ئەنفال، ڕاپەڕین، هەڵبژاردن و پەرلەمان) و لە تەکیاندا شێواندنی بار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پارەپەیداکردن، وشە و دەربڕاوەکانی (ئاودییوکردن، بازاڕی دۆلارەکە، هەڵپەیەتیی، چاکی دەخوات، باشی لێدەدات، لە مونەزەمەیە، گەلاَی باشی هەیە (بۆ دۆلار) و مەرمەڕ، قاچاخچێتی، ڕاکێشان (بردن بۆ ئەوروپا)...هتد) ی کرد بە وشە و دەربڕاوی ڕۆژانە. هەروەها بلاَوکراوە و کۆڕەکانی ئەو کوردانەی لە هەندەران خوێندنێکیان تەواوکردووە، زاراوە بیانییەکانی وەك ئەڵتەرناتیڤ، ئەڵتەرناسیۆن، ترادیسیۆن و ...هتد یان هێنایە ناو زمانەکەوە. لە قوتابخانە و زانستگە(پەیمانگە/پەیمانگا) و زانستگادا، فۆرمی زمانی وەها دروستدەبن و دێنە ئاراوە، کە ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێننەوە، وشە و زاراوە و دەربڕاوەکانی وەك ( کانی ئاشقان، ئیستیسنا، قبووڵ خاس، مەڵتیی، ڕێست...هتد) لەو چەشنانەن. هەروەها (جێڵ، سپرای، بۆیە و حەمام...هتد) جێی (ڕۆنی سەر، خەنە و وسمە)یان گرتۆتەوە و خۆیان لەگەڵ مەرجە کۆمەڵایەتییە گۆڕدراوەکاندا گونجاندووە.[1] دەکرێت بوترێت ئەم وشە و زاراوانە و ئەوانەشی کە لە داهاتوودا دێنە ناو زمانەوە بەوهۆیەوەیە، کە ((زمان بە شێوەیەکی سەرەکیی لە خزمەتی پڕۆسەی پەیوەندیی-لەیەکگەیشتن، گەیاندن و کارلەیەککردنە کۆمەڵایەتییە سەردەمیی و زیندوەکانی ناوکۆمەڵدایە. کە مەرجەکانی ئەم گۆڕان و گۆڕانکاریانەی ئەم پڕۆسانە گۆڕان و گۆڕانکارییان بەسەردا هات، جێکەوتە و بەهاو پایەی هۆی دەربڕیینی دەربڕاوەکانیشیان دەگۆڕێن و وەك خۆیان نامێنن.))[2] لەبەرئەوەی زمان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە مرۆڤ وەکو هەر ڕەفتارێکی تری کۆمەڵایەتی زمان لەو کۆمەڵەوە وەردەگرێت، کە لێی دەژێت، زۆرێك لە چالاکییەکانی هەر لە گوزارشتکردن لە بیروڕاو و

---

[1] ــــــــــــــ، وەرگێڕانی: د.محەمەدیی مەحویی (٢٠٠٩: ٩١-٩٣)

[2] سەرچاوەی پێشوو (٩٣-٩٤)

هەستەکانی و گەیاندنی بە دەوروبەر بە مەبەستی پەیوەندیکردن و هاوبەشی لە نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵدا، لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدات، بە پێچەوانەشەوە هەر گۆڕانێك، کە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە بە سەر کۆمەڵدا دێت لەگەڵیدا دیاردە زمانییەکانیش دەگۆڕێت، بەڵام ((ئەوەندەی کە کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، زمان ئەوەندە ناتوانێت کاریگەریی بەسەر کۆمەڵدا هەبێت و خۆی بسەپێنێت، چونکە زمان بۆ مرۆڤە و مرۆڤیش بۆ پێوەندی لەناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت. کەواتە سروشتی وایە، بکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە و بۆ مرۆڤ و لە خزمەتی مرۆڤدا بێت.))[١]

## ٢/١) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی:

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، کاریگەرییان لەسەر یەکتری، بۆ دیاریکردن و لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییە، ئەم زانستە (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی) پێویست بوو، چونکە زمانناسی تەنها لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زمان دەکات و یاسا و ڕێساکانی دیاریدەکات، هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییەکانی زمان و کۆمەڵ و کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمانی ئاخاوتن دیاریدەکات، کە دەکەونە دەرەوەی سنووری کارکردنی زمانناسییەوە، کە لە کاری زمانەوانییدا پەیوەستن بە کۆمەڵەوە بەجێ هێڵدرابوو. سەرهەڵدانی ئەم زانستەش دوای ئەوەبوو، کاتێك کە زمانەوانی لە سەردەستی سۆسێر بوو بە زانستێکی سەربەخۆ و وایکرد، کە چیتر وەکو بابەتێکی لاوەکی، لە چوارچێوەی زانستێکی دیکە، لە زمان نەکۆڵرێتەوە، چونکە تا ئەو کاتە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان پتر سیستەمەکانی ناو زمانیان دەگرتەوە، بەڵام دوای سۆسێر کار لەسەر پەیوەندییەکانی زمان بە دەوروبەرەوە کرا، یەکێك لەوانەش زمان و کۆمەڵناسی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵناسیش لەلایەن دۆرکهایمەوە تازە بووبوو بە زانستێکی سەربەخۆ، ئەوە بوو ئەو لقە لە زمانەوانی بە کۆزمانەوانی "زانستی زمانی کۆمەڵایەتی" ناوی دەرکرد.[٢]

هۆکاری تێکەڵاوبوونی ئەو بەشەی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دروستبوونی زانستێکی سەربەخۆ بە ناوی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردووکیان لە کارکردنییاندا کۆمەڵ بە بنەما دادەنێن، بەوەی کە کۆمەڵناسی بریتییە ((لە زانستی ناسینی کۆمەڵ و دەزگاکان و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و یاساییانەی پەرەسەندنی کۆنترۆڵ دەکەن، کارەکەیشی لێکۆڵینەوەی بابەتیانەیە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی زادەی پێکەوە ژیان و

---

[١]) زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢: ١٠)

[٢]) بەهزاد موحسن (٢٠٠٨: ١١٣) هەروەها بڕوانە: بەهار زایر محمد (٢٠٠٩: ٥)

کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵك و بەشێوەیەکی زانستیانە ڕاڤەکردنیان. هەروەها دەیەوێ ڕاڤەیەکی سروشتی سیستەم و فەوزای کۆمەڵایەتیش بکات، واتا ئامانجی گەیشتنە بە دۆزینەوە و پەیبردن و وەسفکردنی ئەو میکانیزمانەی کە لە ژیانی مرۆڤدا هەن و لە گریمانە هاوبەشەکانی نێوان هەموو زانستەکانەوە دەستبەکاردەبێت، کە بریتییە لەوەی لە سروشتدا سیستەمێك هەیە و دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، وەسفی بکرێت، لێیشی تێبگەین.))[١] بە بڕوای سۆسێریش ((زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو مانایەی زمان بەردەوام پێوەندی نێوان تاکێك و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ دروست دەکات، بە مانایەکی سادەتر زمان – لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە– جگە لە ڕیکخستن و پێکهێنانی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە.))[٢] واتە هەموو ئەو کارانەی کە کۆمەڵناسی دەیەوێت لە کۆمەڵدا ئەنجامی بدات لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت. (ئەنتۆنیۆ میڵت)یش دەڵێت: بۆ دەرخستن و پەیبردن بە دیاردە و گۆڕانە زمانییەکان، دەبێ بچین زانستی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی ئەو زمانە بخوێنینەوە، چونکە مادام زمان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمانەوانی، زانستێکی کۆمەڵایەتییە و تاکە هۆکارێك بۆ لێکدانەوەی گۆڕانە زمانەوانییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانن.[٣] هەروەها (مالینۆفسکی)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بە پشت گوێ خستنی پێشینە و کلتوور و ڕەنگدانەوەیان لە زماندا ناکرێت لە زمان بکۆڵینەوە.))[٤] بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە بابەتی (زمان و ڕەگەز) بە لای زماننا س و کۆمەڵناسەکانەوە جێی بایەخ و گرنگی پێدانە، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە سەر گرنگیی کاریگەریی ڕەگەزی قسەکەر دەکات لە سەر زمان، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ باشتر ناسین و دابەشکردنی وردی زمان، هەروەها کۆمەڵناسەکانیش لە ڕێگەی کۆمەڵناسیی زمانەوە پێگەی ڕەگەز لە کۆمەڵدا و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات.

پەیبردن بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆمەڵناسی و زمانەوانیدا هەیە، دوای ئەوە بوو کە دەرکەوت ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵناسی (sociology) لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکات، سێ سیفەتیان هەیە، ئەوانیش:[٥]

١. چەند یاسایەکە، کە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا دەکەن، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان.

---

[١] د.سەمیر ئیبراهیم حەسەن (٢٠١١: ٨٨)

[٢] بەهزاد موحسن (٢٠٠٨: ١١٣)

[٣] سەرچاوەی پێشوو (١١٣)

[٤] بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین(٢٠٠٦: ٣٢)

[٥] علي عبدالواحد وافي (١٩٨٣: ٣). هەروەها بڕوانە: بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦: ٣٠-٣١)، بەهار زایر محمد (٢٠٠٩: ٤-٥).

٢. له لایەن تاکە کەسەوە دروستنەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێك هێناویەتییە ئاراوە، خۆی دەخزێنێتە نێو ژیانی ئەو کۆمەڵەوە.

٣. دەرچوونی هەر تاکێك لەو یاسایانە، لەلایەن ئەو کۆمەڵەوە توشی سزا و بەرەنگاربوونەوە دەبێت، جا ئەو سزایە ماددیی یان کۆمەڵایەتی بێت.

به هەمان شێوە ئەم سێ سیفاتەش لە زماندا هەیە، بەوەی کە زمانی هەموو کۆمەڵێکیش سیستەمێکی گشتییە، تاکەکانی هاوبەشن لە بەکارهێنانیدا، دەیکەنە بنچینەیەك بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها زمان لەلایەن تاکێکەوە دروست نەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێك دروستی کردووە و لە ژیانی ئەو کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها زمان یەکێکە لەو دیاردانەی، کە هەموو کەس ناچارە لە یاساکانی دەرنەچێت و هەر دەرچوونێکیش تووشی بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵی دەکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕیزبەندیی کەرەستەکانی ڕستەیەك تێکبدات بەو شێوەیەی کە زمانەکە چوارچێوەی بۆ داناوە، تووشی ڕێگری و گاڵتە پێکردن و لە یەکتر تێنەگەیشتن دەبێتەوە.[١]

وەکو چۆن هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی زمانێکی دیاریکراو، کە زمانناسی دیارییاندەکات، دەبێت هەموو قسەکەرێکی ئەو زمانە پێوەی پەیوەستبێت، لادان لێیان قسەکەر تووشی لە یەکترنەگەیشتن و گاڵتەپێکردن دەکاتەوە. بە هەمان شێوەش ئەو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا دیاری دەکات، قسەکەر نابێت بیانبەزێنێت و لێیان لابدات، تەنانەت ئەگەر بە پێی یاسا و ڕێسا زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕاستیشبن، چونکە بەکارهێنانی هەندێك لە دەربڕینە زمانییەکان بە پێی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، کاروپیشەی جیاواز...هتد) دەگۆڕێت. بۆ نموونە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، هەندێك دەربڕین هەن، کە بەپێی کلتووری ئەم کۆمەڵەیە، تەنها ژنان بەکاریدەهێنن، وەکو: (کوێراییم دایە، ئەیەڕۆ، سکت نەسووتێ...هتد)، هەرچەندە پیاوان لێی تێدەگەن، بەڵام بەکاریناهێنن، بە پێچەوانەشەوە دەربڕینەکانی وەکو: (بەتەڵاقم، بەشەرەفم، برای گەورەی...هتد) ژنان بەکاریناهێنن، ئەگەر چی بە پێی یاساو ڕێسا زمانەوانییەکان، ئەو دەربڕینانە ڕاستن و لە یەکترگەیشتن دروست دەکەن و هەموو قسەکەرێکی زمانێکی دیاریکراو مافی بەکارهێنانی هەیە، بەڵام بە پێی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن بەکاریبهێنن، چونکە ئەو دەبڕینانەی کە ڕەگەزێکی دیاریکراو بەکاریاندەهێنێت، ڕەگەزی بەرامبەر بەکاریان ناهێنێت بۆ ئەوەی توشی گاڵتەپێکردن و سزای کۆمەڵایەتی نەبێتەوە.

---

[١] علي عبدالواحد وافي (١٩٨٣: ٤)

**بەمپێیە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی:**

1. **زمان بە کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا دادەنێت و دەیەوێت ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەم شێوازانە یەکە یەکە دیاری بکات و نیشانەی تەمەن و ڕەگەز و چین و پایەی کۆمەڵایەتیی خەڵکەکە لە شێوازەکاندا دیاری بکات. هەروەها گوێ ناداتە شێوازی پەسەند و سەپاندنی بەسەر خەڵکیدا یان ڕەتکردنەوەی شێوازی ناپەسەند، واتە بەها و نرخی جوانی بۆ شێوازەکان دانانێت.[1] لەبەرئەوە دەکرێت لە خستنەڕوو و ناساندنی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم پێناسەی کریستاڵ بهێنرێت کە دەڵێت: ((زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە لە کۆمەڵدا کارلێکی پێدەکات، لێکۆڵینەوە لەو ڕێگایەی کە بنچینەی زمانەوانی پێ دەگۆڕێت، وەك وەڵامێك بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و ناسینی خودی ئەرکەکان.))[2]**
2. **ئەم زانستە هەوڵی دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانە دەدات، کە ڕەفتاری زمانەوانی بەڕێوەدەبەن، بە ئامانجی دووبارە بیرکردنەوە لەو بابەت و جیاوازییانەی کە ڕێساکانی کاری زمانەوانی بڕیاردەدەن، ڕوونکردنەوەی پێگەی زمان لە ژیانی مرۆڤدا، گرنگیدان بە واقعی باری زمان و شێوازە جۆربەجۆرەکانی و چۆنیەتیی هەڵوێستی قسەکەر و گوێگر لە ئاخاوتندا.[3]**
3. **ئەم زانستە لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێ وەك: ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵدا و کاری ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەر زمان، گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی و هەستیان بەرامبەر زمانەکەی خۆیان، هەستیان بەرامبەر زمانەکانی تر، هەستیان بەرانبەر ئەو زارانەی بەکاری دەهێنن و زارەکانی تری زمانەکە، هەستیان بەرامبەر پایەی کۆمەڵایەتی قسەپێکەرانی زمانەکە یان زمانەکانی تر...هتد، هەروەها خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە نێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی زمان یان زاردا هەیە، هەوڵی ئەوە دەدات تێمان بگەیەنێت چۆن خەڵکی دەتوانن کەڵك لە کانگای زمانییان وەرگرن و بەپێی ئەو دەورەی لە کۆمەڵدا دەیبینن قەنات بگۆڕن.[4]**
4. **لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، زمان بریتییە ((لە هەڵبژاردنی ڕەفتارێك لەنێوان سەدان ڕەفتاردا کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان بەپێی باری کۆمەڵایەتی یان بۆنەی قسەکردن هەڵیان دەبژێرێت.))[5]**

---

[1]) د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٦١-١٦٢) هەروەها بڕوانە: هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٢٠)

[2]) ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠: ٩)

[3]) د.هادي نهر (١٩٨٨: ٢٤)

[4]) د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٣٩)

[5]) بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین(٢٠٠٦: ٢٨)

واته زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، لە دوو لایەنەوە لە زمان دەکۆڵێتەوە:[1]

١. لایەنی ئاسۆیی: مەبەست لە لێکۆڵینەوەیە لە حاڵەتی ئێستای زمانی کۆمەڵێك، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی ژینگە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە، چونکە ئاشکرایە لایەنە ئاسۆییەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، وەکو دوو ژینگەی جیاواز و دوو جوگرافیا و زار یان شێوە زاری جیاوازی زمانێك، جیاوازی لە ئاخاوتنیان دروست دەکات.

٢. لایەنی ستوونی: وەکو زمانی چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵ، خوێندەوار و نەخوێندەوار، پیر و لاو، ژن و پیاو، کەسایەتی ئایینی و کەسایەتی سیاسی، شوانێك و بازرگانێك ...هتد لە ئاخاوتندا لە یەك جیاوازن، هۆکاری جیاوازی زمانی ئەو چین وتوێژە جیاجیانە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانە و پێویستی و ئامانجی ژیانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە دابەشی کردوون.

ئامانجی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینیدا ئەوەیە، کە دەیەوێت ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییانەی کە زمانەوانی گشتی چاویان لێدەپۆشێت لە چوارچێوەی زمانەوانیدا شوێن و مافی خۆیان پێبدرێت، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی سەرەکی ئەوە دەبێت، کە بابەتی زمانەوانی فراوانتر بکات و وای لێبکات نەك هەر گوێ بداتە شیکردنەوەی زمان بەڵکو بیبەستێتەوە بە قسەکەر و گوێگر و بابەت و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی زمانەکەی تێدا بەکاردێت.[2] لە ڕوانگەی ئەوەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، بۆ دیاریکردنی سنوری گرنگیدانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، دەتوانین پشت بە پۆلێنەکەی (هالیدای) ببەستین، بەمشێوەیە:[3]

١. جووت زمانی و فرە زمانی و فرە زاری.
٢. پلاندانان و گەشەپێدانی زمان.
٣. دیاریدەو جۆراوجۆری زمانی.
٤. زانستی زارە کۆمەڵایەتییەکان (جۆراوجۆری بێ پێوەر).
٥. زمانەوانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە.
٦. لێکۆڵینەوەی وەسفی بۆ بارودۆخی زمان (ڕێباز و شێوازی قسەکردن).
٧. تۆماری ئاخاوتنی ڕۆژانە و گوێزانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.
٨. کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانی دەنگ و ڕستەدا.

---

[1] بەهزاد موحسین (٢٠٠٨: ١١٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.محمد معروف فتاح (٢٠١٠: ١٣٨-١٥٩)، شاخەوان جەلال (٢٠١١: ١٤)

[2] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٦٣)

[3] د. هادي نهر (١٩٨٨: ٢٥) هەروەها بڕوانە: هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٢٤-٢٥)

٩. زمان و کۆمەڵ و پەیوەندیی شارستانیەت.
١٠. تیۆری ئەرکی و سیستەمی زمانی.
١١. گەشەسەندنی زمان لای منداڵ.
١٢. زمانە نەریتییەکان.
١٣. لێکۆڵینەوە لە دەقەکان.

لێرەوە دەکرێت، بە کورتی ئەوە بخەینەڕوو، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بوارێکی فراوانە و زۆر لایەن و بابەتی تری پەیوەست بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە دەبێت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بەرچاو بگیرێت و بە گرنگ و ورد مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە هەریەکە لەو لایەنانە لە ڕاستی کۆمەڵایەتی نزیکمان دەکەنەوە.

## ٣/١) زمان و ڕەگەز*:

لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا جیاوازی لە نێوان شێوازی قسەکردنی نێرینە و مێینەدا هەیە، ڕێژەی ئەم جیاوازییەش لە زمانێکە و بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت بە پێی ئەو هۆکارانەی کە ئەم جیاوازییانە دروستدەکەن، کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین. ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکترن و هەمیشە پێکەوەن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، کاتێك لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا زمان بەکاردەهێنن، ئایا هەریەکەیان زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و جیاوازن لە زمانی ڕەگەزی بەرامبەر؟ ئایا خاوەنی فەرهەنگی جیاواز و تایبەت بە خۆیانن؟ یان شێوازی قسەکردنیان جیاوازە؟ هۆکاری دروستبوونی ئەم جیاوازیانە لە نێوانیاندا چییە؟ ئایە ئەوە زمانە، کە ئەم جیاوازییە دروست دەکات یان ڕەگەزە بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری نازمانییەوە ئەم جیاوازییە بە سەر زماندا دەسەپێنێت ؟

هەر زمانێك بۆ نموونە: (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی ...هتد)، خاوەنی کۆمەڵێك یاسای فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی خۆیەتی، کە لە زمانەکانی تر جیای دەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە بەکارهێناندا ئاخێوەرانی ئەو زمانە لەسەر واتاکەی ڕێککەوتوون. ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی دیاریکراو قسەدەکەن، سەرەڕای جیاوازییان لە توانای بەکارهێنانی زمانییان – سۆسێر بە گوتن و چۆمسکی بە توانا ناویان بردووە– لە یەکتر دەگەن و بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن و پێکەوە لەپەیوەندیدان، کە ئەرکی

* لە زمانی کوردیدا لە پاڵ وشەی (ڕەگەز)، وشەی (توخم)یش بەکاردێت، لەم توێژینەوەیەدا وشەی (ڕەگەز) بەرامبەر بە (Gender) لە زمانی ئینگلیزی و (جنس) لە زمانی عەرەبی و زمانی فارسیدا بەکارهێنراوە.

**سەرەکیی زمانە. کەسانی تری دەرەوەی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە دیاریکراوە ناتوانن زمانەکەیان بەکاربهێنن، بۆ نموونە قسە پێکەرانی زمانی کوردی ناتوانن لە قسەپێکەرێکی زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی تر بگەن بە پێچەوانەشەوە، تاوەکو فێری زمانی یەکتر نەبن. لێرەدا دەردەکەوێت، کاتێك کە ژنان و پیاوان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەژین و پێکەوە لە ڕێگەی هەمان زمانەوە پەیوەندی بە یەکەوە دەکەن، خاوەنی فەرهەنگێکن سەرەڕای جیاوازییان لە بەکارهێنانی چەند وشە و دەستەواژەیەك، کە ڕەنگە بەشێکی بچووکی فەرهەنگەکە پێك بهێنن. هەرچەندە هەندێك توێژینەوە ئاماژە بە زمانی تایبەت بە ژنان و زمانی تایبەت بە پیاوان دەکەن. بۆ نموونە زمانی (نوشو)، کە یەکێکە لە زمانە چینییەکان، بە زمانێکی تایبەت بە ژنان دادەنرێت، ئەم زمانە تاماوەی چەند ساڵێك پێش ئێستا زیندوو بووە و قسەپێکەری هەبووە، سەرجەم ئەندامانی کە توانای قسە پێکردنیان بووە ژن بوون، بە پێی ڕاپۆرتێکی سایتی (جام جم ئۆنلاین) لە بەرواری ٢٠٠٤/٩/١٠ و (کەناڵی ٣ ی فەرەنسی)، هەواڵی مردنی (یوانگ یوانییی)یان وەکو هەواڵێکی گرنگ بلاّوکردەوە، گرنگی هەواڵەکەش لەوەدا بووە، کە (یوانگ یوانییی) دووایین ژن بووە، کە بە زمانی (نوشو) قسەی دەکرد، لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا لە ناوچەی (جیانیونگ) لە پارێزگای (هونان) کۆچی دوای کرد، بە وتەی خزمە نزیکەکانی ئەم ژنە توانای خوێندن و نووسینی بە زمانی چینی نەبووە، مردنی ئەم ژنە بە واتای کوژانەوەی زمانی (نوشو)یە، کە بە تەنها لە لایەن هەندێك ژنانی ناوچە دوورە دەستەکانی ناوەند و باشوری وڵاتی چینەوە لە سەدەکانی ڕابردوودا بەکارهێنراوە، ئەم زمانە لە لایەن زمانەوانەکانەوە بە زمانێکی تەواو ژنانە لە جیهاندا هەژماردەکرێت.[١] هەروەها (( لە یەکێك لە نەتەوەکانی سیبریا (لوئۆراڤێکدن/چوکچی)، تا ئەمڕۆ دوو زمانیان هەیە: (زمانی ژنان، زمانی پیاوان).))[٢] لە سەرەتاشدا هەندێك لە نووسەرە ئەوروپییەکان زمانی ژنانی دورگەی ئەنتیلیسی بچووك (Lesser Antilles)یان بە زمانێکی تایبەت و جیاواز لە زمانی پیاوان دانابوو، بەوەی کە ژنان و پیاوانی دورگەکە بە دوو زمانی جیاواز قسەدەکەن، بەلاّم دواتر بۆیان دەرکەوت، کە ئەم جیاوازییانە لە ئاستی دوو زمانی جیاوازدا نییە، بەڵکو تەنها لە ئاستی چەند وشە و دەستەواژەیەکدایە، کە ئەمەش لە ئەنجامی داگیرکاری و تێکەڵبوونی هەردوو زمانی ئاراواکی کە زمانی خەڵکە ڕەسەنەکەی دوورگەکەیە لەگەڵ زمانی کاریبی، کە زمانی ئەو پیاوانە بوو دوورگەکەیان داگیرکردووە، دروستبووە.[٣]**

---

[١] نرمینه معینیان (١٣٨٨: ٢٤٠-٢٤١)

[٢] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٢٤)

[٣] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٠٥-١٠٦)

**بەلام دوای ئەوەی زانستی زمانی کۆمەلایەتی، زمانی بە کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا دانا، ئەوە ڕوونبوویەوە، کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، ((پێکهاتەو دروستەی کۆمەڵ کاریگەری و ڕۆڵی هەیە لە دەرخستن و دروستکردنی جیاوازی لە ڕۆنانی زمانەوانیی ئەو کۆمەڵەدا، بەڵگەی ئەم ڕاستیەش هەبوونی جیاوازی لە پێکهاتەی زمانی نێوان منالْ هەرزەکار و گەنج ...هتد، لە پالْ ئەوەی کە زمان بەپێی پێکهاتە و بۆچوونی ئاینی ئەتنیکی (مذهبی) هەر پێکهاتەیەکی تری ناو کۆمەڵ، تەنانەت جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مێیە ئەم جیاوازییە دروست دەکەن.))[1] واتە زمان بە پێی شێوازی[*] بەکارهێنانی لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بە پێی باری گوتن و بابەتی گوتن و نێوانی گوتن و پلەوپایەی هاوبەشەکانی قسە و تەمەن و ڕەگەزیان دەگۆڕێت.[2] بۆ نموونە ڕەگەز شانبەشانی تەمەن، چینی کۆمەلایەتی، پلەوپایەی کۆمەلایەتی، ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری، ئایین...هتد، جیاوازی لە زمانی قسەکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دروست دەکات، چونکە زمان هێزێکی کۆمەلایەتییە و ڕۆڵی گرنگی لە دروستکردنی کەسێتی تاکدا هەیە و بونیادی زمانی کەسێك یارمەتی شێوەی بیرکردنەوەی دەدات.[3] واتە هەر تاکێك لە کۆمەڵدا خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی لە بەکارهێنانی زماندا، کە لە تاکەکانی تری کۆمەڵەکەی جیا دەکاتەوە، بەلام ناگاتە ئەوەی کە هەر تاکێك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و تاکەکانی تری هەمان کۆمەڵ لێی تێنەگەن، چونکە لایەنە هاوشێوە و هاوبەشەکانی نێوان تاکەکان زۆر زیاترە، لەڕێگەی ئەم تایبەتمەندییانەوە دەتوانرێت ناسنامە و شوێن و پلەوپایە و چینی کۆمەلایەتی و پیشەی قسەکەر دیاریبکرێت.[4] بۆیە ((ئاساییە کە ئافرەت بە شێوازی تایبەتی خۆی قسە بکات، بە**

---

[1]) پەیمان حسن محمد سلیم (٢٠٠٤: ٤)

[*] زانستی شێواز هەوڵدەدات لەو شێوە هونەرییانە بکۆڵێتەوە، کە هەر زمان و کۆمەڵێك بە شێوەیەکی تایبەتی بەکاریاندەهێنن. یان جۆرەکانی ئاخاوتنمان بە شێوەیەك بۆ دیاریدەکات، کە لەگەڵ هەڵوێستە جیاجیاکاندا بگونجێن زاڵبین بە سەریاندا.بڕوانە:(هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٣٧). شێواز لە زۆر بواردا، بۆ بابەتی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە بوارەکانی بەرهەم و ڕەخنەی ئەدەبی، زانست، هونەر وەك: نواندن، مۆزیك، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی...هتد بەکاردەهێنرێت. بڕوانە:شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٦) (چارلی بالی) کە یەکێکە لە قوتابییەکانی فردینان دی سۆسێر لە بەر ڕۆشنای بیروڕاکانی مامۆستاکەی لە بارەی شێوازەوە دەڵێت: زمان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاوەزدا کۆمەڵە هۆکارێکی دەربڕینە، شێوازگەریش گرنگی بە توێژینەوەی ئەو هۆکارانە دەدات، سەبارەت بە بیرێکی دیاریکراو لە دەربڕین و گوزارشتدا بەکاردێت. بڕوانە:د.ئازاد ئەحمەد مەحموود(٢٠٠٩: ١٢٥) لە زمانەوانیشدا شێواز بریتییە لە دەرچوون یان لادان لە ڕێگای دەربڕینی ئاسایی، یان هەڵبژاردنی دەربڕینێك لە نێوان چەند دەربڕینێکی هاوشاندا. بڕوانە:د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٨٨). بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی شێواز بڕوانە هەریەکە لە: د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٨٧، ٨٩)، شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٦-١٢)، هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٣٣-٤١).

[2]) د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٨٨)

[3]) کسپە ئەبوبەکر عەلی (٢٠١١: ١٤)

[4]) نایف خرما(١٩٧٨: ٢٢٣-٢٢٤)

**واتای ئەوەی چەند تەکنیکێکی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت لە ئاخاوتندا کە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی خۆی بێت و پەیوەندی بە کەسی خۆیەوە هەبێت.))[١] ئەو شێوازەی تاکە کەس لە زماندا بە کاریدەهێنێت بە پێی بابەتی قسەکردنەکە و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر لە لایەکەوە و کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکانی وەك هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان دەگۆڕێت،[٢] چونکە شێواز پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە و کۆمەڵ بڕیار لە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی دەدات، ئەگەر ئەو شێوازەی بەکارهێنرا لە لایەن کۆمەڵەوە پەسەند نەکرا، ئەوە قسەکەر تووشی گاڵتەپێکردن یان ڕووبەڕووبوونەوە لە لایەن بەرامبەرەوە دەبێت.[٣] ئەوەی مەبەستی ئێمەیە تیشکی بخەینە سەر جیاوازی شێوازی قسەکردنی نێرینە و مێینەیە لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەلایەتییەوە.**

**ڕێڕەوی ژیانی هەریەکە لە ژن[*] و پیاو و ئامانجی تایبەت بەخۆیان و هەبوونی ڕێگەی جیاواز بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە جیاوازانە، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەریەکەیان لە قسەکردندا پێویستیان بە بەکارهێنانی شێوازی جیاواز و هەروەها دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەیە، تا بتوانن لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون، واتە ((بەکارهێنانی سەرچاوە زمانییەکان لە لای هەریەك لەو دوو توخم"ڕەگەز"ە ڕەنگدانەوەی جیهانبینینیانە.))[٤] بەپێی بۆچونێکی** Debora Tannen **((پیاوان لە جیهانێکدا دەژین، کە بە شێوەیەکی قووچەکی ڕێکخراوە، تێیدا تاك یان سەرکەوتووە یان سەرنەکەوتووە، یان براوەیە، یان دۆڕاو. لە جیهانی لەم جۆرەدا، ئاخاوتن جۆرێکە لە دانووستان، کە مرۆڤەکان هەوڵدەدەن سەرکەوتن بە دەست بهێنن و خۆبپارێزن لە کەسانی تر، کە هەوڵی ژێرخستن و لادانیان دەدەن.))[٥] هەروەها ((ئافرەتیش هەر لەسەرەتای مێژووەوە تا ئەمڕۆ کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی پێکهێناوە کە لە پیاو جیاواز بووە. لەبەرئەوە وا چاوەڕواندەکرێ کە هەڵسوکەوتی تایبەتیشی هەبێت و خاوەنی شێوازێکی تایبەتیش بێت لە قسەکردندا، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵەکەی خۆیان بێت.))[٦] ئەم هەڵسوکەوت و ئامانجە جیاوازانەی نێوان ژنان و پیاوان لە کۆمەڵدا، کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە شێوازی جیاواز لە گفتوگۆکاندا پەیڕەوبکەن، چونکە مەبەستی**

---

[١]) د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٨٨)

[٢]) نایف خرما (١٩٧٨: ٢٣١)

[٣]) هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٣٤)

[*]) لە زمانی کوردیدا لە پاڵ وشەی (ژن) وشەی (ئافرەت)یش بەکاردێت، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی (ژن) ڕەچەڵەکێکی کۆنتری هەیە و زیاتر بنج داکوتاو و چوستروچالاکترە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەکارمانهێناوە. بۆ زانیاریی بڕوانە: د.فاروق عومەر سدیق، لە دایکبوونی وشە (٢٠١١: ١٥٠-١٧٣).

[٤]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ١٣٦)

[٥]) ئازاد عەلی (٢٠٠٩: ١٩) هەروەها بڕوانە: شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ١٣٦)

[٦]) د.محەمەد معروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٢)

**جیاواز لە پشت ئاخاوتنی هەریەکەیانەوە هەیە. لەم بارەیەوە** Tannen **دوو جۆر ئاخاوتنی لە نێوانیاندا دیاریکردووە:**[1]

1. **ئاخاوتنی دۆستانە** (Rapport talk ):

**لەم تێڕوانینەوە ئەو شێوازەیی لە زمانی ئاخاوتنی ژناندا بەکاردەهێنرێت، زیاتر زمانی نزیکی و دۆستانەیە، مەبەستیش لەم زمانە دامەزراندنی پەیوەندییەکی هاوڕێیانە و هێنانە ئارای وتووێژێکی دۆستانەیە، ژنان لە کاتی ئاخاوتندا زیاتر بایەخ بەوە دەدەن، کە لەگەڵ بەرامبەردا لە یەك دەچن و ئەزمونەکانیان بە هاوبەشی ئاڵوگۆڕدەکەن، لە کۆبوونەوە و گردبوونەوەکانیشدا ژنان هەوڵ دەدەن ئەزموونی خۆیان وەکو پاڵپشتی و بەڵگەیەك بۆ بیروڕاکانیان بهێننەوە.**

2. **ئاخاوتنی گێڕانەوە** (Report talk ):

**لەم تێڕوانیینەوە لە گفتوگۆکاندا پیاوان، زمان وەك ڕێگەیەك بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و پیشاندانی گەورەیی خۆیان لە وتوێژەکاندا، هەروەها پیاوان بۆ پیشاندانی ئەم سەروەری و سەربەخۆییە پشت بە زانیاری و سەربەخۆیی خۆیان دەبەستن، پیاوان گەورەیی خۆیان لە گرتنە دەستی گفتوگۆکاندا دەبیننەوە، بۆ نموونە لە گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆك و گەیاندنی زانیاری بە بەرانبەر، هەروەها پیاوان لەکاتی کۆبوونەوەکاندا بە وتنی قسەی یەکلاکەرەوە بڕیار لەسەر ڕاستی و دروستی شتەکان دەدەن.**

**بەمپێیە ژنان و پیاوان بۆ ئامانج و مەبەستی جیاواز زمان بەکاردەهێنن، ((ئافرەتان خۆیان لەناو تۆڕێك پەیوەندی دەبیننەوە، لەم چەشنە جیهانەدا، ئامانج لە ئاخاوتن لە یەکتر نزیکبوونەوەیە، کەتیایدا خەڵك هەوڵدەدات یارمەتی و پاڵپشتی بکەن و وەربگرن، بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا ڕیکبکەون، ژیانیش لای ئافرەتان هەوڵدانە بۆ پاراستنی پەیوەندییە پتەوەکان و دوورکەوتنەوەیە لە گۆشەگیری و دابڕان.))[2] لە کاتێکدا پیاوان زمان بۆ مەبەستی خۆسەپاندن، کێبڕکێکردن، پاراستنی پلەوپایەی خۆیان بەکاردەهێنن.[3] تێڕوانینی جیاواز بۆ ژیان و هەڵسوکەوتی جیاواز و مەبەستی جیاواز لە ئاخاوتندا بووەتە هۆی ئەوەی، کە پیاوان ژمارەیەکی زۆر دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەبێت، کە ژنان لێیان تێدەگەن، بەڵام هەرگیز بەکاری ناهێنن، لەلایەکی تریشەوە ژنان کۆمەڵێك وشە و دەستەواژەیان هەیە، کە تەنیا لەناو**

---

[1]) Rebecca Norman (٢٠٠٦ : ٦ )

[2]) ئازاد عەلی (٢٠٠٩: ٢٠)

[3]) www.teban.com

خۆیاندا بەکاریدەهێنن و پیاوان بەکاری ناهێنن، چونکە دەبێتە هۆی پێکەنین و گاڵتەپێکردن و بە کەم سەیرکردنیان، بەم شێوەیە زۆرجار وا دەردەکەوێت کە ژنان زمانێکیان هەیە جیاوازە لەو زمانەی کە پیاوان بە کاریدەهێنن.

ئەم شێوازە جیاوازانەی قسەکردنی ژنان و پیاوان، تەنیا تایبەت نییە بەو کۆمەڵانەی، کە سنووری بەهێزیان بۆ جیاکردنەوەی نێر و مێ لەیەکتر داناوە، بەڵکو لەو کۆمەڵانەشدا هەیە، کە ئەو سنوورەیان بەلاوە لاوازە یاخود هەر نییە، یەکێك لەوانەی گومانی لەبارەوە نییە. بوونی شێوازی جیاوازی قسەکردنی پیاوان و ژنانە. ڕوونە کە ئافرەتان بەیەکدەگەن بە شێوازێك دەدوێن، کە جیاوازە لە شێوازی پیاوان، کە پیاوان و ژنانیش کۆدەبنەوە لەگەڵ یەك لە دەوروبەرێکدا تێکەڵ دەبن، بە زمانی سێیەم دەدوێن. هەموو ئەوانە ڕوون و ئاشکرا هەستی پێدەکەن لە زمانی سڵاوکردن و چەندوچوون و زمانی ژیانی ڕۆژانە و ڕێکخستنی کارەکاندا. کاتێك لە بەرامبەر پۆشینی جل و بەرگێك کە پیاوێك لەبەریکردووە، سەرسوڕماو دەبین، ئەوە سەرسامی بەرامبەر جل و بەرگەکە نیشان دەدەین نەك پیاوەکە، بەڵام کە سەرسوڕمان بەرامبەر بەرگێك دەردەبڕین، کە ئافرەتێك لەبەری کردووە بەزۆری سەرسوڕماویمانە بەجوانی خودی ئافرەتەکە، بەڵام لە میانەی بەرگەکەیەوە. ئەگەر هەمەجۆری زمان لەکۆمەڵە پێشکەوتووەکاندا ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەوە لەو کۆمەڵانەدا زۆرتر ڕوونترە، کە ڕۆڵ و پێگەی ژنان و پیاوان لەیەك جیاوازن، چونکە لەم کاتەدا لە تێگەیشتنی بونیاتی کۆمەڵایەتیدا زیاتر گرنگتر دەبێت.[1]

دەربارەی ئەوەی کە زمان کاریگەریی لەسەر ڕەگەز هەیە یان بە پێچەوانەوە، بیروڕای جیاواز هەیە، Tylor ئاماژەی بەوەداوە، کە گەیاندنی پەیوەندیی زمان بە ڕەگەزەوە گەیاندنێکی پووچ و بێ مانایە، چونکە ڕەگەز گەلێکی جیاواز بوونیان هەیە و هەموویانیش بەیەك زمان دەدوێن، ڕەگەز گەلێکی دیکەش هەیە زمانیان جیاوازە. (Sayce )یش دەڵێت: ئەوە کۆمەڵە زمان ڕێکدەخات، نەوەك ڕەگەز.[2] هەروەها ( spender)یش لە کتێبەکەی خۆیدا دەربارەی زمان و ڕەگەز، گومانی لە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەگەزی قسەکەر هەیە و باوەڕی بەو بانگەشانەش نییە، کە لەلایەن زمانەوانانی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت دەربارەی جیاوازی زمان لای ڕەگەزە جیاوازەکان.[3] بەڵام دوای سەرهەڵدانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و پەیبردن بە پەیوەندیی لە نێوان زمان و کۆمەڵ، ئەوە دەرکەوت کە کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، بەجۆرێك هەر گۆڕانێك کە بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت، لەگەڵ خۆیاندا دیاردە

---

[1] د.عبده الراجحی (٢٠٠٤: ٦٩-٧٠)

[2] سەرچاوەی پێشوو (١٦)

[3] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٢٦-١٢٧)

زمانییەکانیش دەگۆڕن، ڕەگەزیش وەکو یەکێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، واتە ئەوە ڕەگەزە ئەو شێوازە جیاوازەی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاوان بەسەر زماندا دەسەپێنێت نەك بە پێچەوانەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەکرێت بوترێت بوونی جیاوازی ڕەگەز لە ئاخاوتندا هەیە و هەستی پێدەکرێت، کە ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان شێوازی ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە، بەپێی زمانە جیاوازەکان لە ئاستەکانی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە دەنگی ژنان زۆر تیژە و پلەی بەرزترە لە دەنگی پیاوان بەهۆی جیاوازی لایەنی بایۆلۆجییەوە، هەروەها ژنان بە ڕوونی قسەدەکەن و جەخت لەسەر دەربڕینی ڕاست بۆ وشە و ڕستەکان دەکەنەوە و زۆر بە وردی زمان بەکاردەهێنن و زیاتر پارێزگاری لە زمان دەکەن لە چاو پیاواندا، بۆیە گۆڕانکاری لە زماندا بە ئاسانی وەرناگرن.[1] هەروەها ژنان چەند وشەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لە لایەن پیاوانەوە زۆر بە دەگمەن بەکاردەهێنریت یان بە شێوەیەکی جیاواز بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە لە ڕەنگەکاندا چەندین ڕەنگ هەن، وەکو: (مۆر، پیرۆزەیی، بێجی، پەمەیی، قاوەی...هتد) کە ژنان بەکاریدەهێنن، بەڵام بەدەگمەن پیاوان بەکاریدەهێنن.[2] بەواتە ژمارەیەکی زۆر دەربڕینی تایبەت بە پیاوان هەیە، کە ژنان لێی تێدەگەن، بەڵام بەکاریناهێنن، بە پێچەوانەشەوە ژنانیش وشە و دەربڕینی تایبەت بە خۆیان هەیە ئەگەر پیاوان بەکاریبهێنن لە لایەن کۆمەڵەوە توشی گاڵتەپێکردن و کەم نرخاندن دەبنەوە. هەروەها سەرەڕایی جیاوازییان لە هەندیك دەربڕیندا، بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە ژنان لە بەرامبەر ڕەفتاری زمانیدا، لە پیاوان هەستیارترن، چونکە زیاتر شێوەی دروستی زمانەکە بەکاردێنن، بە هۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی بەرامبەر بە فێرکردنی زمان بە منداڵ هەیانە، ئەم تایبەتمەندیشە بە خێرایی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە، ئەم هەستیارییەش وایکردووە، کە ژنان ڕەفتارێکی زمانی پارێزراویان هەبێت و کەمتر سوود لە شێوە نوێیەکانی زمانەکە یان ئەو شێوانەی بەربڵاو نیین وەربگرن، بە ئاسانیش ڕێگە بەو گۆڕانانە نادەن، کە لە زماندا دروست دەبن، بە پێچەوانەوە پیاوان کەمتر خۆیان بە دوور دەگرن لەو شێوازانەی لە زماندا بەربڵاو نیین، هەر لەبەرئەمەشە شێوازی قسەکردنی چینەکانی خوارەوە بە تایبەتمەندنی زمانی پیاوانە دادەنرێت.[3] ئەم شێوازە جیاوازەش کە لەنێوان قسەکردنی ژن و پیاودا هەیە،

---

[1]) نايف خرما (١٩٧٨: ٢٤٠)

[2]) سەرچاوەی پێشوو (٢٤٠)

[3]) يحيى مدرسى (١٣٦٨: ٢١١)

زیاتر لەکاتی گفتۆکردندایە، ئەمەش وا دەکات کە زۆرجار وا هەست بکرێت، کە ئاخاوتنی ژنان و پیاوان جیاوازە و زمانی جیاواز بەکاردەهێنن.

## ٤/١) ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی لە چەند زمانێکدا:

لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا دەرکەوتووە، کە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا جیاوازی لە شێوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە، تەنانەت ئەگەر لە سنوورێکی بچووک و ئاستێکی لاوەکیشدا بێت، ڕێژەی ئەم جیاوازییەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

یەکێك لەو زمانانەی کە نموونەی دیاری جیاوازیی ڕەگەزیی بە شێوەیەکی زەق تێدا دەردەکەوێت و لەلای زمانناسەکان ناوبانگی هەیە، زمانی هندییە کاریبییەکانە، وەکو دەگێرنەوە کاتێك بۆ یەکەمجار ئەوروپییەکان پێیان خستە سەر زەوییەکانی دوورگەی لیسەر ئەنتیلیس (Lesser Antilles) و ئاشنایەتییان لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی (کاریبییەکان) پەیداکرد و پەیوەندییان پێکەوە کرد، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە پیاوان و ژنانی ئەم دوورگەیە بە دوو زمانی جیاواز لە یەکتر قسەدەکەن، کە هاوشێوەی ئەم جیاوازییانەیان لە هیچ شوێنێکی تر نەبینیوە، ئەم جیاوازییانە لە ئاستێکدا بوو، کە هەموو کەسێك وا هەستی دەکرد، کە ژنان و پیاوان بە دوو زمانی جیاواز لەگەڵ یەکتردا قسە دەکەن، بە شێوەیەك پیاوان دەستەواژە و بێژەی تایبەت بە خۆیان هەبوو و تەنها لەناو خۆیاندا بەکاریاندەهێنا و ژنان بەکارییان نەدەهێنا، بە پێچەوانەشەوە، چونکە ئەگەر هەر یەکەیان دەستەواژەکانی ڕەگەزی بەرامبەریان بەکارهێنابا لەلایەن کۆمەڵەوە تووشی گاڵتە پێکردن دەبوونەوە، بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەم جیاوازییانە لە ئاستی دوو زمانی جیاوازدا نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەستەواژەدایە، خودی هندییە ڕۆژئاواییەکان هۆکاری دروستبوونی ئەم جیاوازییە ڕەگەزییانە لە زمانەکەیاندا دەگەڕێننەوە بۆ تێکلاوبوونی دووگرووپی جیاوازی زمانی، کە ئەویش زمانی (کاریبی) و زمانی (ئاراواکی) بوو، ئەمەش کاتێك ڕوویدا کە (کاریبی)یەکان هێرشیان کردەسەر هۆزەکانی (ئاراواکی) و هەموو پیاوەکانیان لەناو بردو هاوسەرگیرییان لەگەڵ ژنەکاندا ئەنجامدا.[1]

جیاوازییەکانی نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاوان، بە پێی زمانە جیاوازەکان لە ئاستەکانی فۆنەتێك و فۆنۆلۆجی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە لە زۆرێك لە شێوەزارەکانی ئینگلیزی ئەمریکیدا ژنان و پیاوان لە بەکارهێنانی هەندێك لە بزوێنەکان (ڤاوڵ) جیاوازن، ئەو ڤاولانەی کە ژنان بەکاری دەهێنن لە پەراوێزدان و کەمتر

---

[1] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٠٥-١٠٦)

بەکاردێن هەمبەر ئەو ڤاولانەی کە پیاوان بەکاری دەهێنن. هەروەها لە زمانی یوکاگیری (Yukagir)یش، کە یەکێکە لە زمانەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا فۆنێمەکانی /tj/ و /dj/ زمانی پیاوان بەرامبەر بە /ts/ و /dz/ی زمانی ژنانە و بە ئاگاییەوە منداڵەکانیان فێردەکەن.[1] لە زمانی (زولو) بە هۆی تابووەوە جیاوازی قسەکردنی ڕەگەزی، سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانەکەیشی گرتۆتەوە، بۆ نموونە ژنان ڕێگەیان پێنادرێت فۆنێمی/z/ بەکاربهێنن، بۆیە ئەو وشانەی کە ئەم فۆنێمەی تێدایە کاتێك لە لایەن ژنانەوە بەکاردێت گۆڕانی فۆنۆلۆجی تێدادەکەن، بۆ نموونە ژنان ئەگەر بیانەوێت وشەی (amanzi) کە بەمانای ئاو دێت بەکاربهێنن، دەبێت وشەکە بەم شێوەیە بگۆڕن (amandabi) و بە هەمان واتا بەکاریدەهێنن.[2] لە یەکێك لە زمانە هندییەکانیشدا، لە هەندێك کەتیگۆری ڕێزمانیدا، پیاوان هەمیشە دەنگی /س/ دەخەنە سەر ئەو فۆرمانەی کە لە لایەن ژنانەوە بەکاردەهێنرێت.[3]

لە هەندێك زماندا جیاوازیی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی لە فەرهەنگی زمانەکەشدا هەیە، کە دوو وشە بەرامبەر یەك واتایە، بە جۆرێك وشەیەکیان بەکارهێنانی تایبەتە بە پیاوان و ئەوی تریان تایبەت بە ژنانە، بۆ نموونە لەناو دانیشتوانی دوورگەی "کاریب"لە ناوچەی ویست ئیندێس (west indies)، ژنان وشەی (kuyu) بۆ باران بەکاردێنن و پیاوانیش وشەی (kunobu) بە هەمان واتا بەکاردەهێنن.[4] لە زمانی سویدی کتێبێك هەیە بۆ ئەو وشە نزمانەی کە ئاڕاستەی پیاوان و ژنان دەکرێت، هەندێکیان لە تێکستەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە کۆکراونەتەوە، بۆ نموونە: (ئەو ژنە ئارەزووبازە)، (ئەو پیاوە ناپیاوە) ، کە لە نوسراوە یاساییەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە بە دەردەکەوێت، تاوەکو ئێستاش بەکاردەهێنرێت.[5] لە هەندێك لە زمانەکاندا ئەم جیاوازییە بە ئەندازەیەکە کە ژنان و پیاوان وشەی فەرهەنگیی جیاواز و دەربڕینی جیاواز و سوود لە شێوازی دەستووری جیاواز وەردەگرن، ئەم جیاوازییانەش لە زمانی ژاپۆنیدا دەبینرێت:[6]

[1] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٠٥-١٠٤)

[2] یحیی مدرسی (١٣٦٨: ٢٠٩)

[3] کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ٣٠)

[4] نرمینه معینیان (١٣٨٨: ٢٣٩)

[5] کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ٣٥)

[6] رابرد لارنس ترسک (١٣٧٨: ١٢٠)

| شێوازی تایبەتی ژنان | شێوازی تایبەتی پیاوان | واتای وشەکە |
| --- | --- | --- |
| Anaka | Hara | گەدە |
| Taberu | Kuv | خواردن |
| Watashi | Boku.ore | بەساڵاچوو،پیر |
| Okasan | Ohukuro | دایک |
| Oishii | Umai | بەچێژ |

هەروەها لە زمانی چیکویتو (chiquito)، کە یەکێکە لە زمانی هندییە سوورپێستەکانی بۆلیڤیا (Bolivia)، ئەگەر ژنێك بیەوێت بڵێت براکەم دەڵێت: (icibausi ) لە کاتێکدا پیاو دەڵێت: (tsaruki).[1] ستیپانۆڤ دەربارەی ژنانی مەنگۆلیا دەڵێت: ((قەدەغەیە ژن خەسوو و خەزوور، لەگەڵ مام و پووریش بە ناوی خۆیانەوە بانگ بکات، بە هەمان شێوە، گۆکردنی هەر وشەیەك، کە لە ناوی ئەوانەوە نزیك بێت، ئەگەر لە حاڵەتێکدا زۆر پێویست و ناچاربێت، کە ناویان بەرێت، دەبێت ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر بۆ بانگ کردنیان، یان هاوواتای ناوەکانیان بەکاربهێنێت، ئەگەر نەبوو ئەوا یەکەم فۆنێمی کۆنسونانتی ناوەکە بگۆڕێت بە فۆنێمێکی تر.))[2] هەروەها زۆرێك لە ئینگلیزی زمانان خۆیان دەڵێن لە کاتی بانگکردن یان ئاماژەکردن بۆ ژنێك وشەی (Woman) بەکارناهێنن، چونکە جۆرێکە لە بێڕێزی نواندن بەرامبەر بە ژن، بەڵام لە بەرامبەردا بە شێوەیەکی ئاسایی وشەی (Man) بۆ پیاو بەکاردەهێنرێت. هەروەها لە بەریتانیا ئاساییە یاریدەدەری دوکاندارێك بە (sales ladies) بانگبکرێت، بەڵام ناتوانرێت بە ( sales gentleman )بانگبکرێت. ( Robin Lakoff) هۆکاری بەکارنەهێنانی وشەی (Woman) لە کاتی بانگکردن و ئاماژەپێکردندا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم وشەیە بارێکی واتایی ناخۆشی هەیە، ژنان لە کۆمەڵدا پلەیەکی نزمیان هەبووە و پیاوانیش باڵادەست بوون.[3] هەروەها پێشی وایە بەکارهێنانی دەستەواژەکان ( it՚s sonot, isn՚t it, Ithink, you know) لە لایەن ژنانەوە لە کۆمەڵی ئینگلیزی زماندا دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕبەخۆنەبوون و ڕاڕایی و نادڵنیایی.[4] لە (Sidamo) کە بە زمانی ئەسیوپی(Ethiopia) قسەدەکەن، وەرگێڕانی وشەی (milk) لای پیاوان ئەبێت بە(ado)، بەڵام هەمان وشە بە هەمان واتاوە لای ژنان ئەبێت بە (gurda). هەروەها لە زمانی پرتوگالیش (in portuguese) وتنی دەستەواژەی ( thank

---

[1] نرمینه معینیان (١٣٨٨: ٢٤٣)

[2] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٢٤)

[3] پیتر ترادگیل ( ١٣٧٦: ١٢٨)

[4] یحیی مدرسی (١٣٦٨: ٢٠٩)

(you) بە پێی ڕەگەزی ئەو کەسەی ئاراستەی دەکەیت دەگۆڕێت، ئەگەر پیاو بوو ئەوە (obrigado) و ئەگەر ژن بوو ئەوە (obrigada) بەکاردەهێنرێت.[1] لە لێکۆڵینەوەیەکیشدا کە لەسەر شێوەزاری نەرویجی ئەنجامدراوە، کاتێك لە ژنێکیان پرسی بۆچی وشەی (egg) بەکاردەهێنێت لە کاتێکدا براکەت بەرامبەر بە هەمان واتا وشەی (aeg) بەکاردەهێنێت، لە وەڵامدا وتیی بۆ ژنان قبوڵکراو نییە کە وشەی (aeg) بەکاربهێنێت.[2] لە زمانی عەرەبی لە ناو کۆمەڵی عێراقیدا هەندێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە ژنان هەیە، وەکو: (حبّاب، فدوه أروحلك، عَفية...هتد)، بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوانە لە لایەن پیاوانەوە قەدەغەکراوە و ئەگەر بەکاریبهێنن دەبێتە هۆی گاڵتەپێکردن و بە کەم زانینیان لە لایەن کۆمەڵەوە، بەو کەسەش دەوترێت ژنانی (نسونجی)، بە هەمان شێوەش هەندێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بە پیاوان هەیە وەکو: (اللّه بلخير، شلونكم شباب ...هتد)، کە جێگەی گاڵتەپێکردنە ئەگەر لە لایەن ژنانەوە بە کاربێت، بەو ژنانەی کە بەکاریدەهێنن دەڵێن پیاوانی (مسترجلة).[3] هەروەها زمانی (میسری)یش، یەکێکی ترە لەو زمانانەی کە جیاوازیی شێوازی ڕەگەزیی لە ئاخاوتندا دەردەکەوێت، کە تیایدا ژن و پیاو لە هەندێك هەڵوێست و بارودۆخی هاوبەشدا، دەربڕینی جیاواز بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنن، بۆ نموونە:[4]

| ژن | پیاو |
|---|---|
| يالهوتي | يادى الداهيه |
| يامصيبتي | يادى المصيبه |

لە زمانی فارسیشدا جیاوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە، بۆ نموونە هەندێك دەستەواژە تایبەتە بە ژنان، لە بەرامبەریشدا هەندێك دەستەواژە تایبەتە بە پیاوان، بەکارهێنانی دەستەواژەکانی تایبەت بە ژنان لە لایەن پیاوانەوە، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو پیاوە بە ژنانی ناوببرێت، لە بەرامبەریشدا بەکارهێنانی دەستەواژە پیاوانەکان لە لایەن ژنانەوە ئەوە ئەو ژنە وەکو ژنێکی ڕەفتار وەك پیاو دادەنرێت. بۆیە ژنان و پیاوانی فارسی زمان، زۆر بە ئاگاییەوە زمانیان بەکاردێنن بە هۆی ئەو جیاوازییەی لە زمانی قسەکردنی ژنان و پیاواندا هەیە، بۆ نموونە پیاوان خۆیان بە دووردەگرن لە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەکو: ((خدا مرگم

---

[1]) George yule (٢٠٠٦:٢٢٣)

[2]) پيتر ترادگيل ( ١٣٧٦: ١١٦-١١٧)

[3]) www.uobabylon.edu.iq

[4]) دلين محمد صالح طيب (٢٠١٠: ١٢)

بده.)) بەواتا (خوا بمکوژێت)، هەروەها ژنانیش دەستەواژەی ((چاکرم)) بەواتا (خزمەتکارتم) بەکارناهێنن.[1] لە زمانی کۆئاساتی (koasati)، کە یەکێکە لە زمانە ڕەسەنەکانی ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای (لوییزیانا) جیاوازییەکان لە ئاستی سینتاکسیشدا هەیە، بۆ نموونە شێوازی ڕێژەی کرداری (داخوازی و هەواڵی) بەستراوەتەوە بە ڕەگەزی قسەکەرەوە، کاتێك ژنان و پیاوان بیانەوێت ڕستەیەکی وەکو: (ئەوە بەرزبکەرەوە.) دەربڕن، پیاوان ڕستەی (lakawho's) بەکاردەهێنن و ژنانیش ڕستەی (lakawhol) بە هەمان مەبەست و واتا بەکاردەهێنن، بەم شێوەیە دەستووری کار بەمەبەستی داخوازی بەند نییە بە کارەکەوە بەڵکو بەندە بە ڕەگەزی قسەکەرەکەوە.[2] لێرەوە دەکرێت بە پشت بەستن بە خستنەڕوو و زانیارییەکانی پێشوو، بڵێن کە جیاوازی ڕەگەزی لە زۆربەی زمانەکاندا دەکرێت هەبێت، بەڵام لە هەندێکیاندا، تەنانەت فەرهەنگی جیاوازیان هەیە و لە هەندێکی تریشیان تەنها شێوازی ئاخاوتنیان جیاوازە.

## 5/1 ) مێژووی توێژینەوە لە زمان و ڕەگەز:

هەرچەندە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بە ڕێژەیەکی جیاواز، جیاوازی لە نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاواندا هەیە، بەڵام مێژووی هەستکردن بە جیاوازی نێوان زمانی قسەکردنی نێر و مێ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، ئەمەش لە وێژەی شوێنەوارناسیدا تێبینی کراوە. مژدەبەرەکان و دۆزەرەوەکان، بە ڕێکەوت گەیشتوونەتە ئەو کۆمەڵانەی، کە هەڵسوکەوتی زمانیان وەهای لێکردوون، کە بە (زمانی پیاوان) و (زمانی ژنان) قسەبکەن.[3] لەو ماوەیەدا توێژینەوە لەم بوارەدا زۆر بە کەمی بایەخی پێدراوە و بە بابەتێکی گرنگیان دانەناوە و تەنانەت لەو توێژینەوانەش کە ئەنجامدراون، هەندێك زمانەوان بە گومانەوە لە کاریگەریی ڕەگەزی قسەکەریان بەسەر زمانەوە ڕوانیوە، بەڵام دوای سەرهەڵدانی زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، زۆر بە فراوانی گرنگی بە بابەتی زمان و ڕەگەز درا و وەکو بابەتێکی گرنگی زمانەوانی کۆمەڵایەتی جێگیرکرا، لەو کاتە بە دواوە چەندین توێژینەوە بە شێوەیەکی زانستی لەم بارەیەوە ئەنجامدران و جیاوازییەکان و هۆکارەکانی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوانیاندا هەیە دەستنیشان کراون و جەختیش لەسەر جۆراوجۆری فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لە شێوازی قسەکردنی ڕەگەزی کراوەتەوە.

---

[1]) یحیی مدرسی (١٣٦٨: ٢٠٣)

[2]) نرمینه معینیان (١٣٨٨: ٢٤٠)

[3]) شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٢٢)

له سەرەتادا ڕەگەز شان بەشانی تەمەن و نەژاد و چین یان پێگەی کۆمەڵایەتی...هتد، وەکو یەکێك لەو شێوازە جیاوازانەی قسەکردن دادەنرا، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات، بەڵام دواتر لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت، کە ڕەگەز پڕ بایەخترە و ڕوونکردنەوەکانیشی ئاڵۆزترە و کاریگەریشی زیاترە لە سەر زمان لە چاو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر، ئەمەش دۆزینەوەیەك بوو کە زۆرێك لە توێژەران بە دوو دڵییەوە بڕوایان پێدەهێنا.[1] بەڵام دوای ئەوەی ( Robin Lakoff) لە ساڵی ١٩٧٥ توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (Language and women's place ) بڵاوکردەوە، ئەم توێژینەوەیە بووە سەرەتایەك بۆ زیاتر بایەخدان بە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕەگەز، هەرچەند توێژینەوەکە سەرەتا وەکو توێژینەوەیەکی فیمینیستی پەتی سەیردەکرا.[2] ئەم توێژینەوە ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، لەبەرئەوەی لەوانەیە لە پێشەنگی ئەو هەوڵانە بووبێت، کە بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی زمانی بەکارهێنراوی ئافرەتان درابێت و ڕوونکردنەوەشی لەم بوارەدا دابێت، ئەگەرچی ڕوونکردنەوەکانیش گشتی و ڕووکەش بوون. Lakoff نەست و بیرکردنەوەکانی خۆی لە بارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی هەندێك ئامرازی زمانی لە لایەن ئافرەتانی چینی ناوەڕاستەوە بەکاردەهێنێت، هەروەها وای دەخەملێنێت، کە بۆ نموونە زمانی ژنان زیاتر گوماناوی و ڕێزدارانەترە تاکو زمانی پیاوان، ئەمەش لە زمانی بەکارهێنراویاندا دیارە.[3] پاشانیش( Deborah Tannen ) چەند توێژینەوەیەکی لەم بوارەدا ئەنجامدا، لە ساڵی ١٩٩٠ لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی (You Just Don't Understand .Woman and men in conversation) تیشکی خستە سەر بابەتی زمان و ڕەگەز، سەرەتا وەك قوتابییەکی Lakoff دەستی پێکرد، کارەکانی توێژینەوە بوو سەبارەت بە جیاوازییە زمانییەکانی نێوان ژنان و پیاوان. جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەکرێ زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە لە سروشتی ئەو پەیوەندیی و جیاوازییانە تێبگەین، کە لە گفتوگۆی نێوان ژنان و پیاواندا هەستی پێدەکرێت، هەروەها پێشی وایە جیاوازییەکان زیاتر جیاوازی گفتوگۆیین و زۆر لەم جیاوازییانەش لەوەوە پەرەدەسێنێت، کە کوڕان و کچان لە دوو کەلتووری جیاوازەوە گەشەدەکەن.[4] دوابەدوای ئەمیش( Deborah Cameron )چەند توێژینەوەیەکی لەبارەی زمان و ڕەگەزەوە ئەنجامدا، لە توێژینەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٩٢ بە ناوی (What makes Linguistics feminist?) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جیاوازییە

---

[1]) کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ١٢)

[2]) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

[3]) کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ١٨)

[4]) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

ڕەگەزییەکان لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی زمانی ژنان بەرامبەر بە زمانی پیاوان، یان توانا و باڵادەستی پیاوان و هەژموونی بەسەر زمانی ژنانەوە، هەروەها پێیشی وایە ژنان و پیاوان سەر بە دوو کەلتووری جیاوازن، بۆیە زمانی قسەکردنیان جیاوازە.[1] ئیتر لەو ماوەیە بە دواوە و دوای ئەوەی گرنگی بابەتی زمان و ڕەگەز بە گرنگ زانرا، بە هۆی ئەو کاریگەرییەی لەسەر زمان هەیەتی، بووە هۆی ئەوەی چەندین توێژینەوە لە لایەن زمانەوانەکانەوە ئەنجامبدرێت، لەوانە: (ساپیر، جیمز و کلارك، رومابن، وارداف، براگین، ترادگیل، بارون، ئارلیس، میلز، گوردن، وێست و زیمەرمان، فریمان و مەك ئیلینی ...هتد).[2] هەروەها دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین، هەرچەندە وا دادەنرێت کە توێژینەوە لە زمان و ڕەگەز بە شێوەیەکی زانستی لە ناوەڕاستی ١٩٧٠ وە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام کارکردن لەم بوارەدا لە مێژە لە وڵاتانی باکووری ئەوروپا هەبووە. نووسینەکانی هەریەکە لە ئوتو جەسپێرسن (Otto Jespersen)ی دانیمارکی بەناوی (The Woman) لە ساڵی ١٩٢٢ و لیز جاکۆبسن( Lis Jacobsen ) بە ناوی (Kvinde og Mand En sprogstudie fra dansk middelader) لە ساڵی ١٩١٢ و گوستاڤ سێدەرچیولد (Gustav Cederschiöld ) بە ناوی (om kvinnospråk) لە ساڵی ١٩٠٠، بە پێی ئەو تیۆرانەی کە دیبۆرا کامیرۆن توێژینەوەکانی زمان و ڕەگەزی پێ پۆلێن کردووە، دەکرێت (ئۆتو جەسپێرسن) بخرێتە تیۆری کەم و کورتییەوە، لەبەرئەوەی پێی وایە زمانی ئافرەتان هەڵەیە. هەروەها دەتوانین (لیز جاکۆبسن) وەکو نوێنەری کۆنی گریمانەی باڵادەستی ببینین، چونکە پێی وایە زمانی پیاوان بەسەر زمانی ئافرەتانەوە باڵادەستە، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەتان بە گوێرەی پەیوەندییان بە پیاوانەوە باسکراون و بە خەسڵەت کراون، بەڵام پیاوان بە گوێرەی پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە بە خەسڵەتکراون. هەروەها دەکرێت (گوستاڤ سێدەر چیولد) وەکو لایەنگرێکی کۆنی تیۆری جیاوازی تەماشابکرێت، چونکە ئافرەتان و پیاوان وەك تەواوکەری یەکتر دەبینێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمانی ئافرەتان هەمان بایەخ و قورسایی زمانی پیاوانی هەیە.[3]

---

[1]) کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ١٦)

[2]) www.zabanshenasi.org

[3]) کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ١٥-١٧)

## ٦/١) تیۆرییەکانی زمان و ڕەگەز*:

ئەو توێژینەوانەی لەسەر زمان و ڕەگەز کراون، بەسەر چەند تیۆرێکدا دابەشکراون، ئەم تیۆرانەش تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵن و بەناویەکداچوون، هەریەکەیان جیاوازییەکانی شێوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاوان بۆ هۆکارێك دەگەڕێنێتەوە:

### ٦/١-١) تیۆری کەموکورتی Deficit Theory:

ئەم تیۆرە ئاماژە بۆ زمانێکی پڕ لە کەموکوڕی ژنان دەکات بەرامبەر بە باڵا دەستی زمانی پیاوان، کە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی نزمی پلەی ژنانە لەڕووی سیاسی و کلتورییەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی نێوانیان.[١] Lakoff ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بە کەم سەیرکردنی ژنان لە کۆمەڵدا و وەرگرتنی پلەیەکی کۆمەلایەتی نزم هەمبەر بە پیاوان، بۆتە هۆکاری دروستبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوانیاندا، بە جۆرێك کە ئەو زمانەی ژنان بەکاریدەهێنن بە زمانێکی بێ هیز و پڕ لە کەموکوڕی دابنرێت، هەروەها پێشی وایە، کە زمانی ژنان ناتەواوە و کەموکووڕی هەیە لەڕووی بەکارهێنانی وشەی سادە و ناسەرەکییەوە، هەروەها دوودڵی و ڕاڕایی لە دەربرینەکانیاندا، بە شێوەیەك کە کاریگەریی ژنان لە پێگەی دەسەڵات و هێز دووردەخاتەوە.[٢]

Lakoff بوونی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لە زمانی قسەکردنی ژناندا بە هۆکار داناوە بۆ ئەوەی کە زمانی ژنان لە زمانی پیاوان جیاواز بێت:[٣]

١. بوونی فەرهەنگێکی وشەی تایبەت بە خۆیان، بۆ نموونە ژنان ژمارەیەکی زۆر وشەیان بۆ ڕەنگەکان هەیە، بە پێچەوانەشەوە پیاوان وشەی تایبەت بە وەرزشیان زیاترە.
٢. بەکارهێنانی کلکە پرسیار لەلایەن ژنانەوە .
٣. خۆ بە دوورگرتن لە وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ، واتا ناڕوونی لە وەڵامدانەوەدا.
٤. بەکارهێنانی وشەی بەهێزکەر(دوپاتکەرەوە).

---

* چەند تیۆرێکی تاڕادەیەك تێکەڵاو دەربارەی زمان و ڕەگەز سەری هەڵداوە، بۆ نموونە دیبۆرا کامیرۆن توێژینەوەکانی زمان و ڕەگەزی بەسەر سێ تیۆردا دابەشکردووە، کە ئەمانەن: ١-تیۆری کەموکوڕی. ٢- تیۆری باڵادەستی . ٣- تیۆری جیاوازی. بڕوانە: کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ١٦)

لەسایتی http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

تیۆرەکانی زمان و ڕەگەزی بەم جۆرە دیاری کردووە: ١- تیۆرەکانی کەم و کورتی و باڵادەستی . ٢- تیۆری جیاوازی . ٣-تیۆری بونیادگەری کۆمەڵایەتی.( Rebecca Norman ) تیۆرەکانی زمان و ڕەگەزی دابەشکردووە بۆ: ١- تیۆری باڵا دەستی .٢- تیۆرەکانی زگماکی (بایلۆژی). بڕوانە: Rebecca Norman (٢٠٠٦ : ٨-٧)

١) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

٢) Robin Lakoff (١٩٧٥: ٤٣)

٣) Rebecca Norman (٢٠٠٦:٧)

٥. زیاد لە پێویست پابەندبوون بە ڕێزمانەوە.
٦. بەکارهێنانی شێوازی فەرمی لە قسەکردندا.
٧. ژنان کەمتر نوکتە دەڵێن و کەمتر لە مەبەستەکەی تێدەگەن.

هەروەها جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ژنان کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی زمانی بەکاردەهێنن، کە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەن بۆ دوودڵی و ڕاڕایی و نادڵنیایی لە کاتی گفتوگۆکردندا، ئەم تایبەتمەندییانەش وەها لە ژنان دەکەن نەتوانن بە شێوەیەکی بەهێز گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن. هەروەها پێویست نەبوونی قسەی ژنانیش دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری نایەکسانی کۆمەڵایەتی نێوان ژنان و پیاوان بە جۆرێك ئەو شێوازەی ژنان قسەی پێدەکەن گوزارشت لە نەبوونی دەسەڵاتیان لە کۆمەڵدا دەکات.[١] لاوازی و ناسەقامگیری پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان لە چاو پیاوان لە کۆمەڵدا، کاردانەوەی دەبێت لەسەر جیاوازی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، گرنگترین ئەو جیاوازیانەش بریتیین لەوەی کە ژنان زیاتر پرسیار دەکەن و گومان و دوودڵی و پارێزگاریکردن لە خۆیان لە گفتوگۆکانیاندا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا پیاوان کێبڕکێ و ڕۆڵی بالادەستی و توندوتیژی نواندن لە گفتوگۆکانیاندا دیارە.[٢] ئەگەر چی زۆرێك لەم بوارانە لە زۆر کۆمەڵدا بەدی دەکرێت، بەڵام ناکرێت بوترێت خودی ئەم پێوەرانە تۆکمەن و ڕەهان و لە هەموو کۆمەڵەکاندا وەك یەکن، چونکە هەر کۆمەڵە و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

## ٦/١-٢) تیۆری بالا دەستی Dominance Theory:

ئەم تیۆرە لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە توانا و بالادەستی پیاوان بە سەر ئافرەتانەوە بە گەلێك شێوە لە زماندا ڕەنگدەداتەوە.[٣] Zimmermann&West جەختیان لەسەر بالا دەستی قسەکەری نێر کردووەتەوە و تایبەتمەندیی قسە پێبڕین و بێدەنگییان بۆ بۆچوونەکەی Lakoff زیادکردووە، پێیان وایە قسە پێبڕین تەکنیکێکە بەکاردەهێنرێت بۆ بێدەنگکردن و پیادەکردنی دەسەلات و بالا دەستی لە گفتوگۆدا، باسی ئەوەش دەکەن، کە پیاوان زیاد لە پێویست قسە بە ژنان دەبڕن.[٤] هەروەها Einarsson&Hultman ئەوە نیشان دەدەن کە لە زۆربەی وڵاتاندا دەرکەوتووە کە لە قوتابخانەکاندا کوڕان نزیکەی دوو لە سەر سێی ئەو کاتەی کە لە پۆلەکاندان ڕێگەیان پێدراوە قسەبکەن، بەڵام کچان یەك لەسەر سێ

---

[١]) Robin Lakoff (١٩٧٥: ٧)
[٢]) www.zabanshensi.org
[٣]) کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ١٦)
[٤]) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

قسەدەکەن. هەروەها کوڕان پرسیاری زیاتریان لێدەکرێت و بایەخی زیاتریان پێدەدرێت، بە پێچەوانەوە کچان دەبێت خۆیان فێربکەن و زۆربەی ئەو شتانەی کە کچان دەیڵێن بۆچوونی سادە و بێ بایەخن و وا باشترە بۆیان، کە بێدەنگ بن و چاوەڕێ بکەن تاوەکو پرسیاریان لێدەکرێت، ئەنجا قسە بکەن، ئەمەش پشت بەو بیرکردنەوانەی کۆمەڵ دەبەستێت، کە دەبێت ئافرەتان بێدەنگ بن و لە چالاکییە فەرمییەکاندا بەشدار نەبن.[1] هۆکاری جیاوازی کۆمەڵایەتیی نێوان کوڕان و کچان بە هۆکاری ئەم نایەکسانییە دادەنرێت، کورتکردنەوەی جوڵەی کچان لە ماڵدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کچان دوور بن لە کێبرکێکردن بۆ بەدەستهێنانی پێگەی خۆیان، ئەمەش بە میراتی ئەو کلتوورە دادەنرێت، کە بۆیان بە جێماوە. لە کاتێکدا کوڕان دەتوانن بە ئازادی لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە و تێکەڵی کۆمەڵ بن، بۆیە فێری ڕەفتاری کێبرکێ و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پلەی باڵادەستی دەبن لە ژیاندا.[2] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە کۆمەڵ بۆ ژنان هەیەتی و باڵادەستی پیاوان بەسەر ژناندا لە ژیاندا، کە هۆکاری ئەوەن قسەی ژنان بە کەم بایەخ و بۆچوونەکانییان بە بێ واتا سەیربکرێت، ئەگەرنا ئەگەر بەیەکسانی ماوە بە ژنان بدرێت، ئەوا وەك پیاوان جیاوازییان نییە لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان با بە شێوازی تایبەتی خۆیشیان بێت، واتە ڕەگەز هۆکار نییە بۆ بە هێزی و بێهێزی بیروبۆچوونەکان. ئەم بۆچوونانەش هەر لە منداڵییەوە بەسەر کچاندا دەسەپێنرێت و سنوریان بۆ دادەنرێت، بە هەمان شێوەش کوڕانیش هەر لە منداڵییەوە فێری لاسایکردنەوەی پیاوان دەکرێت، چونکە کچان بە منداڵی حەز بە لاسایکردنەوەی دایکیان دەکەنەوە لەڕێگەی یارییە منداڵانەکانیان، وەکو: (منداڵ بە خێوکردن و چێشتلێنان ...هتد)، دایکانیش کچەکان فێردەکەن کە بەو شێوەیەی خۆیان پەروەردەیان بکەن بۆ ئەوەی ئەو سنوورانە نەبەزێنن، کە بۆ ژنان دیاریکراوە، چونکە لە داهاتوودا هەرلادانێك دەبێتە هۆی سزادانیان لە لایەن کۆمەڵەوە. کوڕانیش بە هەمان شێوە لاسایی باوکیان واتە ڕەگەزی نێرینە دەکەنەوە بەگشتی، هەر لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و بەکارهێنانی چەکی منالأنە و جۆرە کارو پیشەیەك کە لە سنورو دەورووبەری ماڵدا دەکرێت.

Don Zimmerman and Candace West پێویست نەبوون و کەم بایەخی قسەی ژنان دەگەڕێننەوە بۆ هەڵسوکەوتی زۆردارانەی پیاوان و پچڕاندنی قسەی ژنان و پێشێلکردنی نۆبەی قسەکردنیان لە کاتی گفتوگۆکردندا، تەنانەت پیاوان نکۆڵی مافی یەکسانی ژنان دەکەن وەك هاوبەشیان لە کاتی گفتوگۆکردندا، ئەم کارەشیان وا دەکات زیاتر بە لای پێگەی باڵادەستیدا بشکێتەوە پیاوان بە خاوەنی ئەم پێگە دابنرێت، چونکە پیاوان زیاتر چێژ لە

[1] کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩: ٢١)

[2] www.zabanshensi.org

بەهێزی و باڵادەستی دەبینن لە کاتی گفتوگۆکردندا.[١] بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەکرێت بوترێت، هێز و دەسەڵات زۆرتر لای پیاو خۆی دەخاتەڕوو، هەربۆیە بەزۆری لە ئەرك و کاردا لە ڕەفتاری زمانی و نازمانیدا، ڕەگەزی نێرینە هەوڵدەدات هەردەم لەبەرامبەر بێ هێزی ڕەگەزە تەواوکەرەکەیدا خۆی بنوێنێت و دەسەڵاتی بەسەردا بسەپێنێت.

## ٣-٦/١) **تیۆری جیاوازی** Difference Theory:

ئەم تیۆرە سەرەتا وەکو کاردانەوەیەك دژی تیۆرییەکانی کەموکوڕی و باڵادەستی Lakoff هاتەکایەوە، لە بنەڕەتدا ئەو توێژینەوانەی کەسەر بەم تیۆرەن بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە هۆکاری شێوازی جیاوازی بەکارهێنانی زمان لەلایەن پیاوان و ژنانەوە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی کەلتووری لە نێوانیاندا، واتە ژنان و پیاوان لە کۆمەڵدا هەریەکەیان سەربە کەلتوورێکی جیاوازی تایبەت بە خۆیانن، ئەمەش بە هۆی جیاوازی نێوانیانەوەیە لەڕووی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە،[٢] کە ئەمە لە هەموو کۆمەڵەکاندا دەکرێت بەو شێوەیە بوترێت.

Tannen جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جیاوازی لە نێوان زمانی ژنان و پیاواندا هەیە، جیاوازییەکانیش زیاتر لە کاتی قسەکردندا بە دیاردەکەون، واتە جیاوازی گفتوگۆین. ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە کوڕان و کچان لە دوو کەلتوری تا ڕادەیەك جیاوازدا گەشە دەکەن.[٣] هۆکارێکی تر بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان ژنان و پیاوان، هێزی کۆمەڵایەتییە، بەمپێیە بەرزی پلەی پیاوان لە دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکایاندا دەبێتە هۆی باڵا دەستییان لە پەیوەندییەکاندا، ئەندامە بێدەسەڵاتەکانی کۆمەڵیش دەبێت زۆر زیاتر ڕێز بنوێنن، بەمەش لەو کۆمەڵانەی کە ژنان ئەندامی بێدەسەڵاتن، قسەکانیان توخم(ئێلمێنت)ی زمانی دەربڕیی ڕێزی زۆرتر تێدایە.[٤] واتە زۆرتر کەرەستەکانیان بەشێوەی ڕێزدارانە دەردەبڕن، یان پەنا بۆ ئەو کەرەستانە دەبەن کە لەو دەوروبەردا ڕێز نیشان دەدەن.

ئەوانەی پشتگیریی تیۆری جیاوازی کەلتووری(دوو کەلتووری)ن، بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە جیاوازی کلتوری نێوان ژنان و پیاوان لە منداڵیەوە دەست پێدەکات، کاتێك کوڕان و کچان ئارەزووی یاریکردن دەکەن لە گروپی جیاوازدا و بە ڕێسای جیاواز یاریدەکەن. کچان بە زۆری لە گروپی بچووکی هاریکاریدا یاری دەکەن، بەڵام کوڕان لە گروپی گەورە و پلەبەندیدا یاری دەکەن و پێشبڕکێ دەکەن، بۆیە پیاوان لە کاتی گفتوگۆکردندا پشت بە پێشبڕکێ دەبەستن، لە کاتێکدا ژنان شێوازی گفتوگۆی هاریکارییان هەیە. هەروەها پێیان وایە، کە

---

[١]) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

[٢])سەرچاوەی پێشوو.

[٣]) Debora Tannen (١٩٩١:١٨)

[٤]) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە زماندا بە هەمان ئەو شێوازانە دروست دەبن، کە جیاوازییە هەرێمی (جوگرافی) و کۆمەڵایەتییەکانی لە بەکارهێنانی زماندا پێ دروست دەبێت، کە ئەوانیش جیاوازی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتیین.[1] هەربۆیە دەبینین لەگەڵ بوونی بیروڕای جیاواز هەوڵی زۆرتریان بۆ پشتڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆیانە، نەك بەردەوامیدان بە پەیوەندیی و گفتوگۆ.

## ٤-٦/١) تیۆری زگماکی(بایۆلۆجی) Genetic Theory:

ئەم تیۆرە جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان پیاوان و ژنان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە بایۆلۆجیانەی کە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەن و کاریگەریی لەسەر قسەکردن هەیە. ژن و پیاو لە ڕووی بایۆلۆجییەوە بۆ یەك جۆر دەگەڕێنەوە، بەڵام جیاوازن لە بیرکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی ژیان و هەست و ڕەوشت و ...هتد، هەروەها ئامانجی جیاوازیشیان هەیە، ئەگەرچی لە یەك کۆمەڵدا لە یەك خێزاندا پێکەوە دەژین. زۆرجار دەوترێت ((جیاوازی پێکهاتەی مێشکی ژن و پیاو بە یەکێك لە هۆکارەکانی جیاوازی شێوازی قسەکردن دادەنرێت لە نێوانیاندا، دەگوترێت منداڵ نێر بێت یان مێ، کە لە دایك دەبن مێشکیان بە شێوەی جیاواز و ڕێژەی جیاواز گەشەدەکات. مێشکی پیاو لاسەنگە، چونکە نیوەی ڕاستی مێشکیان گەورەترە لە نیوەی چەپیان، هەروەها مادەی سپی زیاتری تێدایە لە ماددەی بۆر، بە پێچەوانەوە مێشکی ژنان بچوکترە و ماددەی بۆری زیاتر تێدایە.))[2] هەروەها کێشی مێشکی ژن و پیاو جیاوازە بە جۆرێك کە کێشی مێشکی مرۆڤ نزیکەی ١٣٠٠-١٤٠٠ گرام دەبێت، کێشی مێشکی پیاو ١٠٠ گرامی لە کێشی مێشکی ژن زیاترە.[3] هەرچەندە کە کێشی مێشکی پیاو لە ژن زیاترە، بەڵام ((لە ساڵی ١٩٩٧دا ژنە زانایەکی دانیمارکی لەبەشی دەمارەکانی نەخۆشخانەی کۆبنهاگن، سەلماندی کە زیرەکی ژن بە ڕێژەی ٣٪ لە زیرەکی پیاو زیاترە لەگەڵ ئەوەی پیاو نزیکەی چوار ملیار دەمارە خانەی لە ژن زیاترە.))[4] هەروەها هەردوو بەشەکەی مێشکیش فەرمانیان جیاوازە، نیوەی چەپ بەرپرسی بیرکردنەوەی ئاوەزییە: لۆژیك، ڕاستی و دروستی، گەیشتنە ئەنجام، شیکاری، قسەکردن. هەرچی نیوەی ڕاستیشە بەندە بە هەست و سۆز و بەزەییەوە وەك: زانیاریی بینایی، درك پێکردنی هەستی، پەیبردن، ئەندێشە، داهێنان. زاناکان بۆیان دەرکەوت نیوەی چەپ لە پیاودا زۆرتر گەشەی کردووە لە کاتێکدا لە ژندا

---

[1] http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

[2] Rebecca Norman (٢٠٠٦:١٠-١١)

[3] د.ئیبراهیم طاهیر معروف الرباتی (٢٠٠٩: ٤٠)

[4] ئەلین ویلر (٢٠٠٨: ١٦٤)

هەردوو نیوەکەی یەکسان گەشەیان کردووە و چونیەکن، هەروەها ئەوەشیان بۆ دەرکەوتووە، کە جێگەی تواناکان لە نێوان مێشکی پیاو و ژندا جیاوازە بۆ نموونە، قسە: لە مێشکی پیاودا تەنها لە نیوەی چەپدا کۆدەبێتەوە، لە کاتێکدا لە ژندا لە هەردوو نیوەی مێشکیدا کۆدەبێتەوە.[١] بە هۆی ئەم هۆکارەوەیە کە مێینە پێش نێرینە جوانتر فێری قسەکردن دەبێت، بەردەوام مێینە لە هونەرەکانی زماندا لە پێشەنگدایە وەك حینجەکردن و دانانی خاڵ و فاریزە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکان.[٢] هەروەها ((توانای جنسی مێ لە خەزنکردن و پاراستن و کۆکردنەوەی هەموو زانیارییەکان، کە پەیوەندیی بە تێکڕای ئەنسترۆمێنتی زمانەوە هەیە لە توانایی نێرینە زیاترە.))[٣] کەواتە دەکرێت بوترێت جیاوازی توانای بایۆلۆجی و پێکهاتەی بایۆلۆجی لە جیاوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاواندا بێ ڕۆڵ نابێت.

ئەو پیاوەی نیوە مێشکی چەپی تووشی زیان ببێت وای لێدێت، کە لە قسەکردندا نیمچە بێ توانا ببێت، لە کاتێکدا ژن لە هەمان بارودۆخدا توانای قسەکردنی هەر دەمێنێت و بەلای کەمەوە پارێزگاری لە بەشێك لە وشەکانی دەکات.[٤] هەروەها زاناکان ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە ژمارەی ئەو ڕیشاڵانەی کە هەردوو بەشی مێشك پیکەوە گرێ دەدات لە پیاواندا ژمارەیان کەمترە بە بەراورد بە ژنان، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی پەیوەندییەکاندا، چونکە ڕەوتی زانیارییەکان لە نێوان بەشێکی مێشك لەگەڵ بەشەکەی تریدا سنووردارە، هەرلەبەر ئەم هۆیەیە، کە ژنان باشتر دەتوانن هەستەکانی خۆیان لە چوارچێوەی وشەکاندا دەربڕن،[٥] چونکە ((زەقترین و لە بەرچاوترین نیشانەی تایبەتی زمان، نەرمیی و لە بارییەتی بۆ شکاندنەوە و گونجاندن و بەکارهێنانی فرە لایەنییەتی. ئێمە دەتوانین زمان بەکارببەین بۆ ئەوەی هەستەکانمان دەرببڕین و بۆ ئەوەی ڕەفتارو مامەڵەو کردەوەمان لەگەڵ کەسان و مرۆڤەکانی دەوروبەرمان ڕێکبخەین، تاوەکو گفت و پەیمان بدەین و پرسیار بکەین ڕوونکردنەوەکانمان بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی خۆمان بە ڕابردووەوە ببەستینەوە و خۆمان بە ڕانەبردوو و داهاتووەوە گرێبدەین.))[٦] ئەو هۆکارە بایۆلۆجییانە ڕەنگە وەڵام بن بۆ پرسیارێك، کە دەکرێت سەبارەت بەوەی بۆچی ژنان توانای قسەکردنیان باشترە لە پیاوان و لە کاتێکدا پیاوان لە کارە تایبەتییەکاندا لە ژنان باشترن.[٧] لەبەرئەوە مامەڵەکردن لەگەڵ بواری بایۆلۆجی

---

[١]) ئەلین ویلر (٢٠٠٨: ١٦٣-١٦٤)

[٢]) د.ئیبراهیم تاهیر معروف الرباتی (٢٠٠٩: ٤٠)

[٣]) د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

[٤]) ئەلین ویلر (٢٠٠٨: ١٦٣-١٦٤)

[٥]) www.teban.net

[٦]) محەمەدیی مەحویی (٢٠٠١: ٣٤)

[٧]) www.womens healthre search.org

پەیوەند بە زمان ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی تا لە ڕاستیی جیاوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو نزیکتربینەوە.

## ٦/١-٥) تیۆری بونیادگەریی کۆمەڵایەتی Social Constructivist Theory:

هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ سنوورداری تیۆرەکانی جیاوازی و باڵادەستی. بۆیە هەست بەوە کرا دەبێت سەر لە نویٚ بیر لە داڕشتنەوەی تیۆرەکانی زمان و ڕەگەز بکرێتەوە، بەئاڕاستەی تێگەیشتنی ڕەگەز وەك هۆکارێکی بنچینەیی لە دروستکردنی پەیوەندییە(شوناسە) کۆمەڵایەتییەکاندا. بە پێی ئەم تیۆرە پێویستە لە ناساندنی جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوانەوە بەرەو ئەو نموونانە بڕۆین لە قسەی ژنان و پیاواندا، کە جیاوازی و لێکچوونیان تێدایە، ئەمەش وا دەکات، کە توێژینەوەکان لە کایەی بەکارهێنانی زمانەوە بۆ تێگەیشتنی چۆن و کەی بەکارهێنانی زمان ببات، کە جیاوازییەکانی ڕەگەز لە کەتیگۆرییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکدەهێنن.[١] Deborah Cameron ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەبێت ئەو زمانەوانانەی بایەخ بە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی زمان و ڕەگەز دەدەن، پێویستە لەو دیوەی هەڵبژاردە لێکسیکییەکان بڕوانن و ئەوە لێکبدەنەوە، کە کێ وەکو ئەنجامدەر و بۆ کێ و لە ژێر چ بارودۆخێکدا و لەگەڵ چی دەرئەنجامێکدا و چی پێشکەش بکەن.[٢] کەواتە لە تیۆرەوە و بە گۆڕینی ئاڕاستەی لێکۆڵینەوە و بەسەنتەرکردنی بابەت (زمان و ڕەگەز) دەکرێت پەی بە جیاوازییەکانی نێوان دوو ڕەگەز ببرێت و کارتێکردنیان لە بازنە و دەوروبەرەکاندا زیاتر نیشان بدرێت.

## ٧/١) ئەو هۆکارانەی جیاوازیی ڕەگەزیی لە زماندا کەم دەکەنەوە:

چەند هۆکارێك دەبنە هۆیی کزبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان نێر و مێدا، کە ئەمانەن:

### ٧/١-١) یەکسانیی ماف و ڕۆڵ و پێگە:

کۆمەڵ ڕۆڵی جیاوازی بۆ هەریەکە لە ژنان و پیاوان داناوە، ئەم ڕۆڵەش لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵدا دەگۆڕێت و تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیەش ئاگایی تەواویان لەسەر ئەو گۆڕانانە هەیە. هەتاوەکو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو لە کۆمەڵدا جیاوازتر بێت، ڕەفتاری جیاوازیان دەبێت، ئەم ڕەفتارانەش بە زمان دەردەبڕێن، بۆیە لەگەڵیاندا دەربڕینە

---

[١]) http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq

[٢]) سەرچاوەی پێشوو.

زمانییەکانیش جیاواز دەبن[1] بەپێچەوانەشەوە، هەتاوەکو جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو میللەتاندا گەشەبسێنێت و پەرەبسێنێت و پێشبکەوێت، ئەو جیاوازییەی کەوا لە نێوان شێوازیی قسەکردنی مێینە و نێرینەدا هەیە بەرەو کزی دەڕوات، جاری وا هەیە لەو زمانانەی کە زۆر پێشکەوتوون وەکو زمانی (ئینگلیزی و ڕووسی ...هتد)، هەست بەو شێوازە ناکرێت، وەکو ئەوەی لە زمانێکی تر هەستی پێدەکرێت، وەکو ئەو زمانانەی هەڵی نووسین و بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخساوە.[2] کەواتە شێوازی قسەکردن دەگەڕێتەوە بۆ جۆری کۆمەڵ، جێی شارستانێتی ئەو کۆمەڵەیە و لەچی قۆناغێکی شارستانیدایە، لە کۆمەڵگایەکدا یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا نەبێت، ئەوە هەریەکەیان دەربڕینی تایبەت بەخۆیان دەبێت.[3] بۆیە ئەو نەخشە و پیلانە قسەییانەی کە ئافرەت لە قسەکردنیدا بە کاری دێنێت و کەڵکی لێ وەردەگرێت، تا ئافرەت سەربەستی زیاتری بێ و مافی بڕیاردانی زۆرتربێت لە کۆمەڵدا، کەمتر پێویستی بەم نەخشە دانانە بێ ئاگاییانە دەبێ و زۆرتر شێوازی قسەکردنی بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازی و پڕاگماتیکدا لە شێوازی پیاو نزیك دەبێتەوە. هەر لەبەرئەمەشە لە کۆمەڵی ئێمەدا (کۆمەڵی کوردەواری) ئافرەت بە تایبەتی ئەوانەی کە سەربەخۆیی ئابوورییان نییە کەم و زۆر خۆیان لە بڕیاری گرنگ دووردەخەنەوە و هەمووی بۆ پیاو بە جێدەهێڵن، چونکە ئەگەر لە بڕیارەکە بەشدارنەبن ئەوا لێپرسراو نابن لە بەرامبەریدا، بێگومان ئەم خۆدوورخستنەوەیە لە بڕیاردان یان ئەم دوورەپەرێزییە شتێکی زۆر ئاساییە لە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتدا ڕەنگی دابێتەوە.[4] بۆ نموونە لە ڕۆژئاوا خەڵکی هەستەکانی خۆی بەرامبەر ژنان گۆڕی و ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانانە بوو، کە هەموو کایەکانی ژیانی ڕۆژئاواییەکانی گرتەوە، ئەم گۆڕانکارییانەش کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لەسەر جیاوازیی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاوان، لە ئێستادا ئەم جیاوازییانە کەمتر دەردەکەوێت و زیاتر لای کەسە بەتەمەنەکان ماون، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵی ڕۆژئاوابوونەوە. هەروەها سەرهەڵدانی ڕێکخراو و گروپە فیمینیستییەکان، کە هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی دەدەن.[5] لەبەرئەوە دەکرێت نزیکبوونەوەی ئەرك و کاری ژن، پێگەی کۆمەڵایەتی ژنی تاڕادەیەك لە پیاو نزیك کردبێتەوە، هەر بۆیە ئەمەش ڕێگە خۆشکەربووە بۆ ئەوەی ژن خاوەنی بیروڕای جیاواز و قسە و باسی خۆی بێت، کە ئەمەش دواجار کاردەکاتە سەر چەندێتی و جۆری شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی لە ئاخاوتنەکاندا.

---

[1] یحیی مدرسی (١٣٦٨: ٢١١)

[2] د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

[3] د.بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/٢٦.

[4] د.محەمەد معروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٤)

[5] پتر ترادگیل (١٣٧٤: ١٢٦)

## ٢-٧/١ )خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری:

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی جیاوازی لە شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی، ئاستی خوێندەوارییە، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیش ئەوەیان دەرخستووە، کە هەرچەندە جیاوازیی نێوان هەلی خوێندن بۆ کچان و کوڕان زیاتر بێت، جیاوازییەکانی قسەکردنی نێوان ژنان و پیاوانیش کەمتردەبێتەوە.[١] ئەمەش بەهۆی تێکلاّبوونیان لەگەڵ یەکتر و نزیکبوونەوەی بیروبۆچوونەکانیان و تێڕوانینیان بۆ ژیان، بۆیە زیاتر دەربڕینە هاوبەشەکانی نێوانیان بەکاردەهێنن.

بۆ نموونە ((لە کۆمەڵی کوردیدا بەهۆی خوێندەوارییەوە، کچانی ئێستا بە دەربڕینی جیاواز لە کچان و ژنانی ئەوسا چاکوچۆنی دەکەن، کە دەربڕینەکانی وەکو: (ڕۆژباش، چۆنی، سلاّو، چاکی...هتد بەکاردەهێنن، بەلاّم ژنانی ئەوسا دەربڕینەکانی وەکو: (کوڕت نەمرێ، بەدایکی کوڕان بی، جەرگت نەسووتێ...هتد)یان بەکاردەهێنا.))[٢] جیاوازییەکان بەزۆری لە زمانی ئاخاوتندایە و زۆر بە کەمی لە زمانی نووسیندا ڕەنگدەداتەوە، تەنانەت زۆر جار لە کاتی خوێندنەوەی بابەتێك بیر لەوە ناکرێتەوە کە ئایا نووسەر ژنە یان پیاو، سەرەڕای ئەمەش لە هەندێك کۆمەڵدا ((هەڵسەنگاندنەکانی خوێنەران بۆ تێکستێك جیاوازدەبێت، ئەگەر تێکستەکە لەلایەن پیاوێك یان ئافرەتێکەوە نووسرابێت.))[٣] ئەمەش پەیوەستە بە بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە بۆ ژنان نەوەك تێکستەکە. بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێکی ژن و نووسەرێکی پیاو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بنووسن، خوێنەر لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکات، تەنانەت ئەگەر بابەتێك دووجار پیشانی پیاوێك بدرێت، جارێك بە ناوی نووسەرێکی پیاوەوە و جارێکیش بە ناوی نووسەرێکی ژنەوە دوو خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکات. لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت، خوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری جگە لەوەی کاردەکاتە سەر شێوازی کەسی نووسەر یان ئاخێوەر، هاوکات کاریش دەکاتە سەر شێوازی خوێندنەوەی بەرامبەر بۆ ئەم کەسە چ لەڕووی بابەتەوە بێت یاخود زمانی نووسین.

## ٣-٧/١ ) کار و پیشەی جیاواز:[٤]

ئاشکرایە نێرینە و مێینەی مرۆڤ، لە کۆنەوە بەبێ جیاوازی هەریەکەیان لە پێناوی مانەوە و خۆژیاندا ئیش و کارییان کردووە، بەلاّم لە جۆر و ئەرك شوێنی ئیش و کاردا جیاوایان هەبووە. ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری بایۆلۆجی و کۆمەلاّیەتییەوە بووە، بەجۆرێك ئەو

---

[١]) برنارد اسپولسکی (١٣٨٧: ٥٠-٥١)

[٢]) د.بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/٢٦.

[٣]) کریستین نۆرد نستام (٢٠٠٩: ٣٤)

[٤]) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٠-٩٢)، شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ١٨-٢١)

ئیش و کارانەی کە پێوستییان بەهێز و توانای جەستەیی و ئابوورییەکی بەهێزیان هەبووە، بەر پیاوان کەوتوون. دەتوانرێت بوترێت فاکتەری ئابووریش ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە هەموو گۆڕانێك کە بەسەر ئەقڵ و هۆشی خەڵکیدا دێت، لە وڵاتێکدا ئەگەر مەجال نەدرابێت بە نێرینە و مێیینە تێکەڵ بن، ئەوە دیوارێك هەیە لە بەینی نێرینە و مێیینە لە جۆری ئەو ئەرکەی کە دراوە بە سەر شانیاندا، لە وڵاتە دواکەوتووەکان ئەرکی مێینە زیاتر بە خێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ و مناڵە.[١] بۆیە ژنان ناچاربوون لە ڕووی ئابووری تەنانەت بۆ مانەوەش لەسەر زەوی زیاتر پشت بە پیاوان ببەستن، چونکە کۆتی منداڵبوون و سکپڕبوون و منداڵ بە خێوکردن زیاتر لە ماڵدا بەستنییەوە.[٢] سەرەڕای ئەمەش بە هۆی تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ ژنان لەژێر کاریگەریی یاسا و ڕێسا ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا، دیسانەوە ئیش و کار لە نێوان ژنان و پیاواندا بە جۆرێکی تریش دابەشکراوەتەوە. لە هەندێك کۆمەڵدا بەهۆی ئەوەی کە ڕێگە نەدراوە بە ژنان بۆ کارکردن بچنەدەرەوە، بۆتە هۆی هێشتنەوەی لە ماڵدا و پێ سپاردنی ئەو ئیش و کارانەی کە دەتوانێت لە ماڵەوە جێبەجێیان بکات. پیاوانیش کە دەکەونە دەرەوەی ماڵەکان و ئەو ئیش و کارانەیان جێبەجێدەکەن، کە ئابوورییەکی بەهێزی هەیە.

بەم شێوەیە سنوورێك لە نێوان ئیش و کار و ڕەفتاری ژنان و پیاواندا کێشرا، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەربڕینە زمانییەکان هەیە. بۆیە ((ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ژنان و پیاواندا هەن زیاتر دەبن، ئەگەر ژنان بە تەنیا و دوور لە پیاوان بژین و کۆمەڵێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵام ئەگەر ژنان بەشدارییەکی فراوانیان لە کۆمەڵدا پێکرا و شانبەشانی پیاوان لە کاتی کارکردن و خۆشی و ناخۆشیدا بەشداربوون، ئەوە ئەم جیاوازییانە کەم دەبێتەوە.))[٣] کە ئەمەش ڕەنگە لە ئێستادا لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر ئەم جیاوازی بەشداری پێکردنیانە جیاواز بێت، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ کار لە بیرکردنەوە و ژیان و شێوازی ئاخاوتنیان دەکات.

Deborah Cameron ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر خێزان وەك یەکەیەکی پۆلێنکردن بەکاربهێنین ،ئەوە پێگەی کۆمەڵایەتی ژن و پیاوەکانیان لەسەر ئەم بنەمایانە دیاریدەکرێت: [٤]

١. پێوەری ئابووری: بە پێی ئەم پێوەرە ژنان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لاوازیان هەیە لە بەرامبەر پیاوەکانیان .

---

[١]) د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٣/١٢/٢٠١٢.

[٢]) د.محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١٠: ٩٠-٩١)

[٣]) نایف خرما (١٩٧٨: ٢٤١)

[٤]) Rajend Mesthrie, Joan Swann, Ana Deumert and William L. Leap ( ٢٠٠٩:٢١٤)

٢. پێوەری ڕۆشنبیری و جۆری پیشە: ئەگەر ئەم پێوەرە بەکاربهێنیین ئەوە پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوەکانیان دیاریدەکرێت، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان لە چینی کرێکارن.

بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و جەنجاڵی و پێداویستیی ژیان لە ڕووی ئابوورییەوە و تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ ژن و داهێنانی ئامێری نوێوە، کە بوون بە جێگرەوەی توانای جەستەیی مرۆڤ، بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە ئیتر کۆمەڵ شانبەشانی پیاوان پێویستی بە هێزی کاری ژنانیش هەبێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ژنانیش ڕووبکەنە دەرەوەی ماڵەکانیان بۆ ئیشکردن شانبەشانی پیاوان و ببنە خاوەن ئابووری سەربەخۆی خۆیان، بۆنموونە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا تاڕادەیەك هەلی کارکردن بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بە یەکسانی ڕەخساوە، بە جۆرێك لە زۆربەی ئیش و کارەکاندا پێکەوە کاردەکەن، تەنانەت منداڵ بەخێوکردن و ئیش و کارەکانی ناوماڵیش بە هاوبەشی ئەنجامدەدەن، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە ڕەفتارییان لە یەك نزیك ببێتەوە و شێوازی قسەکردنیشان ئەو جیاوازییەی تێدا نامێنێت بە بەراورد بە کۆمەڵێکی نەریتی.

کەواتە بە پشت بەستن بەوەی ئاماژەی پێکرا دەکرێت بوترێت ((فاکتەری ئابووری ڕۆڵی هەیە لە لە تەنك بوونەوە و ڕەوینەوەی ئەو سنورەی کە لە نێوان شێوازی قسەکردنی مێینە و نێرینەدا هەیە، هەر بە هۆی ئابورییەوەیە کەوا لە ناو میللەتانی پێشکەوتوو بواری کارکردنی مێینە و نێریینە نزیك بووەتەوە لە یەکتری زۆرجاریش تێکەڵی یەکتریش دەبێت. ئەندامێك لە کۆمەڵانی پێشکەوتوو چ نێرینە بێت یان مێییە، ئەو بوارەی بۆی دەرەخسێت، بۆ ئەوەی خۆی پێ بژێنێت، لە کۆمەڵانی دواکەوتوو بۆ مێینە ڕێگە پێنەدراوە. ئەگەر هاتوو مێینە و نێرینە لە بوارێکدا ئیشیان کرد کۆمەڵێك سنوور هەیەلە قسەکردندا، ئەو سنوورانە هێواش هێواش تەنك دەبن و دەڕەوێنەوە و نزیکدەبێتەوە لە یەکتری، ئەو وەختە کە هەڵسوکەوتیان بەیەکەوەیە، هەڵسوکەوتەکان دەربڕینی هەیە، دەربڕینەکانیش زمانن، ئەمەش کاردەکاتە سەر دەربڕینە زمانییەکان و وایلێدەکات کەوا شێوازی قسەکردنی نێوان ژن و پیاو تاڕادەیەکی ئێجگار زۆر کزبکات و نەیهێڵێت یان لە ناوی بەرێت.)) [١] خودی ئەم کزبوون و کەم بوونەوەی جیاوازییە زمانییەکان لە کۆمەڵەکاندا، بێگومان کاتی زۆری دەوێت، چونکە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی لە ڕەفتاری زمانی و نازمانییدا هەیە، کە کاتێکی زۆری دەوێت، تا شێوەیەکی تر وەربگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی زۆریی و کزیی جیاوازیی شێوازی قسەکردن لە نێوان ژن و پیاودا، ئاراستەیەکی پێچەوانەی لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەت و خوێندەواری و فاکتەری ئابووری

[١] د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

و یەکسانی ڕۆڵ و پێگەی ژن و پیاو لە کۆمەڵدا هەیە. لە کۆمەڵێکدا ئەگەر ڕێگە درا بە ژن و پیاو تێکەڵبن و ئەرك و ماف و پێگەیی یەکسانیان هەبێت، ئەوە جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوانییاندا کز دەبێت (**بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١)**)، بە پێچەوانەشەوە (**بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢)**). *




هێڵکاری ژمارە (١)
کزیی جیاوازی شێوازیی قسەکردنی ڕەگەزیی




هێڵکاری ژمارە(٢)
زۆریی جیاوازی شێوازیی قسەکردنی ڕەگەزیی

* بۆ هێڵکارییەکانی ژمارە (١و ٢) سوودم لە بۆچوونەکانی د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣، وەرگرتووە.

## ١/٢) پەیدابوونی جیاوازیی شێوازیی قسەکردنی ڕەگەزیی:

له زمانی کوردیشدا وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان، جیاوازیی شێوازیی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە، واتە ڕەگەزیی قسەکەر لە کاتی گفتوکۆکردندا کاریگەریی لە سەر بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان لە بوار و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەندێك جار گوێمان لە چەند دەربڕینێکی وەکو: ( پیاوانە قسەدەکات / قسە بکە) یان ( ژنانە قسەدەکات/ قسەمەکە) یان (ئەمە قسەی ژنە/پیاوە) دەبێت. ئەم دەربڕینانە لەو کاتانەدا بەکاردەهێنرێت، کە پیاو یان ژن بە شێوازی قسەکردنی ڕەگەزی بەرامبەری، قسە یان ڕەفتار دەکات. بۆ نموونە ژنان هەندێك دەربڕین بەکاردەهێنن وەکو: (ئەیەڕۆ، دەستم بشکێ، دایکت بمرێ، کوێرایم دابێ، بێوەی بی، بەساقەتبم...هتد)، کە پیاوان بەکاری ناهێنن، بە پێچەوانەشەوە پیاوان هەندێك دەربڕین بەکاردێنن وەکو: (بە تەلاقم، لە خزمەتتدام، بە شەرەفم، نەبابە...هتد)، کە ژنان بەکاری ناهێنن. ئەگەر هەر دەربڕینێکی تایبەت بە ڕەگەزێکی دیاریکراو لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە بەکاربهێنرێت، ئەوە تووشی گاڵتەپێکردن و سزای کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

ئاساییە ئەم جیاوازییە لە شێوازی قسەکردنی ڕەگەزییدا لە زماندا هەبێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لە کاتی گفتوگۆکردندا هەیە، هیچ کێشەیەکیش لە نێوان قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو لە ڕووی تێگەیشتن و پەیوەندیکردن لە نێوان نێرو مێدا دروست ناکات. هەروەها ئەو دەربڕینە جیاوازانەی تایبەت بە ڕەگەزێکی دیاریکراون، بەشێکی کەمی فەرهەنگی هەریەکە لە ژنان و پیاوان دەگرێتەوە و دەربڕینە هاوبەشەکانیان زۆر زیاترە لە دەربڕینە جیاوازەکان. هەروەها ئاساییە کە ئافرەت بە شێوازی تایبەتی خۆی قسەبکات و چەند تەکنیکێکی تایبەت بە خۆی بەکاربهێنێت لە قسەکردندا، کە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی خۆی و پەیوەندیی بە کەسێتی خۆیەوە هەبێت، مەرج نییە ژنان خۆیان هەست بەم جیاوازیی شێوازی قسەکردنە بکەن، بەڵکو لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵانی تری وەکو پیاوان لە هەڵسوکەوت و قسەکردندا هەست بەم جیاوازییە دەکەن.[١] لەمەوە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، کە ئایا هۆکاری پەیدابوونی ئەم جیاوازییانە لە شێوازی قسەکردنی پیاوان و ژناندا لە زمانی کوردیدا چییە؟

بە شێوەیەکی گشتی پەیدابوونی جیاوازیی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی بە هۆی دوو هۆکارەوەیە، ئەوانیش:

---

[١]) د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٨٨)

### ١-١/٢) هۆكاری بایۆلۆجی (زگماکی):

مەبەست لەو جیاوازییە بایۆلۆجیانەی نێوان نێرینە و مێینەیە، کە کاریگەرییان لەسەر زمانی قسەکردن هەیە، وەکو: (پێکهاتەی مێشك، دەنگەژێکانی قوڕگ...هتد)، کە بە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاواندا دادەنرێت و کاریگەری لەسەر ڕەگەزی قسەکەر لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە.[١]

### ٢-١/٢) هۆکاری کلتوریی:

کلتور ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاوان لە زماندا هەیە، ئەم هۆکارەیانە ڕێژەی زۆریی یان کزیی جیاوازییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دروستدەکات، چونکە جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی نێوان ژنان و پیاوان زیاتر پەیوەندیی بە کەلتوورەوە هەیە تاوەکو زمانناسی، کلتورێك کە تیایدا پلە و ڕۆڵی هەریەکە لە ژنان و پیاوان جیاوازبێت، چاوەڕوانی ئەوەشیان لێدەکرێت کە ڕەفتاری جیاواز و ئامانجی جیاواز و شێوازی ئاخاوتنی جیاوازی تایبەت بە خۆیان هەبێت.[٢] (وارداف) جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی ژنان و پیاوان زیاتر بە دیاردەیەکی کلتووری دادەنێت و سێ ئاڕاستەی جیاوازی بە هۆکاری دروستبوونی ئەم جیاوازییانە داناوە، ئەوانیش:[٣]

١. جیاوازی بایۆلۆجی لە نێوان نێر و مێدا.
٢. دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا.
٣. جیاوازیی کۆمەڵایەتی لەنێوان ژنان و پیاوان.

واتە ((ئەو ستایلەی کە لە نێوان نێرینە و مێینەدا هەیە، لە لایەکەوە پەیوەندیی بە بایۆلۆجییەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی بەو یاسا و ڕێسایانەوە هەیە، کە کار لە بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی کۆمەڵ دەکەن، کە ئەمەیان واتای کلتورە، ئەو کۆمەڵەی کەوا کلتووری باوی تێدا پەیڕەو دەکرێت، ئەوە دەستنیشانکەری ئەوەیە کە ئایا ئەو شێوازە چۆنە و چۆن نییە، پلەی دواکەوتنی و زیادکردنی و کزبوونی و نەمانی و فەوتان هەمووی بەستراوەتەوە بە جۆر و چەشنی ئەو کلتورەی کە لە ئەقڵ و هۆشی ئەندامانی قسەکەرانی میللەتکێدا هەیە، کەواتە کلتور بناغەکەیە، هەر ئەمیش وا دەکات ئەو شێوازە پەرەبسێنێت و گەشەبسێنێ و کزبێت و نەمێنێ و لە ناو بچێت.))[٤] (Tannen) پێیوایە جیاوازی لە نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاواندا، زیاتر جیاوازیی گفتوگۆیین، بە زۆری هۆکاری ئەم

---

[١]) بۆ زانیاریی بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە (١/٦-٤).

[٢]) www.teban.net
[٣]) www.zabanshensi.org

[٤]) د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

جیاوازییانە پەیوەندیی بە کەلتورەوە هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە کوڕان و کچان سەر بە دوو کەلتوری جیاوازن و لە دوو کەلتوری جیاوازدا گەشە دەکەن.[1] بەهۆی ئەو سنوورەی کە کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ هەریەکە لە پیاوان و ژنانی دیاریکردووە و ناچاری جێبەجێکردنی ئەو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی کردوون. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەر لە ژێر یەك سەقفیشدا بژین، هەریەکەیان جیهانێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بۆیە دەبێت بۆ تێگەیشتنی باشتر لەیەکتر بیروڕاو ڕەفتارەکانی یەکتر لە بەر چاو بگرن، چونکە گۆڕینی داب و نەریتەکانی ڕەفتار و ئاخاوتنەکان کارێکی دژوارە، بەڵام لە بەرامبەردا ڕێز گرتن لە بیروڕاو شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری کارێکی ئاسانترە.[2] ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی کە کۆمەڵ بۆ ژنان و پیاوانی دیاریکردووە، بۆتە هۆی هەڵسوکەوت و ئامانجی جیاوازییان لە ژیاندا، ئەم جیاوازییانەش دەربڕینیان هەیە و ئەم دەربڕینانەش زمانن، ئەم شێوازە جیاوازەش لە دەربڕیندا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە.

منداڵ لەسەرەتای زمان پژانییەوە زمانی دایکی فێردەبێت، بۆیە دایکان بە یەکەم مامۆستای فێرکردنی زمان بە منداڵان و گوێزانەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دادەنرێن، بەڵام زمانێکمان فێردەکەن، کە تا ڕادەیەك سنوورە لە بەرچاوگیراوەکانی پیاوسالاری لە کۆمەڵدا جێگیردەکەن، دەکرێت بوترێت سەرەتای ئەو جیاوازییەی لە نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاواندا هەیە هەر لە منداڵییەوە دەست پێدەکات، ((بە بڕوای Hass(١٩٧٥)، جیاوازییە ڕەگەزییەکان، کە لە زمانی بەتەمەنەکاندا دەبینرێت، کەمکەم لە زمانی منداڵانی ٤ تا ٥ ساڵەوە دەست پێدەکەن. Ownes (٢٠٠١)یش پێی وایە، کە ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە شێوازی ئاخاوتنی دایکوباوك لەگەڵ منداڵەکانیان لەسەر بنەمای ڕەگەزیی، هەر لەسەرەتاوە جیاوازە.)) [3] دایکەکان منداڵەکانیان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە ئاگاییەوە پەروەردەدەکەن، بە جۆرێك فێری هەموو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانیان دەکەن، بە تایبەت منداڵە مێینەکان، چونکە گوشارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەریان هەمبەر بە پیاوان زیاترە، بۆیە زمانێك فێری منداڵەکانیان دەکەن، کە سنوورە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوسالاری لە کۆمەڵدا پەیڕەوبکەن و نەیبەزێنن. هەروەها منداڵ خۆیشی تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات و بە وردیی دەڕوانێتە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێوان گەورەکاندا هەیە، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو زیاتر سەرنجی ڕادەکێشێت، چۆنیەتی هەڵسوکەوتییان لەگەڵ یەکتردا و هەبوونی دەسەلات و زاڵبوون، ملکەچ بوونی بەرامبەر و خۆبەدەستەوەدان، لە نێوان نێرینە و مێینەدا،

---

[1]) Deborah Tannen (١٩٩٠:١٨)

[2]) www.teban.net

[3]) زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢: ٩٢)

پاشان هەوڵدەدات هەلومەرجێك بۆ خۆی لەو جۆرە پەیوەندییانە دروست بكات، ئەویش بە ڕێگەی لاسایكردنەوەی كچ لە دایك و كوڕ لە باوك.[1] بۆ نموونە لەناو كۆمەڵی كوردەواریدا دایكان هەوڵدەدەن بە ورییاییەوە پەروەردەی منداڵەكانیان بكەن و فێری یاساكانی كلتوری كۆمەڵ و ئەو سنورانەیان بۆ دیاری بكەن، كە نابێت ببەزێنرێت، ئەمیش بە لاسایكردنەوەی خۆیان لەڕێگەی یارییە منداڵانەكان، وەكو: (ئیش و كاری چێشتخانە و منداڵ بەخێوكردن...هتد)، كوڕانیش بە لاسایكردنەوەی باوكیان وەكو: (یاریكردن بە ئۆتۆمبیلی منداڵانە و ڕێگەپێدانییان بە زیاتر چوونە دەرەوە لە ماڵ...هتد)، بە شێوەیەك هەر لە منداڵییەوە هەست دەكرێت كوڕ و كچ بە دوو ئاڕاستەی تاڕادەیەك جیاواز دەڕۆن و هەریەكەیان تێڕوانینێكی جیاوازی بۆ ژیان لەلا دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەریەكەیان لە دوو گۆشە و لایەنی كلتوری جیاوازی ناو یەك كلتوری كۆمەڵێكی دیاریكراو گەشە بكەن و ڕەفتاری جیاواز بنوێنن و ئەو سنوورانە نەبەزێنن. دیارە ئەم ڕەفتارە جیاوازانەش ڕاستەوخۆ كاریگەریی لە سەر زمانی قسەكردنیان دەبێت. واتە نابێت ژنان وەكو پیاوان قسە بكەن و بە پێچەوانەشەوە، چونكە كۆمەڵ ڕۆڵ و پێگەی هەریەكەیانی دیاریكردووە و ئەوە قبوڵناكات، كە ژنان و پیاوان یەكسان و وەكو یەك بن لە ڕووی بەكارهێنانی زمانەوە، بۆیە لەم كاتەدا لە لایەن هاوڕەگەز و ڕەگەزی بەرامبەریشەوە توشی گاڵتەپێكردن دەبنەوە. هەرچەندە ژنان زۆرجار هەوڵدەدەن ڕووبكەنە بەكارهێنانی شێوازی قسەكردنی ڕەگەزی بەرامبەر، چونكە ((نایەكسانی هێزی كۆمەڵایەتی و پێویستی پشت بەستن بە كەسی بەهێز دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان ڕووبكەنە بەكارهێنانی زمانی پیاوانە.))[2] واتە ئەگەر ژنێك بە شێوازی پیاوانە قسە بكات، هەرچەندە ئەم كارەی ژنان بە لای پیاوانەوە بە ناشرین و نەشیاو و بە لاسایكردنەوەی نەگونجاو دابنرێت، بەڵام بەكارهێنانی ئەم شێوازی بەكارهێنانەی پیاوانە بە لای ژنانەوە هێمای بە هێزییە.[3] هەرچەندە لە زۆربەی لێكۆڵینەوەكانیشدا دەركەوتووە، كاتێك ژنان هاندەدرێن بۆ بەكارهێنانی شێوازی ئاخاوتنی پیاوانە، بەمەبەستی پیشاندانی ڕۆڵی یەكسانیان لە ژینگەیەكی ژێر دەسەڵاتی پیاواندا، دەركەوتووە ئەو ژنانەی شێوازی ئاخاوتنی مێینە بەكاردەهێنن سەركەوتووترن لە هەست بە بەرپرسیارێتی كردن بە بەراورد بەو ژنانەی شێوازی ئاخاوتنی نێرینە بەكاردەهێنن.[4] ئەو جیاوازییانە لە ژنان و پیاواندا لە حاڵەتی ئاسایدا هەستی

---

[1]) دلین محمد صالح طیب (٢٠١٠: ٧)

[2]) عباس محمدی اصل (١٣٨٩: ٢٠٣-٢٠٤)

[3]) سەرچاوەی پێشوو ( ٢٠٢-٢٠٣)

[4]) Louise Welsh Schrank, Kathleen O. Ryan (٢٠٠٩:٦)

پێناکرێت، بەڵام کاتێك پیاوێك وەکو ژن بە ڕێگادا دەڕوات و وەکو ژن پێدەکەنێت و وشە و دەستەواژەی ژنانە بەکاردەهێنێ لەو کاتەدا جیاوازییە ڕەگەزییەکان بە ئاسانی دەردەکەون.[١]

پەیوەست بە کلتوری کوردەوە دەتوانرێت بوترێت:[٢]

١. میللەتی کورد هاوشێوەی میللەتەکانی تر کۆمەڵێك ڕێسای خۆ نەریت و جێخۆشکردنی هەیە، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا بە کاری دەهێنێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆنانە ئاینی، یان نەتەوەیی، یان خێزانیی ...هتد بێت.

٢. ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانرێتە خۆنەریتەکان، دەبینرێت لەو بۆنانەدا دەربڕینی زمانی جیاواز بە جیاوازی بۆنەکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش مرۆڤی کورد پابەند دەکات جۆری دەربڕینەکانی بە پێی جۆری بۆنەکان هەمەڕەنگ بێت.

٣. ئەگەر بە شێوەیەکی ستونی بڕوانرێتە ئەم خۆنەریتانە، دەبینرێت ڕێساکانی بە گۆڕانی کات دەگۆڕێت، واتە بە پێی گۆڕانی بیروبۆچوونی سەردەمەکان و پێوەرە هاوچەرخەکان و شارستانیبوون ئەم ڕێسایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر مەرج نییە جێگیربێت.

لەناو کلتووری کوردییدا هەریەکە لەمانەی خوارەوە کاریگەرییان لەسەر پەیدابوونی جیاوازی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزیی* هەیە:

## ١/٢-٢-١) دەسەڵاتی پیاوسالاریی:

کلتووریی کوردیی وەکو زۆربەی کلتوورەکانی تری جیهان کلتوورێکی پیاوسالارییە، دەسەڵاتی خێزان لە نێوان ژن و پیاواندا بە نایەکسانی دابەشکراوە، بە جۆرێك زۆربەی دەسەڵاتەکان لە ژێر رکێفی پیاودایە. هەر لە بەڕێوەبردن و مافی بڕیاردان لە یەکەم پێکهاتەی کۆمەڵەوە کە خێزانە، تا دەگاتە گەڕەك و کۆمەڵ و سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوەکان و حزب و دامودەزگاکانی حکومەت و بەڕێوەبردنی سیاسی و ڕامیاریی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش هەمیشە پیاوان لێپرسراوی یەکەمن و مافی بڕیاردانییان هەیە. هەروەها لە کۆمەڵدا بیروبۆچوون و دەسەلات و قسەی پیاو بە فەرمی ناسراوە و پیاوەکان پێوەری ناوبانگ و کەسێتیی و باشی و خراپی خێزان دیاری دەکەن و کەسێتی ژنیش لەسەر کەسێتی پیاو دیاریدەکرێت. بۆیە ژنان ناتوانن بیروڕاکانیان بە ئاشکرا دەربڕن. ئەو سنورەی کە لە نێوان

---

[١]) یحی مدرسی (١٣٦٨: ٢٠٠)

[٢]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٢٧-٢٨)

*) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، بڕوانە هەریەکە لە: محەمەد مەعروف فەتاح، شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتانی سلێمانیدا (٢٠١٠: ٨٧-١١٠). شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٤. هەروەها دلین محمد صالح طیب، شێوازێ ئاخڤتنا ئافرەتێ ل دەڤەرا بەهدینان ، ٢٠١٠.

ژنان و پیاواندا لە ژێر کاریگەریی یاسا و ڕێسا ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان کێشراوە، بووە بەهۆی ئەوەی کە هەریەکەیان ئامانج و تێڕوانینینی جیاوازیان بۆ ژیان هەبێت و ڕەفتاری جیاواز بنوێنن، ئەمەش کاریگەریی لە سەر زمان بە تایبەتی زمانی قسەکردنی ژنان هەیە، چونکە ژنان لە کۆمەڵی پیاو سالاریدا زمان وەکو پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بەکاردەهێنن لە ڕێگەی بە کارهێنانی دەربڕاوی تایبەت بە خۆیان و جیاواز لە پیاوان. هەبوونی چەندین دەربڕاوی پیاوانە کە هۆکارە بۆ بەخاوەنزانینی دەسەڵات و شەرەفی خێزان بەڵگەی ئەم کاریگەریی کۆمەڵی پیاو سالارییە، وەکو:

-بەشەرفم

-بەناموسم

-بە غیرەتم

-پیاونەبم ئەم کارەت بەسەرەوە ناچێت.

هەروەها ژنان چەند دەربڕینێك بەکاردەهێنن، کە ڕەنگدانەوە ئەو سزا کۆمەڵایەتیانەیە لە کاتی دەرچوون و بەزاندنی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانی کلتوری پیاوسالاری، کە بەسەریاندا سەپێنراوە، بۆ نموونە:

-سەرت بە تاشین چێت.

-شار بەدەر کرێیت.

سەرەڕای ئەمەش بەهۆی ئەو تێڕوانینەی لە کلتوری کوردیدا بۆ ڕەگەزی نێرینە هەیە، ژنان چەندین دەربڕین بەکاردەهێنن لە سوێندخواردن و دوعا و پاڕانەوە...هتد، کە ناوی نێرینەی تێدایە. بۆ نموونە:

-بەسەری (برا/کوڕ)ەکانم

-بەسەری باوکم

-بەدایکی کوڕان بیت.

-کوڕت (نەمرێت/بمرێت).

-بە دایکی حەوت کوڕ بیت.

-نۆبەرەت کوڕبێت.

-بە خوشکی حەوت برا بێت.

تەنانەت بەهۆی کاریگەریی کلتوری پیاو سالارییەوە، لە زمانی کوردیدا دەسەڵاتی پیاو لە هەندێك وشەدا دیارە، کە پیاوان خاوەن دەسەڵات و بڕیارن و ئاڕاستەکان ڕووەو پیاون، بۆ نموونە:

-(ژنهێنان) هەمبەر بە (شووکردن/مێردکردن)

-(تەلاقدان) هەمبەر بە (تەلاق وەرگرتن/تەلاق سەندن)

هەروەها بەکارهێنانی وشەی (پیاوانە) بۆ ژنێك کە کارێکی باشی ئەنجامداوە و بەکارهێنانی وشەی (ژنانە) بۆ پیاوێك کە کارێکی خراپی ئەنجامداوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەکارهێنانی وشەی (ژنانە) هەمبەر بە وشەی "پیاوانە" بارێکی ناخۆشی بە لای ژنەوە هەیە، بە پێچەوانەوی بەکارهێنانی وشەی "پیاوانە" ەوە، هەروەها هەبوونی وشەی "ژنانی" لە بەرامبەردا نەبوونی وشەی (پیاوانی).

## ٢-٢-١/٢) تێڕوانینی جیاواز لە نێر و مێ:

کلتوری کوردی تێڕوانینی جیاوازی بۆ هەریەکە لە ژن و پیاو هەیە، سیستەمی کۆمەڵایەتی جیاواز بۆ هەریەکە لەم دوو ڕەگەزە دانراوە، کە لە بەرژەوەندی پیاواندایە، بەجۆرێك کە ژنان و پیاوان ڕۆڵ و پێگەی جیاوازیان هەیە، ئەمەش بووە بە هۆکارێك کە هەریەکەیان لە ژێر سیستەمی ئایینی و کۆمەڵایەتی جیاوازدا، تاڕادەیەك ژیانی جیاواز لەیەکتر بەسەربەرن و شێوازی جیاوازیش لە قسەکردندا بەکاربهێنن، چونکە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا کە تێکلاوی لە نێوان پیاوان و ژنان زۆر کەم بێت، یان تاڕادەیەك (لەژێر کارتێکەریی سیستەمی ئایینی یان داب و نەریت...هتد) بە جۆری جیاواز ژیان بەسەر ببەن، ئاساییە زمانی پیاوان و ژنان لەو شوێنانەدا جیاوازی تێدا دروست ببێت، ڕێژەی ئەم جیاوازییانەش بە پێی دوور و نزیکی هەردوو ڕەگەزەکە لە ژیاندا دەگۆڕێت. بۆیە ژنان ناتوانن لە دەرەوەی ماڵ بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن و شانبەشانی پیاوان کاربکەن و تێکلاوبن، هەروەها ناتوانن بیروبۆچوونەکانیان بە ئازادی دەرببڕن و سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ((کۆمەڵ و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، بێدەنگی و کەمدووییان لە ژن دەوێت، ئەمەش زۆر لە کۆنەوە هەیە و لە زۆربەی کۆمەڵ و شارستانیەتەکاندا باوە، بێدەنگی کراوەتە تاجێك، کە دەبێت هەموو مێیینەیەك لەسەری بکات.))[١] بە پشت بەستن بە چەند پەندێکی کوردی[*]، تێڕوانینی کۆمەڵی کوردەواری بۆ ژنان ئەوەیە، کە ناتوانن بە ئازادی بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن، لە هەمانکاتیشدا بیروبۆچوونەکانیان بە بایەخەوە وەرناگیرێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێوازی تایبەت بەخۆی قسە بکات و لە قسەکردندا سنوور و کات و شوێنی خۆی بزانێت،

---

[١] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٤٢)

[*] چونکە پەندی پێشینان بەرهەمی بیرکردنەوە و باوەڕی گەلێکە و ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانی ئەو گەلە و مێژوو و ئایین و کلتوور و ئەدەب و تێڕوانینیان بۆ ژیان و بۆچوونەکانی ئەو گەلەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بۆیە بە پێویستمان زانی ئاماژە بەو پەندانە بدەین، کە تێڕوانینی کۆمەڵی کوردیی بۆ هەریەکە لە هەر دوو ڕەگەزەکە دەردەخات.

بۆ نموونە ئەو دەربڕینانەی کە تابوون هەرچەندە بەکارهێنانی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە قەدەغەیە، بەڵام ژنان زیاتر لە پیاوان بە بەکارنەهێنانییەوە پەیوەستن، چونکە پیاوان ڕووبەڕووی ئەو سزا کۆمەڵایەتییانە نابنەوە، کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەروەها پیاوان دەنگ بەرزدەکەنەوە بەسەر ژناندا و لە کاتی گفتوگۆکردندا قسەیان پێ دەبڕن و زۆرترین نۆرەیان لە قسەکردندا هەیە و هەوڵیش دەدەن زیاتر بە ناڕاستەخۆ قسە بکەن و بۆچوونەکانیان وەکو پێشنیاز دەربڕن، وەك لەم پەندانەدا دەردەکەوێت: [1]

–وەختێ کە ژن بوو بە گەورەی گەڕەك

با ئیتر ئێمە دەست بدەینە خەڕەك

–ئەوەی بە قسەی ژنان تەفرە ئەخوا

ئەوە پێی دەڵێن: فەقیرخـوا

–خوا ژنی بە ژن دروستکردووە

ماڵ و زاوزێی پێ سپاردووە.

– "مێباز" بە ئازا ناوی ئەبرێ

ژن لێی دەرکەوێ، شاربەدەر ئەکرێ.

– ئەوەی پاش ملە جوێن بە خەڵك ئەدا

پێی ئەڵێن ژنە لە ژێر پەچەدا

–دایك مەدحی کچ بکات، مەگەر خاڵوان بیخوازێت.[2]

–ژنیان کرد بە کوێخا، ساڵی حەوت جار بزنی بڕییەوە.[3]

– ژنی شەرمن شارێك دێنێ و پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ.[4]

هەروەها ئەگەر پیاوێك بە قسەی ژنەکەی بکات و گوێڕایەڵی بێت بە لای کۆمەڵەوە جێگەی گاڵتە پێکردنە و پێی دەڵێن: ((بەدەست ژنەوە زەلیلە.))، کەچی بە پێچەوانەوە، گوێڕایەڵی ژنان بۆ پیاوان ئاساییە و تەنانەت پێویستە لەسەریان هیچ دەربڕاوێکیش نییە بۆ ئەم مەبەستە.

لە کلتوری کوردیدا، تێڕوانینی جیاواز بۆ هەریەکە لە ڕەگەزی نێرینە و مێینە، لە ناونانی ناوی تایبەتی کوڕان و کچانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە ((ئەو نیشانە تایبەتیانەی کە دەبن بە بەردی بناغە لە پرۆسەی ناوناندا، لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێت، دیارە ئەمەش،

---

[1] ـــــــــ، پەندەکانی پیرەمێرد (٢٠٠٧: ل٨، ل١٥٨، ل٥١٣، ل٣٣١، ل٤٢٥)

[2] شێخ محمدی خاڵ ( ١٩٨٠: ٢٠٩)

[3] سەرچاوەی پێشوو (٢٦٥)

[4] هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٤٦)

بەستراوە بە جیاوازی بیروڕا و تێڕوانین لە سروشت و دەوروبەر و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ کە لە هەر میلەتێکدا، تەماشای بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە، چونکە هەموو میللەتێك، ڕەوتی ژیان و ئەو قۆناغە مێژووییانەی پێیاندا، تێپەڕدەبێت، تایبەتە تەنها بە خۆیەوە.))[1] بۆ نموونە: ناوی نێرینەکان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی توندوتیژییان پێوە دیارە، کە ڕمزێکن بۆ هێز و دەسەلاّت و وزەیەکی عەقڵی گەورە،[2] وەکو: (پۆلاّ، قارەمان، نەبەز، پاڵەوان، شاسوار، شێرکۆ، دلێر، بەهێز، جوامێر، شێرزاد، سەنگەر، زانا، دلێر، دانا، پشتیوان، شالاّو، هۆشمەند، توانا، سەردار...هتد، یان ڕەمزن بۆ ناوی چیا و شاخەکانی کوردستان، کە ئاماژەی سەختی و خۆڕاگرییان پێوە دیارە، وەکو: (سەفین، بەمۆ، شەمێران، زمناکۆ، قەندیل، هەڵگورد، بێستون، زاگرۆس، هندرێن، ئاسۆس...هتد، هەروەها ناوی میرنشین و سەرکردە و دروشمەکانی بیروباوەڕی سیاسی ....هتد، لە بەر پیرۆزییان کراون بە ناوی کوڕان، وەکو : (بابان، سۆران، ئەردەلاّن، بۆتان، پێشەوا، مستەفا، بارزان، کۆسرەت، نەوشیروان، هەژار، جوتیار، هەڤاڵ، هاوڕێ...هتد. سەرەڕایی ئەمانەش ئەو وشانەی واتای هیواو ئامانج و خۆشییان تێدایە، کراون بە ناوی کوڕان، وەکو: (هیوا، ئامانج، ئومێد، کامەران، بەختیار، ئازاد، دڵشاد ...هتد.[3]

لە بەرامبەریشدا ناوی نەرمونیان و شتە ناسك و جوانەکانی سروشتی بۆ کچان هەڵدەبژێرێن، بۆ نموونە: ناوی گوڵ و گژوکیا و ڕووەك و بەرهەمەکانیان، وەکو: ( هەرمێ، نێرگز، سەرگوڵ، چرۆ، هێرۆ، وەنەوشە، گێلاس، ڕێواز، نەمام، بەهێ، چنار، ژاڵە، چنوور...هتد، و ناوی شوێنە جوان و دڵگیرەکان و رووبار و دیاریدە سروشتیەکان و وەرز و مانگەکان و شار و ناوچەکانی کوردستان کراون بە ناوی کچان، وەکو: (بێخاڵ، سۆلاڤ، کوێستان، دەریا، زەریا، ڕووبار، شەونم، نمە، هەتاو، بەهار، گەلاوێژ، گولاّن، نەورۆز، شنۆ، مەهابات، کوردستان، بۆکان، بەفراو، تەرزە، باران، برشنگ...هتد. هەروەها ئەو ناوانەی کە واتایی بێ ئومێدی و ناخۆشیان هەیە، کراون بە ناوی کچان، وەکو: (فرمێسك، تەنیا، غەمگین، بێناز، زریان، تەرزە، ڕەهێڵە، کلّپە...هتد.

بەلاّم لەم سالاّنەی دوایدا بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر کۆمەڵی کوردیدا هات، لەچاو سالاّنی پێشووتردا تاڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەر تێڕوانینی کۆمەڵدا هەمبەر بە ژنان هات، ئەمیش بەهۆی بەرزبوونەوە ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و دامەزراندنی چەندین گروپ و ڕێکخراوی سەربە ژنان و مافەکانی

---

[1] د.فاروق عومەر سدیق (٢٠١١: ٣٣-٣٤)

[2] ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز (٢٠٠١: ٧٧)

[3] د.ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٦٩-١٧٠)

مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها چەندین کەس کە بەرەوە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد و لەوێدا نیشتەجێ بوون و فێری یاسا و ڕێساکانی ئەو وڵاتانە بوون و لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان گۆڕان بەسەر تێڕوانینیان هاتبوو کاریان لە دەوروبەریش کرد. ئەم هۆکارانەش بووە هۆی ئەوەی کە ژنان ڕووبکەنە دەرەوەی ماڵان و شانبەشانی پیاوان لە کۆمەڵدا ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە ڕووی ئابووی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە...هتد، بەمەش تێکلاویەك لە نێوان ژنان و پیاواندا دروست بوو و ئەو سنورە کزبوو، کە لە نێوانیاندا کێشرابوو. بۆیە ئەو شێوازە جیاوازەی لەنێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاوانی بە ساڵاچوودا هەیە لە ئێستادا لەلای گەنجان کەمتر هەستی پێدەکرێت.

## ٢-١/٢-٣) ئایین:

ئاشکرایە، ئایین وەك پێکهاتەیەکی کلتووریی لەناو هەر کۆمەڵێکی دیاریکراودا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، بەها و ڕێساکانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە سەر دەربڕاوە زمانییەکانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە هەیە، چونکە ((ئەو وشەیەی، چەمك و بیرەکەی بچێتە چوارچێوەی دین و بیروباوەڕەوە، ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر عەقڵ و هۆش و بیروباوەڕ و هەست و نەست لە بەر پیرۆزییان، خەڵکی بە گڕوتین و خواست و ئارەزوو و شەوقەوە، بەرەو ڕوویان دەچن و دڵ و دەرونییان بۆ دەکەنەوە و هەوڵدەدەن کە لە واتاکانیان بگەن و فێریان بن، تا لە ئەرك و واجیب و مەراسیمی دینیدا، بتوانن بە باشی و بە چاکی و بە ڕاستی بە جوانترین شێوە بە کاریان بهێنن.))[١] (ڤندریس) پێی وایە: ((ئەوەی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی و جیابوونەوەی ژن و پیاو، بریتییە لە هۆی ئایینی، ئەو وشانەی، کە تایبەت بوون بە پیاوان و ئەوان بەکاریاندەهێنا بۆ ژنان قەدەغەبوو، لەو کاتەدا دەبووایە ژنان خۆیان وشەی تریان بهێنایەتەکایەوە. تەنانەت ئەگەر ناچاریش بوونایە، جووڵەیان لەبری دەنگ بەکاردەهێنا.))[٢] لە بەرئەوەی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردی پەیوەستن بە ئایینەوە (بە تایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام) و یاساکانی جێبەجێدەکەن، دیارە لە ئایینیشدا کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای جیاواز بۆ ژنان و پیاوان دیاریکراوە هەر لە دیاریکردنی ماف و ئەرك...هتد، کە ئەمانەش ڕەفتاری جیاوازی لێکەوتۆتەوە و کاریگەریی لەسەر دەربڕینە زمانییەکان هەیە. سەرەڕای ئەمەش ناوی خوا و پێغەمبەران و کەسایەتییە ئایینیەکان لە سوێند خواردن و دوعا و پاڕانەوەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بە تایبەتی لە دەربڕینی ژنانەدا، چونکە ژنان زیاتر لە پیاوان یاسا

---

[١]) د.فاروق عومەر سدیق (٢٠١١: ٥٣)

[٢]) شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٢٣)

**ئاینییەکان جێبەجێدەکەن و پێوەی پەیوەستن، بۆ نموونە ئەم دەربڕینانە پیاوان بەکارهێنانن هەیە:**

**-بەتەڵاقم**

**-سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێت.**

**هەروەها ژنانیش ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بەکاردەهێنن:**

**- بە غەوسی (بەغا(بەغداد)/گەیلانی)**

**-بە شێخ عیسا و موسای بەرزنجە**

**-بە کاک ئەحمەدی شێخ**

**-بە پیرمەنسوور**

## ١/٢-٢-٤) تابوو:

**تابوو لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا ڕۆڵێکی گەورەی لە دروستبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزییدا هەیە، سەرەڕای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لە کۆمەڵدا، بەڵام هەر ڕەگەزێك کۆمەڵێك دەربڕینی تابووی هەیە، کە بەکارهێنانی تەنها تایبەتە بە خۆیەوە و زیاتریش لە نێوان هاوڕەگەزەکاندا بەکاردەهێنرێت. تابووش ((بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە دەربڕینییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاو نییە. ئەمەش لە لایەکەوە بە هۆی وابەستەبوونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکان، یان نەخۆشی و شتە شوومەکان، لە لایەکی تریشەوە وابەستەیی دەربڕینەکانە بە بابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە.))[1] (یسپرسن) تابوو بە سەرەکیترین هۆکاری جیاوازی لە نێوان قسەکردنی ژنان و پیاواندا دادەنێت، بەوەی هەر ڕەگەزێك خۆی بە دوور دەگرێت لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی ڕەگەزی بەرامبەر. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ لەسەر بنەمای ڕەگەز.[2] واتە ئەگەر تابوو لەگەڵ کەرەستەیەك لە ڕووبەڕوونەوەدا بوو ئەوە وشەی نوێ لە بری وشەکەی پێشوو دروست دەبێت، بۆنموونە ئەگەر ژنان مافی بەکارهێنانی ناوە سەرەکییەکەی کەرەستەیەکیان نەبێت، وەکو چۆن لەناو هۆزی (زولو)ەکاندا، ژنان بۆیان نییە ناوی باوکی مێردەکەیان یان برای مێردەکەیان بهێنن و لە کاتی پێشێلکردنی ئەم داب و نەریتەدا ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بۆیە بەناوێکی ترەوە ناویان دەبەن.[3] لە کلتووری کوردیشدا چەندین دەربڕاو هەیە کە بەکارهێنانیان قەدەغەیە،**

---

[1] شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٥٩)

[2] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٠٧). هەروەها بڕوانە: یحی مدرسی (١٣٦٨: ٢٠٨)

[3] سەرچاوەی پێشوو (١٠٧)

بەهۆی کاریگەریی یاسا و ڕێسا ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆیە قسەکەری کورد ئەگەر لە کاتی ناچاریدا ئەو دەربڕینانەی بەکاریهێنا کە تابوون، ئەوە چەندین دەربڕینی وەکو:(دوور لە ڕووتان، دوور لە قەدرتان، عەیب نەبێت، بیلا مەعنا، پەرژینێکی قایم بێت لە ڕووتا، حاشاحازی، شەرع شەرمی نییە، ئێوەش وەك (برا/خوشك)من ..هتد) لەگەڵدا بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر دەگۆڕێت، سەرەڕای ئەوەش پەیوەستە بە لایەنی بەرامبەر و کات و بار و شوێنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین دەربڕین هەیە، کە تابوون و لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بەکاردەهێنرێن، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان ئەو کەسانەی کە تابوو بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن، بەکارهێنانیان بە پێی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی...هتد دەگۆڕێت، بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی شێوازی قسەکردنی ژنان زۆر پابەندە بە دابونەریتەوە، ڕێگە بە خۆی نادات بۆ قسەکردنی ناشرین و نەگونجاو لە دەرەوەی ئەو سنورەی کە کۆمەڵ بۆی دیاریکردووە، بۆیە دووردەکەوێتەوە لە بەکارهێنانی وشە قەدەغەکراوەکان (تابوو) و لە چاو پیاواندا کەمتر بەکاریاندەهێنێت. هەندێك تابوو هەیە کە تەنها ژنان بەکاریدەهێنن، وەکو: (بێ تەربیەت، بەرەڵا، سەربەدەرەوە،...هتد)، بە پێچەوانەشەوە پیاوان هەندێ تابوو بەکاردەهێنن، وەکو: (هەتیوو، خوێڕی...هتد)، کە ژنان بەکاریناهێنن، بە زۆریش بەکارهێنانی تابووەکان لە نێوان هاوڕەگەزەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پیاوان زیاتر ئەو جۆرە دەربڕینانە بەکاردەهێنن.

## ١/٢-٢-٥) ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی:

ئەو ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵ بە تاکەکانی دەبەخشێت، کاریگەریی لەسەر زمانی قسەکردنیان هەیە و بە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەژمێردرێت. چونکە تاوەکو جیاوازی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵدا زیاتر و لە بەرچاوتربێت، ئەوا جیاوازی شێوازی قسەکردنیان زیاتر و لە بەرچاوتر دەبێت، چونکە زمان وەکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی هەیە، کۆمەڵیش ڕۆڵی جیاوازی پێ سپاردوون و ئەم ڕۆڵانەش شانبەشانی ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵدا ڕوودەن دەگۆڕێن. بۆیە چاوەڕوانی ڕەفتاری جیاوازیان لێدەکرێت و زمانیش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە.[١] هەرچەندە ڕۆڵ و پێگەی ژن و پیاو بە پێی سەرنج ڕاکێشانی کارەکانیان بۆ چارەسەرکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵ زیاتر بێت، زمانی ژنان و پیاوان ڕوو لە هاوشێوە بوون دەکەن، بە پێچەوانەوە لە هەر نایەکسانییەك لە ڕۆڵ و پێگەی ژنان و پیاوان لە ناو کۆمەڵدا، زمان هاوکاری دەسەڵاتی پیاو و ژێردەستەیی ژنان

[١] پتر ترادگیل (١٣٧٦: ١١٦-١١٧)

دەکات و بۆ پاڵپشتی کردن لە پیاوان و هاوکاریکردنییان بانگێشتی دەکات.[1] ئەم خۆگونجاندنەش بە هۆی گوشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیاتر گەشەی کردووە، بەو واتایەی ئەگەر هاتوو یەکێك لەو ڕەگەزانە بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی کە بۆی دانراوە قسە بکات، ئەو ڕووبەڕووی گاڵتە پێکردن دەبێتەوە.[2] لەناو کلتوری کوردیدا نایەکسانییەك لە دابەشبوونی پێگەی ژنان و پیاواندا هەیە، بەجۆرێك ئەو پێگەیەی پیاوان هەیانە لە ڕووی ئایینی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی...هتد، هەمبەر بە ژنان پێگەیەکی بەهێزو لە پێشەوەیە و کاریگەریی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاترە، ئەم پێگە جیاوازانەش بووە بەهۆی ئەوەی، کە هەر یەکە لە ڕەگەزی نێر و مێ، لە کۆمەڵە چالاکییەکدا لە ڕەگەزی بەرامبەر چالاکترن و هەندێك چەمك و دەستەواژەی تایبەت بە ڕەگەزێکی دیاریکراو پەیدابووە، ئەگەر هاتوو ژنان و پیاوان پێڕەوی ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتیانە نەکەن، ئەوە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەو کۆمەڵەدا لە دەست دەدەن، یان هیچ نەبێت دەبنە جێی گاڵتەی دەوروبەر. هەروەها لە ڕووی ئابووری و سیاسی کۆمەڵایەتییەوە پیاوان هەمبەر بە ژنان خاوەنی پێگەیەکی بەهێزن، چونکە بە زۆری ژنان خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆیان نین، بەڵکو پیاوان بەرپرسن لە ئابووری خێزان، بە هەمان شێوە لە ڕووی ئاینیشەوە هەر پیاوان خاوەن پێگەیەکی بەهێزن و زۆربەی زۆری کەسایەتییە ئاینییەکان پیاوانن، ئەم کەسایەتییە ئاینییانەش لە کۆمەڵدا ڕەچاوی بیروبۆچوونەکانیان دەکرێت و ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ڕوونکردنەوەی دیاریدەکان و ئامۆژگاریکردن لە ڕێگەی وتە و بیروڕا ئاینییەکانەوە و گەیاندنی ئەم مەبەستانەش لە ڕێگەی زمانەوەیە. هەموو ئەو نازناوانەی کە پلە وپایەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سیاسی وەکو:( بەگ، قازی، میر، کوێخا، مەلیك، ئاغا، پاشا، سوڵتان...هتد) و نازناوە ئاینییەکان وەکو: (شێخ، دەروێش، سۆفی، فەقێ، حاجی، مەلا، موفتی، سەید...هتد، پیشاندەدەن دەدرێنە پاڵ ناوی پیاوان، بەکارهێنانیشیان زیاتر بۆ پیشاندانی ڕێزگرتن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییە. بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی خێڵەکی بووە، ڕەگەزی نێریش بەوەی کە خاوەنی هێز و بازوی جەستەن بە پارێزگاریکەری ئەم خێڵانە دانراون، بۆیە ناوی خێڵەکان وەکو نازناو لەگەڵ ناوی پیاواندا دێن. ئەم ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەش لە کۆمەڵدا ڕەفتاری جیاواز لە نێوان ژنان و پیاواندا دروست دەکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەربڕینە زمانییەکان هەیە. پیاوان خاوەنی پێگەیەکی بە هێزن و بە زۆریش پێگەی ژنان لەسەر پێگەی باوکیان یان پیاوەکانیان دیاریدەکرێت، بووتە هۆی جیاوازی ڕەفتارییان و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەربڕینە زمانییەکان هەیە.

---

[1] عباس محمدی اصل (١٣٨٩: ٢١٢)

[2] پتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٢٥)

## ٦-٢-١/٢ ) كار و پیشەی جیاواز:

ئەو جیاوازییەی کە لە شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاواندا هەیە، هۆکارە بنچینەییەکەی سنووردارکردنی ئیش و کاری ئەو دوو ڕەگەزەیە لە کۆمەڵدا، چونکە ((لە کۆمەڵێکدا ئەگەر دەرفەت نەدرابێت بە نێرینە و مێیینە تێکەڵ بن، ئەوە دیوارێك لە نێوانیاندا هەیە لە جۆری ئەو ئەرکەی کە دراوە بە شانی هەریەکەیاندا))[١] ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین دەربڕاو، کە تایبەتن بەو کاروپیشە جیاوازانە. لە کلتوری کوردیشدا ژن و پیاو کار و پیشەی جیاوازییان پێ سپێردراوە، بەزۆری ئەو کار و پیشەیانەی، کە پێویستی بەهێزی جەستەی زۆر نییە و لە ماڵەوە جێبەجێدەکرێن، وەکو: (منداڵ بەخێوکردن، چێشتلێنان، دروومان، ئارایشت ...هتد، بەر ژنان کەوتوون و تێیاندا چالاکن، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر زمانی قسەکردنی هەیە، کە چەندین دەربڕینی تایبەت بەخۆیان لەم بوارانەدا هەیە، وەکو:

-دەستێك بە ماڵەکەدا ئەهێنم.

-ماڵمان فەرشکردووە.

-دەساوی هەویر دەدەمەوە.

-(یاپراخ/دۆڵمە) دەپێچمەوە.

-برنجەکە (دەم/پا)ی کێشاوە.

-بامێکە سەروقنجك دەکەم.

بەپێچەوانەشەوە پیاوان لە بوارەکانی وەکو: (دارتاشی و ئاسنگەری و وەرزش و سەربازی میکانیکی و کانزاکان و سیاسەت و بازگانی و گشتوکاڵ...هتد) شارەزان، بەواتە ئەو کارانەی دەکەونە دەرەوەی ماڵ و پێویستیان بە هێز و جەستەی بەهێز هەیە بۆ جێبەجێکردنییان، بۆیە لەم کار و پێشانەدا چەند دەربڕینێکی تایبەت بە خۆیان هەیە وەکو:

-گێڕ تەرحە یان تۆماتیك.

-نرخەکەی خەتی خۆیەتی.

-پیستمی شکاندووە.

-دووکانەکەم لە خزمەتتدایە.

-با عایدی خۆمان بێ(ت).

-هێشتا سفتاحم نەکردووە.

-خەریکە دەتەقێ(ت).

-سەیارە موڵکی جادەیە.

---

[١] د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

بەلاٚم لەم سالاٚنەی دوایدا بە هۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا هات، کە لە کۆمەڵی گشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەو گۆڕا بۆ کۆمەڵی مووچەخۆری، ئەمەش بوو بە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە هەلی کارکردن بۆ ژنان زیاتر بڕەخسێت و فاکتەری ئابووری پاڵی بە ژنانەوە نا، کە شانبەشانی پیاوان ڕوو بکەنە دەرەوەی مالاٚن و لەگەڵ پیاوان لە فەرمانگەکاندا پێکەوە هاوکار و هاوپیشەبن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دەربڕاوەکانی هەردوو ڕەگەزەکە کردووە و زیاتر دەربڕینەکانیان لە یەکتر نزیك بووتەوە و جیاوازی لە شێوازی قسەکردنیاندا کە پێشتر هەبوو بەرەو کزبوون ڕۆشتووە.

## ٢/٢ )هۆکارە جیاکارییەکانی ئاخاوتنی ڕەگەزیی:

ئەو هۆکارانەی جیاکاری ئاخاوتنی ڕەگەزیی تیایانیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەمانەن:

### ٢/٢-١ ) دەنگسازیی:

هەموو قسەکەرێکی زمانێکی دیاریکراو بەبێ جیاوازی بۆ دەربڕینی دەنگەکانی زمانەکەی، سوود لە ئەندامەکانی ئاخاوتن وەردەگرێت، بەلاٚم هەندێك جیاوازی بایۆلۆجی بچووك لەنێوان ئەندامەکانی ئاخاوتنی نێر و مێدا، بووەتە هۆی ئەوەی هەموو کەسێك بە شێوەیەکی گشتی بتوانێت دەنگی قسەکەرێکی نێر و مێ بەبێ جیاوازی لە هەموو زمانەکانی جیهاندا لەیەکتر جیابکاتەوە. بۆ نموونە دەنگەژێیەکانی قوڕگی ژن باریك و درێژن، دەبینین دەنگی ژن گڕ و بەرزە، هەروەها لەبەرئەوەی دەنگەژێیەکانی قوڕگی پیاو ئەستوور و کورتن، دەنگی پیاو لە دەنگی ژن قەبەترە.))[١] سەرەڕای ئەمەش هەندێکجار ((کلتوری قسەکەر ڕۆڵی هەیە لە بەکارهێنانی دەنگدا، جا ئەم تایبەتمەندییە بە هۆی هۆکاری ناڕێزمانییەوە بێت وەکو(ڕەگەز یان تەمەن یان شێوەی زمانەکە) یاخود هۆکاری ڕێزمانی بێت.))[٢] بۆنموونە لە کلتوری کوردیدا هەندێك جار ئافرەت بۆ خۆدەرخستن تەکنیکێکی تایبەت بەکاردێنێت، کە کار دەکاتە سەر زۆربەی فۆنێمەکانی گوتن، پیاوان زیاتر لە ژنان هەست بەم تەکنیکە دەکەن، کە پێی دەڵێن تەکنیکی خۆناسککردنەوە یان دەنگ باریك کردنەوە.[٣]

بەشێوەیەکی گشتی ژنان هەندێك گۆڕانکاری بەسەر دەنگەکاندا دەهێنن، کە جیاوازی دەکەن لە دەربڕینی هەمان دەنگ لەلایەن پیاوانەوە، کە ئەمانەن:

---

[١] غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤: ٢٩)

[٢] پەیمان حسن محمد سلیم (٢٠١٠: ٥٣)

[٣] د.محەمەد معروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٠)

١. گۆڕینی دەنگی /ڵ/ بۆ /ڕ/ لە هەموو وشەیەکدا، بە واتایەکی تر، نەهێشتنی فۆنیمی /ڵ/ لە کوردییدا. دیاردەیەکە وەك پاشماوە هەر لە قسەی ئافرەتە بە ساڵاچووەکانی نەوەی پێشووتری سلێمانی ماوە و نەوەی ئێستا لەم یاسایە لایداوە، بۆ نموونە، زۆر لە ئافرەتە بە تەمەنەکان بە (خۆڵ) و (ڕۆڵە) دەڵێن (خۆر) و (ڕۆرە).))[١] یان (( گۆڕینی دەنگی /ڵ/ لە وشەی (لەگەڵ) بۆ دەنگی /ل/ و کردنی بە (لەگەل)، ئافرەتان زیاتر بەکاریدەهێنن.)) [٢]

٢. هەندێك لە دیاردە دەنگیە ناوەندیەکان (وەك بەرمەلاشودان) کە دیاردەیەکی زۆر بلاوە لە شێوە زاری ناوچەی سلێمانیدا و بە تایبەتی کاتێك دروست دەبێت، کە بزوێنەکانی پێشەوە بە دوای دەنگی (/ك/ف/پ/)دا بێن لە ناو دەبرێن، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی /ك/ نزیك لە دەنگی /چ/ لە وشەی (کێ)دا بە کاربێنی، ئافرەتەکە بە ئاسایی وەك /ك/ی وشەی (کا، کەی، کاروان) دەردەکەوێت.[٣]

٣. هەندێك دەنگ هەیە خۆی ڕەقییەکی تێدایە، ئافرەتان ناسکی دەکەنەوە، بۆ نموونە دەنگی /ڕ/ لە وشەی (ڕەنج) پیاوان هەقی خۆی پێدەدات، بەلام ئافرەتان وایلێدەکەن لە دەنگی /ر/ نزیك دەکەنەوە.[٤]

٤. ژنان لەکاتی دەربڕینی هەندیك وشەدا، دەنگی /چ/ تۆزێك جیاواز دەردەبڕێت و وایلێدەکات لە دەنگی /ش/ نزیك ببێتەوە. بۆ نموونە لە دەربڕینێکی وەکو (چۆنی)دا دەردەکەوێت.[٥]

٥. زۆربەی یاساکانی دەنگ لابردن (دەنگ قوتدان) دەخاتە پشت گوێ. بۆ نموونە لە جیاتی (باس ناکەم)، (شێ محێدین) و (کا عەلی) هەر (باست ناکەم)، (شێخ محێدین) و (کاك عەلی) بەکاردێنێت.[٦] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی پارێزکردنی بەرامبەرەکەی و ئەو ترسە کۆمەلایەتییەی لەسەرێتی، هەمیشە دەیەوێت ڕێز زیاتر پیشان بدات، بۆیە دەنگ ناقرتێنێت.[٧]

## ٢-٢/٢ ) ئاوازە:

ڕۆڵێکی گرنگی لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەردا هەیە، چونکە گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازەیی ڕستە، هەر ئاوازەیەکیش واتایەکی جیا بە ڕستە دەبەخشێت.[٨]

---

[١] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠١-١٠٢)

[٢] د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/١٠.

[٣] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠١)

[٤] د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/١٠.

[٥] سەرچاوەی پێشوو.

[٦] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠١)

[٧] د.بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/٢٦.

[٨] د.وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩: ٢٨٩)

ئاوازەش ((بەستراوەتەوە بە نەغمەی قسەی قسەکەرەوە. ئەم نەغمەیە جۆر و حاڵەتی قسەکەری تێدا دەردەکەوێ وەکو تووڕەیی و نەرمی و سەرسوورمان، ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بە گۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکە ئەگۆڕێ وەکو ڕستەی پرسیارکردن و حاڵەت و ئەمر...هتد.))[١] ژنان زیاتر لە پیاوان کەڵك لە ئاوازەی قسەکردن وەردەگرن و دەربڕینەکانی وەکو: (ئۆف، ئەیەڕۆ...هتد) زیاتر بەکاردەهێنن، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن کەمتر لە پیاو دان بە خۆیدا دەگرێت و زیاتر جڵەو بۆ هەستی خۆی بەرامبەر بە ڕووداو و باس و کات و کەسانی ئاخاوتن شل دەکات.[٢] جۆر و شێوازی بەکارهێنانی ئاوازە، جیاوازی دەخاتە نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاوانەوە، بەجۆرێك ئاوازەی قسەکەرێکی نێر لە ئاوازەیی قسەکەرێکی مێ جیاوازە، پەنابردن بۆ بەکارهێنانی شێوازی ئاوازەی ڕەگەزیی بەرامبەر کەسەکە لە لایەن کۆمەڵەوە تووشی گاڵتەپێکردن دەبێتەوە. ئەم جیاوازییەش لە لایەکەوە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازیی هۆکاریی بایۆلۆجی نێوان نێر ومێ، چونکە ڕێژەی لەرینەوەی دەنگە ژێکانی ژنان و پیاوان جیاوازە، بە جۆریك پانتایی لەرینەوەی دەنگە ژێکان لە ژندا (١٢٠ – ٤٠٠) هێرتزە لە چرکەیەکدا، لە کاتێکدا لە پیاواندا (٨٠ – ٢٠٠) هێرتزە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەنگی پیاوان بەرز و ئاوازەکەی کورتە و کەمتر درێژ ببێتەوە، بەلأم دەنگی ژنان نزمە و ئاوازەکەیشی درێژە.[٣]

لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیی بە بارودۆخی ژنەوە لە کۆمەڵدا هەیە، ئەویش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەلأیەتییەوە، ژنان زیاتر ئاوازەی ڕستە بەکاردەهێنن و زمانیان پڕیەتی لە گوزارشتە سۆزئامێزەکان،[٤] بە جۆرێك خۆیان لەگەڵ هەموو کاردانەوەیەکی گوێگردا دەگونجێنن، چونکە قسەکەری هەر زمانێك دەتوانێت بەگۆڕینی ئاوازەی ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن و ڕازیبوون و ناڕەزایی...هتد دەربڕێت و دەریبخات مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە. تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێت و ئاشکرا دەبێت.[٥] ژنان زیاتر لە پیاوان کار لە سەر درێژکردنەوەی ئاوازەی قسەکردن دەکەن، بۆنموونە کاتێك کەڵەهێز لەسەر وشەیەك لای هەموومان درێژە، بەلأم ژنان بۆ حاڵەتی سەرسوڕمان یان خووشنوودی یان بۆ سەرمەست بوون بە شتێك زیاتر لە پیاوان درێژتری دەکەنەوە.[٦] هەروەها زۆرجار ژنان بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر یان لە کاتی

---

[١] غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ٩٣)

[٢] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٤)

[٣] George yule (٢٠٠٦:٢٢٤)

[٤] هۆکر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠: ١٧٢)

[٥] د.وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩: ٢٩٠)

[٦] د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/١٠.

مەكرونازكردن ئاوازەی دەربڕینەكانییان درێژدەكەنەوە و تێكەڵ بە جوڵەكانی چاو و لێو و برۆ كاردەكەنەسەر هەستی بەرامبەر، بە تایبەتی ئەگەر بەرامبەرەكەیان نێر بێت. بۆنموونە ئەگەر هەواڵێكی وەكو: (نەسرین شوویكرد.) بە ژنێك و پیاوێك بدرێت، ئەوە بە ئاوازی جیاواز كاردانەوەیان دەبێت بەجۆرێك:

پیاوەكە دەڵێت: نەسرین شوویكرد؟

بەڵام ژنەكە دەڵێت: نەسرین شوویكرد؟!

ئەگەر قسەكەرێك بڵێت: (منداڵەكەی نەسرین مرد.)

ئەوە ژنێك دەڵێت: ئەیەڕۆ! دایكی بمرێ، دەستی شكاوم، منداڵەكەی نەسرین مرد؟!

بەڵام پیاو دەڵێت: كەی؟ بەڕاستە؟ منداڵەكەی نەسرین مرد؟

یان كاتێك ژنێك بە پیاوەكەی دەڵێت: (ئەرێ نەڕۆین بۆ بازار.) لەم ڕستەیەدا ژنەكە بەهۆی ئاوازەی ڕستەكەوە خۆی لەگەڵ هەر كاردانەوەیەكی چاوەڕوان نەكراوی پیاوەكەیدا دەگونجێنێت، بە جۆرێك هەمان ڕستە دەتوانرێت جاریك وەكو ڕستەیەكی پرسیاری و جارێكیش وەكو ڕستەیەكی فەرمانی لێكبدرێتەوە، چونكە ئەگەر یەكەمجار وەكو ڕستەیەكی فەرمانی ئاوازەی ڕستەكە لە نزمەوە بۆ بەرز ڕۆشتبوو، ئەوە لەگەڵ هەر ناڕەزاییەكی پیاوەكەیدا، دەتوانێ بڵێت: دەی باشە بۆ تووڕە دەبیت هەر پرسیارێكم كرد و گوتم: (نەڕۆین بۆ بازار؟) بە جۆرێك كە ئاوازەی ڕستەكە پێچەوانە دەكاتەوە و لە بەرزەوە بۆ نزم دەریدەبڕێت.

## ٣-٢/٢ ) فەرهەنگ:

قسەپێكەرانی زمانێكی دیاریكراو خاوەنی فەرهەنگێكی هاوبەشن و لە ڕووی ژمارەی وشە تۆماربووەكانی ناو مێشك وەكو یەكن یان لەیەكەوە نزیكن و لە واتای سەرجەمیشان دەگەن، بەڵام كە دەوترێت فەرهەنگی ژن یان فەرهەنگی پیاو، مەبەست لەوە نییە كە هەریەكەیان بە زمانێكی جیاواز قسەدەكەن و خاوەنی فەرهەنگی تایبەتی خۆیانن، بەڵكو مەبەست لەو وشە و دەربڕینانەیە كە لە بەكارهێناندا زیاتر بەسەر زاری ڕەگەزێكەوەیە یان بەكارهێنانی تایبەتە بە ڕەگەزێكی دیاریكراوەوە و لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە بەكارهێنانی بەكارێكی ناپەسەند دادەنرێت، ئەم فەرهەنگە جیاوازەش بەشێكی بچووكی فەرهەنگە هاوبەشەكەی نێوانیان پێكدەهێنێن (**بڕوانە هێڵكاری ژمارە(٣)**). ئەمەش بەهۆی جیاوازیی ڕۆڵی كۆمەڵایەتی و دابەشبوونی كاروپیشە و پێداویستییەكانی ژیانەوەیە، بۆ نموونە لە كلتوری كوردیدا ژنان هەندێك دەربڕینی وەكو: (كوێرایم دابێ، (سك/جەرگ)ت نەسوتێ، كوڕت

نەمرێ، ئەیەڕۆ...هتد) بەکاردەهێنن، پیاوان بەکاری ناهێنن، بە پێچەوانەشەوە پیاوان هەندێك دەربڕینی وەکو: (تەلاقم کەوتبێ، بەشەرفم، بە گیانی برایەتیمان...هتد) بەکاردەهێنن، کە ژنان بەکاریناهێنن. ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی هەریەکەیانەوە هەیە. بۆیە ناتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە فەرهەنگی کامیان دەوڵەمەندترە، چونکە وشە و دەربڕاوەکان دەرئەنجامی ئەرك و ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی جیاوازن لە کۆمەڵدا، کە بە زمان دەردەبڕێت، بۆیە دەوڵەمەندی فەرهەنگی هەریەکەیان پەیوەستە بەو ئەرك و ڕۆڵە جیاوازانەوە. بۆ نموونە ژنان لە بوارەکانی وەکو:(چێشتلێنان، منداڵبوون، جۆرەکانی خواردن، کەلوپەلی ناوماڵ، منداڵ بەخێوکردن، ژنهێنان و شووکردن، بابەتە جوانکارییەکان...هتد) فەهەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان هەیە، بە پێچەوانەشەوە پیاوان لە بوارەکانی وەکو:(بازرگاری، سیاسەت، وەرزش، خانوو و زەوی، ئۆتۆمبیل و پارچەکانی...هتد) فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندە. ئەم فەرهەنگە جیاوازەی ژنان و پیاوانیش لە گۆڕاندایە و چەسپاو نییە، چونکە فاکتەری ئابووری و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان داهێنان و پێداویستییەکانی ژیان و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان و کزبوونی ئەو سنورەی لە نێوانیاندایە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگەکانیان لە یەکتر نزیك بێتەوە و بە پێچەوانەشەوە. بۆ نموونە لە ڕابردوودا ژنان شارەزاییان لە بوارەکانی وەکو: (سیاسەت و کاروباری کارگێڕی و بەڕێوەبردن و بازرگانی و وەرزش و ئۆتۆمبیل و پارچەکانی...هتد نەبوون، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵی کوردیدا هاتووە شارەزاییان لەم بوارانەدا پەیداکردووە.




هێڵکاری ژمارە (٣ ) فەرهەنگی تایبەتی ژن وپیاو

## ٤-٢/٢ ) ڕستەسازی:

بە شێوەیەکی گشتی یاسا سینتاکسییەکان لە زمانەکانی جیهاندا، جێگیر و چەسپاوترن لە ئاستەکانی تر و زۆر بەکەمی و ماوەیەکی درێژخایەنی دەوێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت. هەموو ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە بە زمانێکی دیاریکراو دەدوێن وەکو یەکیش ئەو یاسا سینتاکسیانە بەکاردەهێنن، هەر گۆڕانێکیش کە بەسەریاندا بێت، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن و کار و پیشە و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی...هتد، بەکاریدەهێنن. بۆ نموونە ژنان و پیاوان هەمان یاسای سینتاکسی بەکاردەهێنن لە ڕیزکردنی کەرەستەکان و هەمان کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی بەکاردەهێنن، سەرەڕای ئەمەش ژنان لە پیاوان هەستیارترن لە بەرامبەر ماهیەتی لەکەداربوونی ڕێزمانی زمانەکەیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی ژنان بە ڕێسا گشتییەکانی زمانەکەیانەوە و کەمتر شێوەی ناتەواوی زمانەکەیان بەکاردێنن و بە تەواوی پەیوەستن بە تەواوی ڕێسا سەرەکییەکانی زمانەکەیانەوە،[١] (Lakoff)یش پێی وایە بەکارهێنانی دروستی ڕێزمانی زمان و دوورکەوتنەوە لە زمانی بازاڕی و بە فەرمی دوواندن، چەند تایبەتمەندییەکی تری زمانی ژنانە.[٢] لە هەندێك زماندا یاسای سینتاکسی هەیە بەکارهێنانی پەیوەستە بە ڕەگەزیی قسەکەرەوە، هەروەکو لە زمانی کۆئاساتی (koasati)، کە یەکێکە لە زمانە ڕەسەنەکانی ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای (لوییزیانا)، کە شێوازی ڕێژەی کرداری (داخوازی و هەواڵی) بەستراوەتەوە بە ڕەگەزی قسەکەرەوە.[٣]

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، یاسا سینتاکسییەکان نەگۆڕن، یان زۆر بە زەحمەت دەگۆڕێن، لە زمانی کوردیشدا، یاسا سینتاکسیەکان نەگۆڕن و لەلایەن هەموو چین و توێژەکانەوە بەبێ جیاوازی بەکاردەهێنرێت، جیاوازی ڕەگەز، تەمەن، پیشە، ئایین، چین و توێژی کۆمەڵایەتی...هتد لە سینتاکسدا ڕەنگ ناداتەوە، هەموو قسەکەران وشە و زاراوە جیاوازەکان، وەکیەك لە ڕستەدا ڕیزدەکەن، یاسایەك نییە تەنها تایبەت بێ بە ژنان، پیاوان بەکارینەهێنن،[٤] بەڵام هەروەکو چۆن هەندێك دەربڕین هەمیشە بەسەر زاریی ڕەگەزێکی دیاریکراوەوەیە، بە هەمان شێوەش هەندێك یاسایی سینتاکسی هەیە، کە زیاتر ڕەگەزێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت، بۆ نموونە:

---

[١]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١١٣ )

[٢]) Rebecca Norman (٢٠٠٦ : ٦ )

[٣]) نرمینە معینیان (١٣٨٨: ٢٤٠)

[٤]) شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٣١)

١. ژنان زیاتر ڕستەی فەرماندانی نائاشکرا بەکاردەهێنن، زیاتر بۆچوونەکانیان وەکو پێشنیاز یان لە شێوەی پرسیارکردندا دەردەبڕن، بە پێچەوانەی پیاوانەوە، کە زیاتر ڕستەی فەرمانیی ئاشکرا بەکاردەهێنن. فەرمانی ئاشکراش داخوازییەکی بنج بڕی تێدایە، قسەکەر بە شێوەیەکی ئاشکرا فەرمان دەدات، بەڵام فەرمانی نائاشکرا، داخوازییەکی بنج بڕ نییە و نەرمی زیاتری تێدایە. بە واتایەکی تر لە فەرمانی ئاشکرادا گوێگر دەبێت ملکەچی جێبەجێکردنی فەرمانەکە بێت، بەڵام لە فەرمانی نائاشکرادا لەجیاتی ملکەچکردن گفتوگۆ هەیە،[1] هەروەها(( لە هەموو حاڵەتێکدا فەرمانی ڕاستەوخۆ و زەق لە سیفاتی ئەو زمانانەیە یان ئەو کۆمەڵانەیە کە پێشکەوتوو نین، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا هەردوو ڕەگەزەکە بە تایبەتی پیاوان بە خاوەن پلە و بێ پایەشەوە بەرەو ئەوە ئەچن، کە شێوازی داواکردنی نەرم بەکاربهێنن.))[2]

بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێك بڵێت: (ئەم کارەم بۆ بکە.)

ئەوە ژنان دەڵێن: (ئایە دەکرێت ئەم کارەم بۆ بکەیت؟)

یان لە جیاتی ئەوەی بە پیاوەکەی بڵێت: (بمبە بۆ ماڵی باوکم.) دەڵێت:

–(بڕۆین/نەڕۆین) سەرێك لە ماڵ باوکم بدەین؟

٢. وەڵامە کورتەکان (Minimal Response)ی وەکو: (ئۆی، ئەیەڕۆ، سس...هتد)، زیاتر بەیەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی قسەکردنی ژنان دادەنرێت.

–سس، منداڵەکە نووستووە.

٣. ژنان بۆ پاراستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی هەڵەیەك یان کەمتەرخەمییەك زیاتر لە پیاوان پۆزش بۆ بەرامبەر دەهێننەوە، بەپێچەوانەوە پیاوان بەدەگمەن داوای پۆزشهێنانەوە دەکەن، چونکە بە لای پیاوەوە داوای پۆزشهێنانەوە، بەواتە دابەزین لە پێگەی خۆی، کە ئەمەش بەلایانەوە قبووڵنەکراوە، چونکە پیاوان خۆیان بە خاوەنی بەرزترین پێگەی کۆمەڵایەتی دادەنێنن.

–زمانم (بەبڕینچێ/لاڵ بێ) ئەگەر وەهام وتبێت.

–بمبەخشە ئەزیەتت کێشا.

–خوا ئاگادارە مەبەستم ئەوە نەبوو.

٤. ژنان زیاتر لە پیاوان کلکەپرسیار (Tag-Question) بەکاردێنن، وەکو: (وایە؟، وانییە؟، ئەتوانی؟، باشە؟...هتد)، بۆ نموونە:

–تاقیکردنەوەکە ئاسان بوو، ئایە وانییە؟

–بەیانی کتێبەکانت بۆ دەهێنم، باشە؟

---

[1] قیس کامل توفیق (١٩٩٥: ٣٣-٣٤)

[2] د.بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/٢٦.

له لێکۆڵینەوەکاندا بەکارهێنانی کلکە پرسیار لە کۆتایی ڕستەدا لە لایەن ژنانەوە دوو لێکدانەوەی بۆ کراوە، هەندێکیان پێیان وایە نیشانەی بڕوابەخۆنەبوون و گومان بێت لەلایەن ژنانەوە، کە ئەمە لە کۆمەڵدا سەبارەت بە ژنان بیرۆکەیەکی باوە، هەندێکی تریان پێیان وایە بەکارهێنانی کلکە پرسیار لەلایەن ژنانەوە یارمەتیدەرە بۆ درێژبوونەوەو بەردەوامبوونی گفتوگۆ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژنان ئاسانکاری دەکەن نەك بڕوایان بە خۆیان نییە.[1] (Holmes) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ژنان و پیاوان کلکەپرسیار بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی جیاواز، بە جۆرێك ئەو کلکە پرسیارانەی ژنان بەکاری دەهێنن زۆر ئەدەبیترە لە وانەی پیاوان، چونکە ژنان کلکە پرسیار بەکاردەهێنن بە مەبەستی ئەوەی بەرامبەر بەشداربکەن لەو گفتوگۆیەی کە دەستیان پیکردووە و گرنگدانی زیاتر بە گوێگر. بەڵام پیاوان لە کاتێکدا کلکە پرسیار بەکاردەهێنن، کە گومانیان لە بەرامبەر هەبێت و دڵنیانەبن لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانە کە پێیان گەیشتووە.[2] بەڵام (lakoff) پێی وایە ژنان کلکەپرسیار بەکاردێنن کاتێك ڕاڕان و ناتوانن و ئەو پەیامەی دەیانەوێت بە شێوەیەکی لێهاتووانە بیگەیەنن.[3] لەبەرئەوە لە هەموو ئەمانەدا تایبەتی شێوازی ئاخاوتنەکە دەبینرێت نەك یاسای سینتاکسی جیاواز.

## ٥-٢/٢ ) ئیدیەم:

مرۆڤ تەنیا یەك شێوازیی بەکارهێنانی زمانی نییە، بۆ نموونە زمانی ئاسایی، زمانی خوازەیی و زمانی جەستە و زمانی شاراوە،...هتد، یەکێك لەو کەرەستە چڕ و پڕ واتایانەشی کە پەنایان بۆ دەبات و لە ئاخاوتندا بەکاریاندەهێنێت، ئیدیەمە. بەکارهێنانی ئیدیەم یەکێکە لەو ڕێگانەی زمانی خوازەیی تێدا بەکاردەهێنرێت، واتە ئیدیەمەکان شێوازێکی تری زمان بەکاریهێنانن، کە ئاخێوەرانی کۆمەڵ و کلتورە جیاوازەکان پەنای بۆ دەبەن.[4] لەبەر ئەوەی ئیدیەمەکان بەشێکی گرنگی ئەو دەربڕینە جیاوازانەی کە هەندێکجار تایبەتن بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە، لەبەرئەوە بە پێویستمان زانی ئاوڕێك لەم دیاریدە زمانییە بدەینەوە.

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا هیچ ئیدیۆمێکمان نییە تایبەت بە جنسێکی دیاریکراو، بەڵام لە بەکارهێناندا ئیدیۆممان هەیە بە بەردەوامی بەسەر زاری جنسێکەوەیە و جنسی بەرامبەر لێی تێدەگات، بەڵام بەکاریناهێنێت.[5] ئەمەش کارێکی ئاساییە، کە ((هەردەم

---

[1]) کاوە شێخانی (٢٠٠٦: ١٢٨)

[2]) Rajend Mesthrie, Joan Swann, Ana Deumert and William L. Leap (٢٠٠٠:٢٣٢)

[3]) Roben Lakoff(١٩٧٥: ١٦) 

[4]) زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢: ٢٨)

[5]) د.فاروق عومەر سدیق، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

جیاوازیی ئاخاوتن و بەکارهێنان و دەربڕاو ئیدیەمی جیاواز لە لایەن هەر دوو ڕەگەزەوە هەستی پێبکرێت، چونکە کۆمەڵ بڕیاری ئەوە دەدات، کە چی بۆ کام ڕەگەز گونجاو و پەسەندە، یان چۆن بئاخێوێت و کام دەربڕاو بەکاربهێنێت. کە ئەمە لە تاك و کۆمەڵێکەوە بۆ تاك و کۆمەڵێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت.))[1] بۆنموونە ژنان چەند ئیدیەمێکی وەکو: ( پرچی سپی بهۆنێتەوە، دەستی ڕەشە، (جەرگ/سك) سوتان، تیریان لێداوە، پێوقەیەمی ڕەشە، چاویان پیا هەڵهێناوە، بەختی ڕەشە، داوێنداتەکاوە، داوێنی خۆم هەڵنادەمەوە...هتد، کە تەنها ژنان بەکاریاندەهێنن، بە پێچەوانەشەوە ئیدیەمەکانی وەکو: (پاڵی لێدایەوە، بەشوویداوە...هتد)، تەنها پیاوان بەکاریاندەهێنن. سەرەڕای ئەمەش هەندێك ئیدیەم هەیە، کە بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو نیشانەکراون، ئەگەر بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بەکاربهێنرێت، ئەوە بە واتایی گاڵتەپێکردن دێت، بەواتا لە بەکارهێنانی ئیدیەمیشدا، هەندێکیان تایبەتێتییان بۆ مێ تێدایە، جا ئەگەر زمانبەکارهێن، لەم ڕاستییە بێ ئاگا بێت، ئەوا تێکچوونی واتایی لە دەربڕینەکەیدا دێتە ئاراوە.[2] ئیدیەمی (هیچ کۆستێ وەك سك سووتان نییە.) بە پێی کۆمەڵی کوردەواری، دەزانرێت، کە دەربڕینی ئافرەتە و زۆر لە ژنان و کچانی کورد، لە وەڵامی چاك و چۆنیی ژنانی تری خاوەن منداڵدا، وەك نزایەك بۆیان لە شێوەی (سکت نەسووتێ)دا بەکاردەهێنرێت، واتە (منداڵت نەمرێت)، خودی دەستەواژەکەش بە واتای (منداڵ مردن) دێت، کاتێك (سك سووتان) لە نێوان ئافرەتان باس دەکرێت، چەمکی کۆست کەوتن بە منداڵ مردن دەگەیەنێت.[3] بەڵام ئەگەر لە کاتی چاکوچۆنیدا، ژنێك بە پیاوێك بڵێت: (*سکت نەسووتێ، لەسایەی خواوە باشین.) ئەم دەربڕینە بە هەڵە دادەنرێت، مەبەست لە تانەلێدانی پیاوەکەیە و بەشێوەیەکی پراگماتییکانە پێی دەڵێت: (تۆ ژنانیت). بەواتە ((دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەوە دەڕەخسێنێت، کە ئایا بەکارهێنانی ئەو ئیدیەمە، تەواوە یان نا، چونکە ئەگەر ئەمە ڕەچاو نەکرا، ئەوا دوور نابێ، کە گوێگر و گوێهەڵخەری ئەو بەکارهێنانەی ئیدیومەکە، بە گاڵتەپێکردنی تێنەگەن.))[4] لەبەرئەوە، وەك دەردەکەوێت لەمەشدا ڕەگەز هەندێك جار دەستنیشانکەری جۆری هەڵبژاردنی ئەم کەرەستە زمانیانەیە. سەرەڕایی ئەمەش ناتوانرێت بڕیاری ئەوە بدرێت، کە فەرهەنگێکی ژن یان پیاو کامیان لە ڕووی ژمارەی ئیدیەمەوە دەوڵەمەندن، چونکە ئەمە پەیوەندی بەو لایەن و بوارانەی ژیانەوە هەیە،کە هەر ڕەگەزێکیان تیایاندا چالاکن.

---

[1] زوبێر عەلی عارف (٢٠١٢: ٩٣-٩٤)

[2] هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠: ١٧٢)

[3] سەرچاوەی پێشوو (١٧٣)

[4] سەرچاوەی پێشوو (١٧٢)

## ٣/٢ ) ڕەگەز و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن:

ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی کە دەکرێن بە پێوانە بۆ هەڵسەنگاندن و دەرخستنی کەسێتی قسەکەر، وەکو هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر جیاوازن، لە کلتوری کوردیدا ئەم پێوەرانە بە پێی هەریەکە لە ڕەگەزی قسەکەر و تەمەن و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی...هتد، گۆڕانیان بەسەردا دێت:

### ١-٣/٢ )نۆرەگرتن( Turn-Taking ) و نۆرەبڕین ( قسەبڕین ) ( interruptions ):

مەبەست لە نۆرەگیری قسەکردن ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەشدارن لە گفتوگۆیەکدا، کە دەشێت دوو کەس یان زیاتر بن، هەریەکەیان بە نۆرە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر لە نێوان خۆیاندا دەبینن، کاتێك کەسێك قسەدەکات ئەوانی تر ڕۆڵی گوێگر دەبینن کە تەواویش بوو، قسەکەر دەبێت بە گوێگر و بە پێچەوانەشەوە گوێگر دەبێت بە قسەکەر، بەڵام ئەگەر بەشداربووانی گفتوگۆکە هەریەکەیان بە نۆرە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگریان نەبینی و هەریەکەیان مافی ئەوی تری پێشێلکرد و قسەیان بە یەکتر بڕی ئەوە پێی دەگوترێت قسەبڕین(نۆرەبڕین). قسەبڕینیش لە لایەن گوێگرەوە بۆ دوو مەبەستە: ناڕازیبوون و بەرپەرچدانەوەی قسەکەر یان هاندانی و ڕوونکردنەوەی زیاتر و دەوڵەمەندکردنی وتەکانی. ئەمەش ((پەیوەندی بە دەسەڵات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ڕەگەز و بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە.))[١] بۆ نموونە تەرزەکانی نۆرە گۆڕینەوە بە پێی جۆری ڕەگەزی قسەکەر دەگۆڕێت، بە شێوەیەك تێبینی ئەوە دەکرێت، کە قسەکەری نێر زیاتر قسە بە قسەکەری مێ دەبڕێت، لە کاتێکدا لە ئاخاوتنی هاوڕەگەزەکاندا نۆرەگرتن ئاساییە.[٢] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوان هەم لەڕووی بایۆلۆجییەوە خاوەنی جەستەیەکی بەهێزن و هەم لەڕووە کۆمەڵایەتیەوە خاوەنی هێز و دەسەڵات و پلەوپایەن، ژنانیش بە پێچەوانەشەوە. بۆیە پیاوان زۆرترین نۆرەیان لە کاتی قسەکردندا هەیە و دەستیش بەسەر گفتوگۆکاندا دەگرن.

(Tannen)یش ئەوە دەردەخات، کە پیاوان بە خۆشحاڵییەوە ئەوە قبوڵدەکەن کاتێك لە لایەن ژنانەوە لە کاتی گفتوگۆدا بپچڕێن بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی پشتگیریکردن و ڕازیبوونەکانی وەکو: ڕاستە، بەڵێ، وایە ...هتد، چونکە ئەزانن، کە ئەمانە نابێتە هۆی ئەوەی کە ماوەی قسەکردنی تەواوبێت و لە بابەتە سەرەکیەکەی لانادەن، زۆر توڕەش دەبن لە کاتی گفتوگۆکردندا قسەیان پێببڕێت، چونکە پیاوان گفتوگۆکردن وەك پێشبرکێیەك بەکاردەهێنن، هەموو توانایەك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی دەست بەسەر گفتوگۆدا بگرن و ئاڕاستەی گفتوگۆکە بە

---

[١]) هێمن عەبدوالحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٤٧)

[٢]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ١٣٨)

هەر ئاڕاستەیەکدا ببەن، کە ئارەزووی دەکەن و هەوڵی ئەوەش دەدەن ببنە قسەکەری یەکەم ئەویش بەگێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆك و بەخشینی زانیاری.[1] بەڵام ژنان ناتوانن بە هەمان شێوەی پیاوان دەست بەسەر گفتوگۆ و ئاڕاستەکەیدا بگرن، بە هۆی ئەو پێگەیەی کە کۆمەڵ بە ژنانی بەخشیووە، خۆیان بە لاواز و بێ دەسەلآت دێتە پێش چاو، هەروەها گۆڕینی ئاراستەی بابەتی گفتوگۆکە وەکو چوونە پێشەوەیەك نابینن، بەڵکو وەکو پێشێلکردنی مافی بەرامبەری دەبینن.[2] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ستراتیژییەی کە ژنان بەکاری دەهێنن، کە بریتییە لە گۆڕینەوەی بەسەرهات لە بارەی شارەزاییەکانی خۆیان، بەشداربووانی گفتوگۆ بۆ بە دەستهێنانی واتاو مەبەست هاریکاری یەکتر دەکەن، ئەگەر یەکێك قسە بکات وەڵام و پشتگیریکردن لە لایەن گوێگرانی چالاکەوە وەردەگرێت، چونکە ئەرکی گفتوگۆکردن بەلای ژنانەوە بە دیهێنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئافرەتان کارامەیی باشیان لە هاوڕێیەتی دروستکردندا هەیە، هەروەها مەبەستی قسەکەر، قسەکردن و بێدەنگکردنی ئەوانی تر نییە، بەڵکو بەشداربوونێتی لەگەڵ ئەوانی تردا. بەڵام پیاوان خۆیان لە گروپێکدا بە مەبەستی سەرەکی قسەکردن رێك ناخەن، بەڵکو ئەوان بۆ چالاکییەك وەرزشێك یان یارییەك کۆدەبنەوە، جگە لە ئەمە پیاوان دەیانەوێت کۆنترۆڵیان بەسەر ژینگەی ئەو گفتوگۆیەوە هەبێت.[3]

لە کلتوری کوردیدا هەموو ئەندامانی گفتوگۆیەك کە بیانەوێت قسەبکەن بە نۆرە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر لە نێوان خۆیانە دەگۆڕنەوە، واتە هەم ڕۆڵی قسەکەر و هەم ڕۆڵی گوێگریش دەبینن، هەر نایەکسانییەك  لەم ڕۆڵگۆڕینەدا ڕوویدات، مافی نۆرەی قسەکردن لە ئەندامانی تری گفتوگۆکە زەوت بکرێت، ئەوە بە کاریکی ناپەسەند دادەنرێت، بەڵام ئاساییە قسەکەرێك لە نۆرەی قسەکردنی خۆیدا زیاتر قسە بکات. قسەپێبرینیش بەکارێکی ناپەسەند و بێرێزیکردن بەرامبەر بە قسەکەر دادەنرێت. ئەگەر لەکاتی پێویستیشدا گوێگرێك قسە بە قسەکەرێك ببڕێت، ئەوە بەڕێزەوە ئەم کارە ئەنجامدەدات و چەند دەربڕینێکی وەکو: (قسەکەت لە دەمتدا بە (شەکربێت/شەکر دەبڕم)، قسەی خۆت لە (بیرنەچێت/بیر بێت)، قەوسێکم بدەرێ ...هتد) بەکاردەهێنێن.

لەگەڵ ئەم پێوەرە کۆمەڵایەتییەی قسەکردنیشدا بەهۆی نایەکسانی ڕۆڵ و پێگەی ژن و پیاوەوە، پیاوان زۆرتر قسە بە ژنان دەبڕن و هەمیشە قسەکەری یەکەمن، زۆرترین نۆرەشیان لە گفتوگۆکەدا هەیە، ئەمەش بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت، چونکە باڵادەستی پیاو و

---

[1]) Rajend Mesthrie, Joan Swann, Ana Deumert and William L. Leap (٢٠٠٠:٢٢٧)

[2]) سەرچاوەی پێشوو (٢٢٧)

[3]) کریستین نۆرد نستام (٢٠٠٩: ٣٣)

دەستکورتی ژن لە کۆمەڵی پیاو سالاریدا، دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان هەمیشە لە گفتوگۆکاندا قسەکەری یەکەم بن و ژنانیش ببنە گوێگری ئەوان. هەروەها ژنان زیاتر لە پیاوان هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر دەدەن بۆ گوێگرتن لە قسەکانیان و لە هەمانکاتیشدا لە لایەن پیاوانەوە قسەکانیان جەختی لەسەر ناکرێتەوە.[1] بەپێچەوانەشەوە لەبەرئەوەی ژنان لە کۆمەڵدا قسە بە پیاوان نابڕن، چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان دەکەن. بۆیە قسەپێبڕینی پیاوان لەلایەن ژنانەوە کارێکی نەگونجاوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە نەك تەنها لەلایەن پیاوانەوە بەڵکو لەلایەن هاوڕەگەزەکانی خۆشیانەوە، بۆیە ژنان قسە بە پیاوان نابڕن و چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان دەکەن، چونکە لە کلتوری کوردیدا ((کۆمەڵ، هێمنی و لەسەرخۆیی بە یەکێك لە گرنگترین سیفەتەکانی ژن دادەنێت، ژنانیش ناچاردەبن خۆیان وا دەربخەن، کە زۆر هێمن و لەسەرخۆن و دوورن لە هەڵەشەیی و پەلەپەل لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا، هەر بۆیە قسە بە پیاوان نابڕن و چاوەڕێ دەکەن، تا لە وتەکانیان دەبنەوە.))[2] هەروەها ژنان بە چەند دەربڕینێکی وەکو: (بەڵێ، ڕاستەکەی، زۆرباشتکرد، وایە، دەستت خۆشبێت...هتد)، قسە بە پیاوان دەبڕن، تەنها بە مەبەستی پشتگیریکردن لە بۆچوونەکانیان، نەوەك خۆیان ببنە قسەکەر، بەپێچەوانەوە پیاوان ئەم دەربڕاوانە بە مەبەستی پشتگیریکردن لە قسەی ژنان دەرنابڕن، چونکە هەمیشە پیاوان خۆیان بە خاوەن بڕیار دادەنێن و هەوڵی ئەوە دەدەن لە بابەتە سەرەکییەکان بیروبۆچوونەکانی خۆیان بسەپێنن و دەسەڵاتی خۆیان دەربخەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوان لەم کۆمەڵەدا خۆیان بە خاوەنی هێز و دەسەڵات و خاوەن بڕیار دادەنێن، هەمیشە لە پێشبڕكێدان بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانیان و بۆچوونەکانی ژنانیش بە کەم بایەخ دادەنێن، هەروەها پیاوان لەو کاتەی کە ڕۆڵی قسەکەر دەبینن، هەوڵدەدەن سەرنجی هەموو بە شداربووانی گفتوگۆکە بۆ لای خۆیان ڕاکیشن، بوار نادەن بە کردنەوەی گفتوگۆیەکی تر لە ناو گفتوگۆکەیدا یان بابەتی گفتوگۆکە بگۆڕن، بەڵام بە پێچەوانەوە ژنان لە یەك کاتدا بەشداربووانی گفتوگۆیەك بە شێوازی گروپی بچووکتر پێکەوە لەسەر بابەتێك دەدوێن، زۆرجاریش ئەگەر یەکێك قسەکەر بێت زۆر ئاساییە بە لایەوە چەند بەشداربوویەك سەرقاڵبن و ئاگایان لێی نەبێت، چونکە ژنان گفتوگۆی هاریکارییانە بەکاردەهێنن و تەنها مەبەستیان گەیاندنی بۆچوونەکانیانە بە کەسانی دەوروبەر، بە پێچەوانەوە پیاوان هەمیشە گفتوگۆ وەك پێشبڕكێیەك بەکاردێنن و هەوڵدەدەن خۆیان بە کەسێکی خاوەن بڕیار و شارەزا دەربخەن و بڕیارەکانیان بگەیەنن،

---

[1]) عباس محمدی اصل (١٣٨٩: ٢٠٩)

[2]) شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٤٩-٥٠)

به پێی ئەو توێژینەوەیەی کە لەسەر چەند بەرنامەیەکی چەند تەلەڤزیۆنێکی کوردی ئەنجاممان داوە، ئەوە دەردەکەوێت کە پیاوان بە ڕێژەیەکی زۆر قسە بە ژنان دەبڕن، بە جۆرێك لە کۆی ئەو قسانەی کە بەیەکتر بڕاوە، لە ٪٧٤ ی لە لایەن پیاوانەوە بووە و تەنها لە ٪٢٦ ژنان قسەیان بە پیاوان بڕیوە.[١] ( **بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٤ )**)




هێڵکاری ژمارە (٤) ڕەگەز و بڕی قسەپێبڕین

به شێوەیەکی گشتی لە کاتی گفتوگۆکردندا پیاوان هەمبەر بە ژنان لە کلتووری کوردیدا:

١. پیاوان زۆرتر قسە بە ژنان دەبڕن، تەنانەت لەو بابەتانەش کە ژنان زیاتر تیایدا شارەزان، پیاوان خۆیانی تیاهەڵدەقورتێنن و وەکو شارەزایەك قسە دەکەن، بە پێچەوانەوە ژنان دان بەخۆیاندا دەنێن و قسە بە پیاوان نابڕن، خۆشیان بەدوور دەگرن لە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانەی پیاوان پێیانەوە سەرقاڵن و شارەزان تیایدا.

٢. پیاوان زۆرترین نۆرەی قسەکردنیان هەیە و دەست بەسەر گفتوۆکەشدا دەگرن.

٣. هەندێك جار ژنان قسە بە پیاوان دەبڕن، نەوەکو بە مەبەستی بەرپەرچدانەوە و ناڕەزایی دەربڕین و زەوتکردنی نۆرەی قسەکردن، بەڵکو بۆ پشتگیری کردن لە بۆچوونەکانیان ئەویش بە دەربڕینی چەند دەربڕینێکی وەکو: (دەستت خۆش بێت، وایە، ڕاستەکەی، چاکتکرد...هتد.

٤. پیاوان بە زۆری قسەکەری یەکەمن و لە پێش ژنانەوە دەست بە قسەکردن دەکەن.

٥. لەکاتی گفتوگۆکردنی هاوڕەگەزەکاندا، پیاوان کاتێك ڕۆڵی قسەکەر دەبینن، بوار نادەن و پێیان خۆش نییە بە کردنەوەی گفتوگۆیەکی تر لە ناو گفتوگۆکەدا یان بابەتی گفتوگۆکە بگۆڕن

---

[١] تەلەڤزیۆنی ئێن ئاڕ تی، بەرنامەی (تەبا و ناتەبا)، لە بەروارەکانی: (٨-٦-٢٠١٢ / ٢٨- ١١-٢٠١٢)، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی (کەوانە)، لە بەروارەکانی: (٤-٩-٢٠١٢ / ٢-١٠-٢٠١٢ ).

پێش تەواوبوونی قسەکەیان، بەڵام بە پێچەوانەوە بەلای قسەکەرێکی ژنەوە ئاساییە لەیەك کاتدا بەشداربووانی گفتوگۆیەك بە شێوازی گروپی بچووکتر پێکەوە لەسەر بابەتێك بدوێن یان چەند ئەندامێکی گفتوگۆکە سەرقاڵبن و ئاگایان لێی نەبێت. دەکرێ بوترێت، دەربڕینی (ئەڵێی حەمامی ژنانە) ئاماژەیە بۆ ئەم ستراتیژییەی ژنان.

## ٢-٣/٢) دەنگ بەرزکردنەوە:

هەندێك جار لە کاتی گفتوگۆدا تۆنەکانی دەنگ لە ڕەوتی ئاسایی خۆیی بەسەر بەرامبەردا بەرزدەکرێنەوە بۆ باشتر گەیاندن یان ترساندن و سەپاندنی بیروبۆچوونەکان. لەناو کلتووری کوردەواریدا دەنگ بەرزکردنەوە کارێکی ناپەسەندە و بە بێڕیزیکردن دادەنرێت، ئەمەش پەیوەندی بە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ڕەگەز و بۆنەی ئاخاوتنەکەوە هەیە، بۆ نموونە دەنگ بەرزکردنەوەی ژنان بەسەر پیاواندا ڕێگەپێنەدراوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچەندە پیاوان هەندێکجار دەنگ بەسەر ڕەگەزی بەرامبەردا بەرزدەکەنەوە بە کارێکی پەسەند دابنرێت، بەڵام ڕووبەڕووی ئەو دژایەتیە نابنەوە هەمبەر بە ژنان. بۆیە ((ژنان هەوڵدەدەن لە کاتی قسەکردندا دەنگیان بەرزنەکەنەوە، چونکە کۆمەڵ هەر لە منداڵییەوە بەو شێوەی ڕایهێناون و پێیان دەڵێت ئاگات لە دەنگ و قسەکانت بێت بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە دەریدەبڕێت بە جۆرێك بێت هیچی لەسەر نەکەوێت و لە بەرپرسیاری دوور بێت.))[١] یان ئەوانەی تەمەنیان کەمترە نابێت دەنگ بەسەر ئەوانەدا بەرزبکەنەوە کە لە خۆیان گەورەترن، هەروەها بە پێی کات و شوێن و کەس و بابەتی قسەکردنەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە وتاربێژێکی ئایینی بۆ زیاتر گەیاندنی بابەتەکەی بەدەنگی بەرزقسەدەکات یان سیاسەتمەدارێك بۆ ورژاندنی هەستی نەتەوایەتی یان گەیاندی پێڕەو و پرۆگرامێکی سیاسی بەدەنگی بەرزقسەدەکات و لە کۆمەڵدا بەکارێکی ئاسایی دادەنرێت، هەروەها پیاوان بۆ بڕینی قسە بە ژنان دەنگیان بەرزدەکەنەوە بە جۆرێك کە دەنگیان زاڵدەبێت بەسەر دەنگی ژنان و ناچاری قسە پێبڕینیان دەکەن. تەنانەت لە کاتی کێشەو گیروگرفت ژنان هەوڵدەدەن، کە بەدەنگی نزم قسە بکەن بۆ ئەوەی کەسانی دەوروبەر ئاگادارنەبن، چونکە بەلایەوە بە عەیبە دادەنرێت، بە پێچەوانەی پیاوانەوە کە بە دەنگی بەرز قسەدەکەن و دەست دەکەن بە هاتوو هاوار و کەسانی دەوروبەر ئاگاداردەکەنەوە.

---

[١] د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/١٠.

## ٣-٣/٢) بڕی ئاخاوتن (زۆربلێیی) (Amount of talk):

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە زانستییەکان دەریان خستووە، کە لەلایەنی بایۆلۆجییەوە ژنان زیاتر لە پیاوان توانایی قسەکردنیان هەیە، زاناکان پێیان وایە، کە ((تێکڕای قسەکردنی ژنان لە ڕۆژێکدا (٢٠٠٠٠) وشەیە و توانای بەکارهێنانی (٢٠٠٠–٣٠٠٠) جۆر لە دەنگی جیاجیای وشەکانییان هەیە، بەڵام پیاوان تەنها توانای بەکارهێنانی( ٢٠٠٠– ٤٠٠٠) وشە و (١٠٠٠–٣٠٠٠) جۆر دەنگی جیاجیای وشەکانییان هەیە. بۆیە ژنان توانای قسەکردنیان زیاترە و کچانیش بە منداڵی زووتر فێری قسەکردن دەبن لەچاو کوڕاندا.))[١] هەروەها ژنان هەردوو بەشی مێشکیان بەکاردێنن بۆ قسەکردن بە پێچەوانەی پیاوانەوە کە تەنها لای چەپیان بەکاردێنن، واتە ژنان بە دەستی خۆیان نییە کە حەزیان لە قسەکردنە.[٢] سەرەڕای ئەمەش بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دوور و نزیکی ژن و پیاو لە یەکتری لە کلتورە جیاوازەکاندا گۆڕان بەسەر بڕی ئاخاوتندا دەهێنێت. لەناو کلتوری کوردییدا وەکو زۆربەی کلتورەکانی تر زۆر بلێیی بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت و چەند دەبڕینێکی وەکو: (چەنەباز، زۆربلێ، زۆر ئەڕیسێ، بەڕووی لە دەما تەقیوە...هتد) بۆ ئەو کەسەی کە زۆر قسە دەکات بەکاردەهێنرێت. لە کوردەواریدا ژنان و پیاوان بە بڕی جیاواز قسەدەکەن، بە زۆری ژنان زیاتر لە پیاوان قسەدەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان زۆربەی کات لە ماڵەوەن و کەمتر کەسە نزیکەکانیان دەبینن، هەروەها هەمبەر بە پیاوان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتەو لە نێوان ژناندا هەیە. بۆیە لەکاتی یەکتر بینین بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیە و کۆبوونەوەی قسەیەکی زۆر و خەیاڵفراوانی ژنان و وردی و بە توانایی بۆ لێکدانەوەی بابەتەکان و پەلکێشکردنی گفتوگۆکەیان بۆ چەند بابەتێکی تر و هەواڵپرسین و باس خواسی کەسانی تر، بۆیە ماوەیەکی زیاتر پێکەوە دەمێننەوە زۆر قسە دەکەن. بڕی قسەکردن پەیوەندی بە ئەندامانی گفتوگۆکەشەوە هەیە، بە جۆرێك کە ژنان لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی یان ئەندامانی خێزانەکەی لە پیاوان زیاتر قسەدەکەن، بەڵام لە کاتێکدا کە ئەندامانی گفتوگۆکە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بێت پیاوان لە ژنان زیاتر قسەدەکەن، بە پێچەوانەشەوە ژنان لەکاتێکی گفتوگۆی هاوڕەگەزیدا بە بڕێکی زیاتر لە پیاوان قسەدەکەن، ئەمەش بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت، هەریەکەیان بەبێ ماندوێتی قسەدەکات تەنانەت جاری وا هەیە لە یەك کۆڕ و کۆبوونەوەی ژناندا لە یەك کاتدا چەند بابەتێك باسدەکرێت.

لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەو پۆلانەی کە کچان و کوڕان تێکەڵن و لەڕووی تەمەنەوە منداڵن(قۆناغی بنەڕەتی)، تا ڕادەیەك بە بڕی وەکو یەك قسەدەکەن، بەڵام لەو

---

[١] پرشنگ عەبدول محەمەد (٢٠٠٣: ٤٢)، هەروەها بروانە: شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٤٥)

[٢] سەرچاوەی پێشوو (٤٢)

قوتابخانەی کە کوڕان و کچان تێکەڵاون و تەمەنیان گەورەیە(قۆناغی ئامادەیی)، تا ڕادەیەك کوڕان زیاتر لە کچان قسەدەکەن، بەجۆرێك بە دەنگی بەرز و گرووپی گەورە گفتوگۆ دەکەن، لەکاتێکدا کچان بە بڕی کەمتر بە دەنگی نزم و بە گرووپی بچووك گفتوگۆ دەکەن. لە کاتێکدا لەو قوتابخانانەی کە تەنها کچانن و تەمەنیان گەورەیە بە بڕی زۆر و دەنگی بەرز قسە دەکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەو قوتابخانانەی کە تەنها کوڕان تەمەنیان گەورەیە بێدەنگترن و کەمتر قسە دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی لە کلتووری کوردیدا ژنان لە پیاوان بە بڕی زیاتر قسەدەکەن، ئەمەش بەکارێکی ئاسایی دادەنرێت، بەڵام زۆربڵێیی پیاوان چ لە نێوان هاوڕەگەزەکانی خۆیان یان ڕەگەزی بەرامبەر بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت، هەر وەك لەم پەندانەدا دەردەکەوێت:[1]

–دێی فرە کوێخا ئاوەدان نابێ

پیاوی زۆر بڵێ، نوکتەدان نابێ

–پیاوی زۆربڵێ بۆ دۆزەخ بەرە

لەوێشدا ئەڵێ: دارەکەی تەڕە

–شایی شایکەر لۆغەی دراوسێ

لە تازیەی ژنان سەرم دەئاوسێ

–پیاو کە زۆری وت، چاکیش ئەڵێ و خراپیش ئەڵێ[2]

زۆربڵێیی ژنانیش پەیوەندیی بە دوور و نزیکی ئەندامانی گفتوگۆکەوە هەیە، بۆ نموونە ژنان ئەگەر بەرامبەرەکەیان نێر و نەناسیابوو کەمتر قسەدەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی پیاو سالاری لە کۆمەڵدا، ئەگەرنا ژنان لە گفتوگۆیەکدا کە ئازادبن و مافی قسەکردنیان هەبێت بە بڕی زیاتر لە پیاوان قسەدەکەن، بۆ ئەم مەبەستە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیمان وەرگرتووە، کە ژن و پیاوێك بە ئازادی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە بوارەکانی وەکو: (سیاسەت و ماف و ئازادی ژنان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان...هتد) دواون، دەردەکەوێت کە هەرچەندە لە بەرنامەکاندا لە ژمارەدا پرسیاری وەکو یەکیان ئاراستە کراوە، بەڵام لە کۆی کاتی بەرنامەکان[*] ژنان ٪٥٥ لە کاتی بەرنامەکان قسەیان کردووە و پیاوانیش لە ٪٤٥ ی کاتی

---

[1] ـــــــــــ، پەندەکانی پیرەمێرد (٢٠٠٧: ل٥١، ل٥٠، ل٥٥)

[2] شێخ محمدی خاڵ (١٩: ١٣٨)

[*] تەنها ئەو کاتانەی بەرنامەکان بۆ توێژینەوەکە وەرگیراون، کە میوانەکانی بەرنامەکان قسەیان کردووە، هەموو ئەو کاتانەی کە پێشکەشکارەکە قسەی کردووە یان کاتی ناوبڕ و ریکلامەکان وەرنەگیراون.

بەرنامەکان قسەیان کردووە، واتە ژنان بە ٪ ١٠ زیاتر لە پیاوان قسەیان کردووە[١] (**بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٥)**).




هێڵکاری ژمارە(٥) ڕەگەز و بڕی ئاخاوتن

### ٤-٣/٢ ) زیادەڕۆیی:

لە کلتووری کوردیدا ژنان لە پیاوان لە گفتوگۆکاندا درێژدادڕترن و زۆر بە وردی و بە فراوانی باسی بابەتەکان دەکەن و زیادەڕۆیییەکی زۆریشی تێدادەکەن، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە پیاو لە کۆمەڵدا، پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێکی زیاتری لە ژن پێدراوە، هەر بۆیە ژنان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو لایەنانەی سەرەوە، پەنا دەبەنەبەر زیادەڕۆیی، لە قسەکردندا، بۆ ئەوەی وا لە کەسانی دەوروبەر بکەن گوێیان لێ بگرن، بایەخ بە قسەکانیان بدەن و بەهەند وەریانبگرن، هەوڵدەدەن بابەتەکانیان گەورەبکەن و بەرگێکی گرنگییان بە بەردابکەن.[٢] بۆیە ژنان لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوێك یان وەسفی شتێك لە دەربڕینەکانییاندا زیادەڕەوی دەکەن، بۆ نموونە لەم دەقەی ژناندا دەردەکەوێت:

---

[١] تەلەڤزیۆنی ئێن ئاڕ تی، بەرنامەی (تەبا و ناتەبا)، لە بەروارەکانی: (٨-٦-٢٠١٢ / ٢٨- ١١-٢٠١٢)، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی (کەوانە)، لە بەروارەکانی: (٤-٩-٢٠١٢ / ٢-١٠-٢٠١٢).

[٢] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٥٢)

**(( ئەم شەو، بوو بە یەك فەرتەنە و قاوەقیژ هەر مەپرسە، زریکەیان ئەگەیشتە عەرشی عەزیم، ئەمەنەیان لە خۆیاندا، خۆیان لەت و کوت کرد، قژیان لەسەری خۆیان بڕی، هەریەکەیان بە حەوت کەس نەئەگیرا، کافر پێیان موسڵمان ئەبوو.))**[1]

## ٥-٣/٢) ناڕاستەوخۆ دەربڕین(Indirectness):

**بریتییە لەوەی کە قسەکەر لە کاتی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیدا، نەیەوێت ڕاستەوخۆ ئەوەی مەبەستە بیگەیەنێت، ئەمەش بە هۆی کۆمەڵێك هۆکار کە پەیوەندی بە کەسی قسەکەر و بابەتی قسە لەسەر کراوە هەیە، بەم ڕێگەیە قسەکەر دەتوانێت خۆی بپارێزێت لە هەر کاردانەوەیەك، چونکە قسەکەر لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی لە لایەن گوێگرەوە، بە لای کەمەوە دوو ئەگەری لە بەردەستدایە، بەوەی کە دوو مەبەست بە گوێگر دەگەیەنێت، گوێگریش یەکێکیانی بەلاوە پەسەند دەبێت و دژی ئەوی تریان دەوەستێتەوە. بە زۆری لە کاتی ناڕاستەوخۆ دەربڕیندا قسەکەر مەبەستی ئەو بۆچوونەیانە کە ناتوانێت ڕاستەخۆ بە گوێگری بگەیەنێت. دەتوانرێت بگوترێت ((یەکێك لەو تەکنیکە گرنگانەی کە پیاو لە ئاخاوتندا لە ژن جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە پیاو بە پێچەوانەی ژنەوە زۆر بێ پەردەتر مەبەستەکانی خۆی دەدرکێنێ و ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا لە ناسکترین کێشە دەدوێ، ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاو نەك خاوەنی خۆیەتی بەڵکو خاوەنی کۆمەڵیشە و پێوانەی ئاکار و بەهاش هەر خۆی دایناوە و پێویستی بە شەرم نییە لە کەس))**[2] **(بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٦)).**

**مەبەستەکەی ڕاستەوخۆ دەگەیەنێت**




**هێڵکاری ژمارە (٦ ) بە ڕاستەوخۆ گەیاندن**

**بۆیە ژن لە قسەکردندا هەرگیز نایەوێت بۆچوونەکانی خۆی بە زەقی دەربڕێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژێت، پێچەوانەشە لەگەڵ ڕادەی سەربەستی و باوەڕ بەخۆکردندا، واتە تا سەربەستی زیاتر بێت و باوەڕی بەخۆی زیاتر بێت کەمتر**

---

[1] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٥٢)

[2] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٩)

**ناراستەوخۆ دەربڕین لە شێوازی ئاخاوتنی بە دیدەکرێت و بە پێچەوانەشەوە.[١] بۆ ئەم مەبەستە چەندین دەربڕاوی وەك: (مەبەستم ئەوەیە، خۆت دەزانیت، دەشێت ...هتد) بەکاردەهێنێت، ئەمەش بۆ مەبەستی هێشتنەوەی هێڵی پاشگەزبوونەوە و پەشیمان بوونەوە، بە مەبەستی خۆپاراستن، یان ڕوونکردنەوەی قسەکەی پێشتری، کە کردوویەتی، تا لە ئەنجامە نیگەتیڤییەکانی بۆچوونەکەی خۆی بپارێزێت.[٢] چونکە ((ژنان هەمیشە لەژێر چاودێریدان و هەموو هەڵسوکەوتێکیان، جێگەی سەرنج و تێبینییە، ناتوانن وەك پیاوان بە ئازادی بیروڕاکانیان دەربڕن، بەڵکو دەبێت بە دوای وشە و دەربڕاوی وەهادا بگەڕێن، کە لە دواییدا ڕەخنەیان لێنەگیرێت و بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر دەربڕینی ناڕاسەوخۆ.)) (بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٧)) ئەمەش وەکو بەشێك لە هێڵی خۆپاراستن بەکاریدەهێنێت، لەبەرئەوەی ژنان لە پیاوان گوێڕایەڵترن بۆ یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەلایەوە گرنگە کە ئەم یەکەم کەس نەبێت لەو پێوانە و بەها و ئاکارانە دەرچێت، کە لە کۆمەڵدا هەیە و پەیڕەوی دەکرێت نەوەکو هەموو تاوانەکە بخرێتە مل.[٣] بۆیە هەوڵدەدەن بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان چەندین پێچ و پەنا لە قسەکانیاندا دروست دەکەن و ڕاستەوخۆ مەبەستەکانییان نەگەیەنن. ئەمەش بەهۆیی دەسەڵاتی پیاو سالارییەوە، کە ژنان ناتوانن بە ڕاشکاوی قسەی خۆیان دەربڕن، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێك و ژنێك گلەیی لە کەسێك بکەن ئەوە پیاوەکە دەڵێت: (تۆ خزمیت بۆ هاتوچۆمان ناکەیت؟)، بەڵام ژنەکە دەڵێت: (خزمایەتی و دۆستایەتی بە هاتوچۆوە خۆشە، تۆ بۆ دیارنیت؟).[٤]**




**هێڵکاری ژمارە (٧ ) بە ناڕاستەوخۆ گەیاندن**

---

[١]) د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٣)

[٢]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ١٣٧)

[٣]) محەمەد معروف فتاح (٢٠١٠: ١٠٠)

[٤]) د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، ٢٠١٣/٢/١٠.

**هەروەها ژنان بابەتەکانی وەکو: (نەخۆشی و ترس و شەرم و جنس و جنێو و تابوو...هتد)، ڕاستەوخۆ بێپەردە دەرنابڕن. بۆ نموونە ژن لە تاو شەرم دەیان زاراوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت یان دادەنێن، تاوەکو بێپەردە وشەیەکی وەك خۆشەویستی لە ئاخاوتندا بەکارنەیەنێت بە تایبەتی کە بەرامبەرەکەی پیاو بێت، ئەوەتا چەند دەربڕینێکی وەکو:[1]**

**-دڵیان بەیەکترەوەیە.**

**-حەزیان لە یەکتری کردووە.**

**-هەتیوەکە دڵی بە چەتیوەکەوەیە.**

**-شێت و شەیدای بووە.**

**-ئەیەوێ بیهێنێ.**

**-بە دڵیا چووە.**

**-داوای دەکات.**

**دیسان لە ترساندا لە جیاتی ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە مێردەکەی مردووە، دەیان ڕێگای ناڕاستەوخۆ دەگرێ هەر بۆ ئەوەی وشەی مردن بەکارنەهێنێت، وەکو:[2]**

**-باوکی مناڵەکان کۆچی (دوایی) کردووە.**

**-لە دنیا دەرچووە.**

**-قەزاوبەڵای ئێوەی بردووە.**

**-ئەمری خوای کردووە.**

**-فەرمانی خوای بە جێهێناوە.**

**هەروەها نەخۆشیش بە لای ئافرەتانەوە هێزێکی ڕەشی تێدایە، لەبەرئەوەی بە ئاسانی نابێت ناوی بەرێت، بە تایبەتی ئەو نەخۆشیانەی سەخت و کوشندەن. هەر لەبەر ئەمەیە سیلی جاران و شێرپەنجەی ئەم سەردەمە بە (دەعباکە)، (دوا بڕاوەکە) و (هەرامەکە) و ((دەردوپیسەکە)) ناو دەبات. ئەم دیاردەش تەنها لای ژنی کورد نییە، بەڵکو لە چەند کۆمەڵێکی تریشدا هەیە، بۆ نموونە، ژنانی میسر لە بری وشەی** الحصبة **(سورێژە)، وشەی** (المبروکة) **بەکاردەهێنن، بەهەمان شێوە، لە بری وشەکانی:** (العفاريت، الشياطين، الجن، الارواح) **وشەی** (الأسياد) **بەکاردەهێنن.[3] هەروەها ناوی پیرۆزیش لە شوێنی نەگونجاو و پیسدا ڕاستەوخۆ بەکارناهێنێت، لەبەرئەوە ئافرەتان لەم شوێنانەدا سوێندەکەی بە (گوڵێکی**

---

[1] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٠)

[2] سەرچاوەی پێشوو (١٠٠)

[3] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٩٨-٩٩)

پاك) دەخوات،[1] وەکو (ناوی خوام بۆ گوڵێك بردبێت)، هەروەها لە جنێویشدا بۆ ئەوەی لە وشەی بێ پەردە دوورکەوێتەوە و زۆرجار پەنا دەباتە بەر دەربڕینی وەکو: [2]

–ئەو کچە تیوەی والێکراوەی والێکراوە.

–ئەو شار بەدەرکراوە.

–ئەو بە پەنگ بووە.

–مالأنگەڕە.

## ٦-٣/٢ ) قسەکردنی بەڕێزانە :

لە کلتووری کوردیدا ژن زیاتر لە پیاو ڕێزی بەرامبەرەکەی دەگرێت، بەهۆی دەسەڵاتی پیاو سالاری و کەم دەسەڵاتی و پێگەی نزمی کۆمەڵایەتی و گوشارە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەریان. ئەم بەڕێزەوە قسەکردنەشی بە ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە خۆیان بەکاردەهێنن، لەو یاسا و ڕێسا ئایینی و کۆمەڵایەتییانەش دەرناچن، کە کۆمەڵ بۆی دیاریکردوون. هەروەها کۆمەڵیش هێمنی و لەسەرخۆیی و بێدەنگی و دانبەخۆداگرتن و ڕەفتاری بەڕێزانەی لە ژنان دەوێت، زمانیش دەربڕی ئەم ڕەفتارانەیە و ڕەنگدانەوەی لە دەربڕینە زمانییەکان دەبێت. بۆیە لە کاتی قسەکردندا دەیەوێت بیرەکانی بە ناسکی دەربڕێت و ئەگەر بە زاریش بێت نایەوێت وشەکانی خەڵکی تر ڕاستەوخۆ بریندار بکات. هەر لەبەرئەوەشە لەوکاتانەشدا کە بە ڕاستی دەیەوێ پلار و توانج و تانەش بهاوێت، وشەکانی سەرزاری بێگوناه و ناسکن.[3] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵدا هەر لە منداڵییەوە بە شێوازی جیاواز هەڵسوکەوت و قسە لەگەڵ کوڕان و کچان دەکرێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەریان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی هەمان شێوازی هەڵسوکەوت و قسەکردن لە بەرامبەر بەرامبەرەکانیاندا بەکاربهێنن. توێژینەوەکان دەریان خستووە ئەو زمانەی کە لەگەڵ کوڕاندا بەکاردەهێنن، بریتییە لە زمانێکی ڕەق و ناستاندەر، هەر بۆیە لە بەرامبەردا کوڕان ئەو زمانە بەکاردەهێنن، کە بە زمانی باوکانە یان بە زمانی نێرینە ناسراوە، ئەمە لەکاتێکدا کچان بە شێوەیەکی فەرمیی تر لە کوڕان قسەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش وا دەکات کچان لە بەرامبەردا بە فەرمییانە قسەبکەن و ئەو زمانە بەکاربهێنن، کە بە زمانی ستاندەر دادەنرێت.[4] ڕێزگرتنیش ((تایبەتمەندییەکی زمانە، کە جوانڕەفتاری و نەرمونیانی و شێوازی

---

[1] د.محەمەد معروف فتاح (٢٠١٠: ١٠٠)

[2] سەرچاوەی پێشوو (١٠٠)

[3] سەرچاوەی پێشوو (٩٣)

[4] Rebecca Norman (٢٠٠٦:٨)

دەربڕینی گونجاوە لە لایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی ڕزگاربوون لە بارگرژی و ململانێ لە پێوەندییە کەسییەکاندا.))[١] هێزیش بەگرنگترین هۆکار دادەنرێت بۆ بەڕێزانە مامەڵەکردنی ژنان، چونکە ژنان تاڕادەیەك هەست بەوە دەکەن لە هێز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا لە پیاوان نزمترن، بۆیە پتر لە پیاوان حەز بە بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانە دەکەن، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، هەرچەندە هەر یەك پێشینەی کۆمەڵایەتیشیان هەبێت.[٢] بۆیە ژنان پتر دەستەواژە و شێوازەکانی ڕێزگرتن لە گفتوگۆ فەرمی و نافەرمی و پڕ ململانێکاندا بەکاردەهێنن و خۆیان بچووکتر نیشاندەدەن و هەوڵی خولقاندنی بارێکی ئاسایی و پڕ ڕازیبوون دەدەن.[٣]

ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لە شێوازی قسەکردنی ژناندا هۆکارە بۆ ئەوەی کە بوترێت ژنان زیاتر لە پیاوان بەڕێزانەتر قسەدەکەن:

١- هەمیشە بە دەنگی نزم قسەدەکەن. دەنگ بەسەر بەرامبەرەکەیاندا بەرز ناکەنەوە.

٢- قسەکەری مێ کەمتر قسە بە بەرامبەرەکەی دەبڕێت و چاوەڕوانی نۆرەی قسەی خۆی دەکات. بە تایبەتی ئەگەر بەرامبەرەکەی لە ڕەگەزی بەرامبەر بێت.

٣- لەبەرئەوەی ژنان زۆر پەیوەستن بە یاسا کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانەوە، ڕێگە بە خۆیان نادەن قسەی ناشرین و نەگونجاو بکەن و دوور دەکەونەوە لە دەربڕینە تابووەکان.

٤- ژنان زیاتر لە پیاوان سوود لە شێوازی ئاخاوتنی ناڕاستەخۆ وەردەگرن، هەوڵدەدەن هەستی بەرامبەرەکەیان بریندار نەکەن. بە پێچەوانەی پیاوانە کە بە ڕاشکاوی بە بێ پێچ و پەنا بە بێ ترس هەرچییەکیان بوێت ڕاستەوخۆ دەریدەبڕن.

٥- ژنان زیاتر ڕستەی فەرماندانی نائاشکرا بەکاردەهێنن، بەڵام پیاوان ڕستەی فەرمانی ئاشکرا بەکاردەهێن.

٦- بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوانەی کە گومان دەردەبڕن، وەك: ( وابزانم، لاموایە، دەنگ وایە، ئەبێ، وابزانم، ڕەنگە، دەنگ وابڵاوە...هتد، هەم دەتوانێ ئۆباڵی کارەکە لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە و ڕێزی خۆشی پیشانی بەرامبەرەکەی دەدات.[٤]

٧- ڕێزگرتن لە ئاخاوتنی ئافرەتدا تەکنیکێکی زۆر گرنگ و کاریگەر و بڵاوە و خۆی بەکەمتر لە بەرانبەرەکەی دادەنێت.[٥]

---

[١] ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف (٢٠١٢: ١٤)

[٢] سەرچاوەی پێشوو (١٢٦)

[٣] سەرچاوەی پێشوو (١٢٥)

[٤] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٧)

[٥] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٧)

٨-ژنان زیاتر بۆچوونەکانیان وەکو پێشنیار ئاڕاستەی بەرامبەر دەکەن و دووردەکەونەوە لە فەرمانکردن، ئەویش بە بەکارهێنانی چەند دەربڕینێك لە پێش بۆچوونەکانیانەوە، وەکو: (پێم وایە، وای بۆ دەچم، لەوە ئەچێت، لەوانەیە، ئەکرێت، ئەتوانی، وا پێشبیی دەکەم...هتد.)

٩- ژنان زیاتر بایەخ بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و هەمیشە لە هەوڵی پاراستنیدان، زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرامبەریان دەکەن، بۆیە چەندین دەربڕین لە فەرهەنگی تایبەتی ژندا هەیە، کە دەربڕی ڕێزن، وەکو:

-بەساقەتبم.

-نەمان دەزانی دەنا مەڕێکمان لەبەر پێت سەر ئەبڕی.

-ماڵەکەتان ڕووناککردەوە.

-پێتان سەرسەر و سەرچاوانمان.

-لە دەورت گەرێم(بگەڕێم).

-خێروبەرەکەتتان لەگەڵ خۆتانە هێناوە.

-چاو و دڵمان (ڕوون/ڕوونبووەوە).

## ٤/٢) شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزیی پەیوەست بە تەمەنەوە:

مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا زمان فێردەبێت لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەندا ئامرازەکانی وەرگرتنی زمان لای مرۆڤ پەرەدەستێنێت، بەم پێیەش زمانی تاکەکەس هەمەجۆر دەبێت، بۆ نموونە هەر یەك لەئێمە لەمنداڵیماندا بەزمانێك دەدواین جیاواز لەزمانی گەنجێتیمان، زمانی سەردەمی گەنجێتیشمان جیاواز لەزمانی ئاخاوتنی سەردەمی پیریمان. بەتەمەنەکان شێوازێکی زمانیی ئاخاوتنیان هەیە و گەنجەکانیش زمانێکی دیکە و ناتوانن بەزمانی یەکتر بدوێن، کەچی لەیەك ژینگە و بەیەك زمانیش دەدوێن. لێکۆڵەرەوەکان پێی دەڵێن کەلێنە زمانەوانیەکانی نێوان نەوەکان ( gaps Linguistic generation )، ئەم کەلێنانەش لە کۆمەڵدا بەزمانی هاوبەش پردەکرێنەوە، لەکاتی قسەکردنی باوکان بۆ ڕۆڵەکانیان یان بەتەمەنەکان بۆ بچووکەکان یان بە پێچەوانەوە بەزۆری زمانی سێیەم بەکاردەهێنن و ئەو پەیوەندییە دروستدەکەن، کە جیاوازیی تەمەنی تیا دیارناکەوێت.[1] بە تەمەنەکان زیاتر ئەو دەربڕینانە کە تایبەتن بە ڕەگەزی خۆیان بەکاردەهێنن، ((هەریەك لەو تەمەنانەی کە تاك پێدا تێپەڕ دەبێت سیفەتی زمانی خۆی هەیە، تاکەکانی کۆمەڵ ئەو یاسایانە دەزانن، کە لە هەر تەمەنێکدا بەکاردێت. لە کۆمەڵی کوردیدا قسەکەر لە کاتی قسەکردندا دەبێت بە گوێرەی تەمەنی خۆی قسە بکات.))[2] واتە شێوازی

---

[1]) د.عبده الراجحی (٢٠٠٤: ٦٩)

[2]) بەهار زایر محمد (٢٠٠٩: ٧٤)

قسەکردن بە پێی تەمەن گۆڕانکارییان بە سەردا دێت، بەبێ جیاوازیی ڕەگەزیی قسەکەر، هەر ڕەگەزێك هەمبەر بە هاوڕەگەزەکەی خۆی شێوازی قسەکردنی بەپێی تەمەن دەگۆڕێت، ئەو شێوازە قسەکردنەی کە ژنان و پیاوانی بەتەمەن بەکاردەهێنن، جیاوازە لەو شێوازەی کە کچ و کوڕە گەنجەکان بەکاری دەهێنن. هەروەها ئەو جیاوازیەی لە نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاوانی بەسالأچوودا هەیە، لای گەنجان کەمتر ڕەنگی داوەتەوە(**بڕوانە هێڵکاریی ژمارە**(٨))، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕامیاریانەی، کە لەم ساڵانەی دواییدا بەسەر کۆمەڵی کورددیدا هات. بۆیە ((لە شێوازی ئاخاوتنی مرۆڤی کورددا، گەر سەرنجی شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی(٧٠ ساڵ بەرەوژوور) بدرێت (بە تایبەت نەخوێندەوارەکان)، هەندێ زاراوە و دەربڕین دەبیسترێ کە لەلای گەنجێکی تەمەن (٣٠ ساڵ)ی هەمان ڕەگەز نابیسترێتەوە، واتە بە شێوازێکی جیاواز ئاخاوتن دەکەن.))[1] بۆنموونە کچانی نەوەی ئێستا دەربڕینەکانی وەکو:( بەدایکی کوڕان بی، کوێرایم دایە، بە قەبری کاك ئەحمەدی شێخ، ئەیەڕۆ، دەستم بشکێ، سکت نەسوتێ...هتد) بەکارناهێنن، بە هەمان شێوە کوڕانیش دەربڕینەکانی وەکو: (بەشەرەفم، بە تەڵاقم، بە کەرامەتم...هتد) کەمتر بەکاردەهێنن. بە پێچەوانەشەوە کەسە بە ساڵاچووەکان دوور دەکەونەوە لەو دەربڕینانەی کە تابوون و زیاتر ئەو دەربڕینانە بەکاردەهێنن کە دەربڕی ڕێزن.




هێڵکاریی ژمارە (٨)   تەمەن و ڕەگەزی قسەکەر

هەروەها ژنان بە پێچەوانەی پیاوانەوە بە درێژایی تەمەنی ڕێگا بەوە دەدات کە خەڵکی بە ناوە بچووككراوەکەیەوە بانگی بکەن. بەم کارەی تەمەنی خۆی ڕادەگرێت و نایەڵێت هەرگیز بەتەمەنتر دەربکەوێت، بۆ نموونە شتێکی زۆر ئاساییە کە تەنانەت ئافرەتێکی زۆر بە

[1]) هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٤١-٤٢)

ساڵداچووش بە (گوڵخان،نەسەخان) بانگبکەین لە جیاتی (گوڵاڵە، گوڵزارخان یان نەسرین خان)، بەپێچەوانەشەوە بە کارهێنانی کورتە ناو لە پیاودا زۆر درێژە ناکێشێت و پیاو کە چووەساڵەوە تەنانەت گەیشتە سی ساڵ و کەمتریش ڕێگە نادات بە کەس بەتایبەتی نەناسیار کە بەناوە بچووککراوەکەیەوە بانگی بکەن، تەنانەت ئەگەر نازناویشی لەگەڵدا بێت لەبەر ئەمە دەبینین کە (کاك دڵە، وەستا قالە، حاجی عەلە) لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا نەبێت لە جیاتی (کاك دڵشاد، وەستا قادر، حاجی عەلی) بەکارنایەت.[1]

## ٤/٢) ڕەگەز و کردەی نازمانی:

مرۆڤ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی و دروستکردنی پەیوەندی تەنیا پشت بە دەربڕینی زمانیی نابەستێت، واتە تەنیا لە ڕێگەی کەرەستەی زمانییەوە مەبەستەکانی ناگوێزێتەوە، بەڵکو شانبەشانی ئەمیش کردە نازمانییەکان ڕۆڵیان بۆ هەمان مەبەست هەیە، کە بریتیین لە جوڵاندنەوەی دەست و دەم و چاو، لێو برۆ، بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی دەوروبەردا، زۆربەی کات لەگەڵ زماندا بەکاردێن و هەندێك جاریش بە تەنیا بەکاردێت و جێگەی زمان دەگرێتەوە، بە فێربوونیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە.[2] ئەم کردانەش یان هۆکاری بایۆلۆجین، وەکو: (لە شەرمدا سورهەڵگەران، ئارەقکردن بەهۆی تەریقبوونەوە، یان شەرم کردن یان زەردهەڵگەڕان لە ترسدا و نیشانەکانی توڕەبوون...هتد)، کە لای هەموو مرۆڤێك لە جیهاندا وەکو یەکە و لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نییە، بۆ نموونە ((ئافرەتان زیاتر هەڵچوونەکانیان دەخوێندرێتەوە و زووتریش پەیامەکانی دەوروبەریان تێ دەگەن، پیاوان زیاتر لە ئافرەتان دەتوانن هەڵچوونەکانیان بشارنەوە، بەڵام بە هەمان پلە نین لە خوێندنەوەی هەڵچوونەکانی دەوروبەریان))،[3] یان هۆکاری کۆمەڵایەتین و پەیوەندییان بە کلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە هەیە، کۆمەڵ لەسەر واتاکەی ڕێککەوتوون و لەناو کۆمەڵیشدا فێری دەبین، لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە تەوقەکردن و ماچکردن لە ناو کلتووری کوردیدا لەنێوان ژنان و پیاواندا کە مەحرەمی یەکتر نەبن لە لایەن زۆربەی کۆمەڵەوە ڕێگە پێنەدراوە، ئەمەش بە هۆی کاریگەریی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان (بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام)، کە ئەم هەڵسوکەوتەی قەدەغەکردووە، بەڵام بۆ هاوڕەگەزەکان زۆر ئاساییە، کەچی بەپێچەوانەوە لە کەلتووری ڕۆژئاوایی تەوقەکردن و ماچکردنی هاوڕەگەزەکان نائاساییە پێچەوانەکەی ئاساییە، بەواتە ((کۆدە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵچوونەکان و ڕێسا

---

[1] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٨)

[2] د.محمد معروف فتاح (٢٠١١: ٢٦)

[3] زەیتۆ شێخانی (٢٠٠٧: ١٢٦)

کۆمەڵایەتییەکان زۆر لە ئیشارەتەکانی زمانی جەستە دیاری دەکەن و ژینگە ڕۆڵی گرنگی لە دیاری کردنیان دەبینێت))[1]، تەنانەت هەندێکجار لەناو یەك کەلتووریشدا کردەی نازمانی جیاواز هەیە، بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی...هتد، بەکارهێنانیان جیاوازی تێدەکەوێت، بۆ نموونە ژنان و پیاوان بەشێوازی جیاواز بەڕێگادا دەڕۆن و دادەنیشن و دەوەستن جەستەیان دەجوڵێننەوە، هەندێك جووڵەی برژانگ و چاو داخستن لەنێوان پیاوان و ژناندا مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت لە کلتوری کوردیدا.

سەرەڕای ئەو جیاوازییەی لە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکاندا لە نێوان شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاواندا هەیە، بەهەمان شێوەش ڕەگەزی قسەکەر توانای بەکارهێنان و واتای هەندێك لە کردە نازمانییەکان دیاریدەکات، بە جۆرێك بەکارهێنانی هەندێك کردەی نازمانی کە تایبەتە بە پیاوان، ژنان بەکاریان ناهێنن بە پێچەوانەشەوە، یان جیاوازن لە گەیاندنی هەمان مەبەست لە ڕێگەی کردەی نازمانی جیاوازەوە. سەرەڕای هاوبەشییان لە بەکارهێنانی بەشی هەرە زۆری کردە نازمانییەکان لە نێوانیاندا، بۆ نموونە لە کلتوری کوردیدا ئافرەت زیاتر لە پیاو دەم و چاو دەبزوێنێ و لێوی هەڵدەقورتێنێ و لەش دەجوڵێنێ و دەست رادەوەشێنێت، هەروەها لە پیاویش زۆر وریاترە لە بەکارهێنانیدا. ئەوەی پیاو لە چەند رستەیەکدا بە بەرانبەرەکەی دەگەیەنێ، ئافرەت بە لێو هەڵقورتاندنێ یان تیلەیەکی چاو دەیکات.[2]

زانایان پێکەنین بە وەڵام دانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لای مرۆڤ دادەنێن و ئاماژە بەوە دەکەن ڕەگەزی مێ زیاتر ئارەزووی پێکەنین دەکات بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی نێردا لە کاتی قسەکردندا، کە ئەمەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ ملکەچی و سروشتی ڕەگەزی مێ لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر زیاتر هەست بە گەورەیی و دەسەڵات دەکات بۆیە کەمتر پێدەکەنێت.[3] کەچی بەهۆی یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێگە پێنەدراوە کە ژنان لە هەموو شوێنێك و بە هەموو جۆرێك پێبکەنن، بۆ نموونە ئەگەر ژنان لە شوێنە گشتییەکان و سەرشەقام و فەرمانگەکان بە ئاشکراو قاقا پێبکەنن بە جۆرێك کە ددانەکانیان دەربکەوێت و دەنگیان بەرز بێتەوە، بە چاوێکی ناشرینەوە لە لایەن کۆمەڵەوە تەماشادەکرێن، بۆیە ژنان بەزۆری بە بزەوە پێدەکەنن و زۆرجاریش دەست دەخەنە سەردەمیان، لە کاتێکدا ئەمە بۆ پیاوان ئاساییە، لە کوردەواریشدا دەوترێت:

—لە قیسمی ئافرەت ئەوەی بێ عارە

---

[1] زەیتۆ شێخانی (٢٠٠٧: ١٢٩)

[2] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٥)

[3] شنە ئەبوبەکر ئەحمەد (٢٠٠١: ٦٩)

له پێکەنیندا بە دانیا دیارە !![1]

ئەم زیاتر کەڵك وەرگرتنەی ئافرەتان لە کردەی نازمانی لە ئاخاوتندا نەك هەر بۆ گەیاندنی مەبەست بە تەنیا بێت، بەڵکو بۆ زامنکردنی ڕۆڵگۆڕینەوە و ڕوونکردنەوەی بیروڕا و دەم کوتکردنی بەرامبەرەکەی و درێژەدانە بە ئاخاوتن.[2] لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت بەشێوەیەکی گشتی ژنان و پیاوان لە بەکارهێنانی کردەی نازمانیدا لەم دوو لایەنەوە جیاوازن:

## یەکەم /بەکارهێنانی کردەی نازمانی جیاواز بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست:

ژنان و پیاوان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کردەی نازمانی جیاوازەوە هەمان مەبەست دەگەیەنن، بە شێوەیەك پەنابردن بۆ بە کارهێنانی کردەی نازمانی تایبەت بە ڕەگەزی بەرامبەر، بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت و تووشی گاڵتەپێکردن دەبنەوە، بۆ نموونە:

١. لە کاتی چاك و چۆنی و بەیەکترگەیشتندا ژنان زیاتر باوەش بەیەکتردا دەکەن و زیاتریش تەنها ماچی یەك لای ڕووخساری یەکتردەکەن و ژمارەیەکی زۆر ماچ بە خێرای ئاڵوگۆڕدەکەن، بەڵام پیاوان بەزۆری تەوقە لەگەڵ یەکتری دەکەن و هەردوو لای ڕووخساری یەکتری ماچ دەکەن کە زۆرترینیان ژمارەیان دەگاتە چوار ماچ.
٢. ژن بۆ دەبڕینی خەم و پەژارە لە کاتی بیستنی هەواڵێکی ناخۆشدا بەناو لەپی دەستی ڕاستیان دەدەن بەسەر پشتی دەستی چەپ یان سەر سینگیان، بەڵام پیاو بە دەستی ڕاستیان دەکێشن بەسەر ڕانیاندا. ئەگەر هەواڵەکە مردن و ڕووداوی ناخۆش بوو کەسێکی نزیك یان ناسیاوێك بوو، ئەوە ژنان بە چەپۆك بە هەردوو دەستیان دەکێشن بە دەم و چاویاندا، یان بە نینۆکەکانی چوار پەنچەی هەردوو دەستیان ڕوومەتیان دەڕنن، بەڵام پیاوان بۆ هەمان بارودۆخ بە چەپۆك بە هەردوو دەستیان بەسەریاندا دەکێشن.
٣. ژنان لە کاتی گومان و تێڕامان و خەیاڵکردندا پەنجەی شایەتومان بە کەوانەیی دەخاتە سەر لێوی سەرەوە و دەمی بە کراوەی دەهێڵتەوە، بەڵام پیاوان بۆ هەمان مەبەست سەریان دەخورێنن .
٤. ژنان زیاتر جوڵەکانی چاو و برۆ و پێڵووەکان بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی مەکر و ناز و چاو سوڕدان بە لاچاو سەیرکردن و چاو بەرزکردنەوە بۆ مەبەستی ڕازی بوون و خۆشەویستییە، لە کاتێکدا پیاوان لە بەر هەستکردنیان بە گەورەی خۆیان و دانەبەزانی نرخی خۆیان، زیاتر چاوەکانیان بۆ چاوزەقکردنەوە و چاوسورکردنەوە بۆ مەبەستی ترساندن و هەڕەشەکردن بەکاردەهێنن.

---

[1] ــــــــــــ، پەندەکانی پیرەمێرد (٢٠٠٧: ٣٠٦)

[2] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٦)

٥. واتای پێکەنین و چاوداگرتن بەپێی ڕەگەز دەگۆڕێت، بۆ نموونە پێکەنین یان چاوداگرتنی کچ بۆ کچ یان کوڕ بۆ کوڕ ئاساییە بە واتای ئەنجامدانی کارێك بە شاراوەیی یان گۆڕینی گفتوکۆ یان گاڵتەکردن لەگەڵ کەسێك دێت، جیاوازە لە پێکەنین یان چاو داگرتنی کچ بۆ کوڕ یان بە پێچەوانەوە، کە واتایەکی تابوویی دەگەیەنێت، یان زەردەخەنەی ژنێك بۆ پیاوێکی نەناسراو یان بە پێچەوانەوە، بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت و جیاوازە لە زەردەخەنەی نێوان هاوڕەگەزەکان.

## دووەم/ بەکارهێنانی کردەی نازمانی تایبەت بە ڕەگەزێکی دیاریکراو:

هەندێك کردەی نازمانی هەیە، بەکارهێنانی تایبەتە بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە، بە جۆرێك کە ڕەگەزی بەرامبەر توانای بەکارهێنانی نییە، بەواتە ژنان هەندێك کردەی نازمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە پیاوان بەکارناهێنن بە پێچەوانەشەوە، بەکارهێنانی کردەیەکی نازمانی تایبەت بە ڕەگەزێکی دیاریکراو لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە، ئەوە لەلایەن کۆمەڵەوە بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت و ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردن دەبێتەوە.

ئەو کردە نازمانیانەی کە تەنها پیاوان بەکاریدەهێنن ئەمانەن:

١. دەستگرتن لەپشتەوە (بە دەستی ڕاست مەچەکی دەستی چەپ گرتن) زیاتر مانای بڕوابەخۆبوون و ئاسودەیی دەگەیەنێت، پیاوان لە کاتی وەستاندا زۆربەکاریدەهێنن.

٢. پیاوان زیاتر جووڵەی دەستەکانیان بەکاردەهێنن بە تایبەتی لەکاتی هەڕەشەکردن و دەست بە سینەوە گرتن و دەست بەرزکردنەوە بۆ مەبەستی خواحافیزی کردن و بانگکردن...هتد، هەروەها بەکارهێنانی پەنجە گەورەی دەست و نووقاندنی ئەوانی تر و وەستاندنی ڕووە سەرەوە بە مەبەستی دەست خۆشی و ڕازیبوون و ڕووە خوارەوە بە مەبەستی جنێودان.

٣. بەکارهێنانی چەند جووڵەیەکی دەست، کە ئاماژەن بۆ کاری سێکسی یان جنێودان.

٤. ماچکردنی شانی یەکتر یان دەست ماچکردن لە کاتی چاکوچۆنی، لەلایەن پیاوانەوە نیشانەی ڕێزە.

٥. پێ خستنە سەر پێ و شاندانان و پێ ڕاکێشان لەکاتی دانیشتندا، سنووری خۆی هەیە سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت ڕەچاوی ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی بکرێت، تەنها پیاوان بەکاریدەهێنن.

٦. تەوقەکردن لە نێوان پیاوان چەندین ئاماژە هەڵدەگرێت، بەوەی پیاوان ئەیانەوێت لە ڕێگەی تەوقەکردنەوە چەندین پەیام بەکەسی بەرامبەر بگەیەنن، بۆ نموونە تەوقەکردن و گوشینی دەستی بەرامبەر بە شێوەیەك ناو لەپیان پێکەو نووسابێت مانای پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەگەیەنێت، یان لە کاتی تەوقەکردنە تەنها سەرەچەنجەکان بەریەکتر دەکەون کە ئەمە ئاماژەیە بۆ بوونی کێشەیەك یان بە نادڵییەوە تەوقەکردن یان خۆ بەزل زانیین، جگە لەمەش هەندێك

تەوقەکردن بۆ مەبەستی تر بەکاردێت بە تایبەتی لە کرین و فرۆشتندا، کاتێك دەستی یەکتر دەگوشن و جولاّنی بە خێرای بە ئاراستەی سەرەوزە و خوارەوە.

ئەو کردە نازمانییانەی کە تەنها لەلان ژنانەوە بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن:

١- لێدانی هەردوو دەست لە ڕووخسار یان بە نینۆك ڕنینی لە کاتی بیستنی ڕووداوێکی ناخۆش.

٢- بەزکردنەوەی پێڵوی چاو و جولاّندن و سوڕانەوەی لای ژنان بۆ مەبەستی دەربڕینی مەکەروناز.

٣- ژنان لە ڕێگەی بەکارهێنانی قژیانەوە چەندین مەبەست دەگەیەنن، بۆ نموونە قژبادان و دەست خستنە ناو قژ بە مەبەستی خۆبەجوان زانینێن و بڕوا بە خۆ بوون و بە کەم زانینی بەرامبەرە. هەروەها ((کردنەوەی قژ و بەردانەوەی، ئینجا بەستنەوەی، نیشانەیە بۆ دڵەڕاوکێ و شپرزەیی، سەرپۆش یان فەقیانە کردنەوە و بەستنەوەی دیسان هێمایە بۆ نا جێگیری دەروونی لە ژناندا.))[1] هەروەها ((ڕەگەزی مێ جولەی سەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر یا بۆ پۆزلێدان بەکاردەهێنێت، کاتێك بە جولەیەکی خێرا پرچی سەر ڕوویان لادەبەن، ئەم جولەیە هەر بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن ئەو ئافرەتانەشەوە بەکاردێت کە خاوەنی پرچی کورتن.))[2]

٤- ژنان لەکاتی قسەکردندا زیاتر سەیری بەرامبەرەکەیان دەکەن و چاویان تێدەبڕن، تا کەسەکانیش تێکەڵبن، زیاتر کات بۆ سەیرکردن و چاودێری تەرخان دەکەن. بەلاّم کە شوێنی قسە تەسك بێت کەمتر چاودێری بەرامبەرەکەی دەکەن.[3] (( ئەمەش بەهۆی گرنگی و بایەخدانی ژنانە بە ڕواڵەت و ڕووخسار، هەر بۆیە بە وردی دەڕواننە بەرامبەر و کاتێکی زۆری پێوە بەسەردەبەن، بە شێوەیەك لە کۆتایدا لە توانایاندا دەبێت وەسفێکی ورد و تەواوی شێوە و ڕووخساری و جولەکانی بکەن.))[4] هەندێك جاریش ژن چاوتێبڕین بۆ (نۆبە) وەرگرتن لە قسەدا بەکاردەهێنێن. ئەگەر بیانەوێت مەودا نەدات بە بەرامبەرەکەی کە وەلاّمی بداتەوە و نۆبە بڕی لێ بکات، ئەوا بەردەوام سەیری ناکات.[5]

٥- ژنان هەندێك جولەی دەم و چاو و لێو و برۆ، وەکو: ( تیلەی چاو و لێوگەستن و لێو هەڵقورتاندن...هتد) بەکاردەهێنن، بۆنموونە لەکاتی بیستنی هەواڵێکی ناخۆش یان چاوەڕوان نەکراو یان بۆ نیشاندانی شەرمەزاری ژنان لێویان دەگەزن، هەروەها بۆ مەبەستی ڕازی نەبوون و نیگەرانی و پشتگوێ خستن و ڕقلێبوونەوە لێوهەڵقوڕتاندن بەکاردەهێنن.

٦-بە لەنجەولار لەسەرخۆ و جولاّنی لەش و لار لە کاتی بە ڕێگا ڕۆشتندا بۆ سەرنجڕاکێشانی دەوروبەرەکەی.

---

[1] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٤٠)

[2] شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان (٢٠٠٨: ٦٧)

[3] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٥)

[4] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٣٥-٣٦)

[5] د.محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ١٠٥)

٧-ئاساییە ژنان لە بەردەم خەڵکیدا بە هۆی هەر بارودۆخێکەوە بێت بگریت، بەڵام پیاوان بە هۆی خۆ بەگەورە زانینییەوە کەمتر دەگرین.

٨-ژنان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی، هەندێك جار دەنگ لە قاپ و قاچاغەکان دەهێنن و مەنجەڵەکان دەدەن بەیەکدا، یان بە ئەنقەست، خۆیان نەخۆش دەخەن.[١]

بەشێوەیەکی گشتی لە کلتووری کوردیدا:

١- بەکارهێنانی هەندێك کردەی نازمانی بە پێی ڕەگەز واتاکەی دەگۆڕێت، هەروەها هەندێکی تر لە کردەی نازمانی بەکارهێنانی تایبەتە بە ڕەگەزێکی دیاریکراوە و بەکارهێنانی لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت.

٢- لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژن زیاتر لە پیاو لە ئاخاوتندا کەڵك لە جوڵانی جەستە وەردەگرێت.[٢]

٣-ژنان زیاتر جوڵەکانی ڕووخسار وەکو: (جوڵەی دەم و لێو و چاو و برۆ...هتد بەکاردەهێنن، بەواتە ئەو جوڵانەی کە بۆ تێگەیشتن تا ڕادەیەك شارەوە و ماوەیەکی نزیکی دەوێت بۆ بینین و تێگەیشتن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو گوشارە کۆمەڵایەتییەی کەلەسەریانە، هەمیشە زمان وەکو پارێزگاریکردن لە خۆیان بەکاردەهێنن. لە کاتێکدا پیاوان زیاتر جوڵەکانی دەست بەکاردێنن.

٤-ژنان زیاتر بە توانان لە لێکدانەوەی کردە نازمانییەکان و بە وریایشەوە بەکاریاندەهێنن، بە پێچەوانەی پیاوانەوە.

---

[١]) شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤ :٣٧-٤٠)

[٢]) د.محمد معروف فتاح (٢٠١١: ٢٧)

## ٣) بۆنه و بواره کۆمەڵایەتییەکان:

مەبەست لەو بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییانەیە، کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەشداری تێدادەکەن و پەیوەندیی بە یەکەوە دەکەن، ئەم بۆنانەش هەیانە ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە، وەکو: دوعاکردن و پاڕانەوە، سوێندخواردن، سڵاوکردن، جنێودان، تووڕەبوون و هەڕەشەکردن ...هتد، هەشیانە کاتێکی دیاریکراوی هەیە، وەکو: بۆنە ئایینی و نەتەوەیی ڕامیارییەکان...هتد. هەر بۆنەیەکیش بە پێی کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی ڕێکی دەخات و سەرجەم ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ناچارن بچنە ژێر ڕکێفییەوە و پێوەی پێوەستبن، ئەم یاسا کۆمەڵایەتییانەش لە بیری تاکەکانەوە دروست نابێت، بەڵکو سەرچاوەی بیرکردنەوەی تاکەکان دیاردە کۆمەڵایەتیەکانە، هەر لەگەڵ لە دایك بوونیانەوە تاکو مردنیان.[1] دەبێت قسەکەر دەربڕینەکانی بەپێی بۆنەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنیت و هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانی لەگەڵ کلتوری ئەو کۆمەڵەدا کە تیایدا دەژێت بگونجێنێت، چونکە ((زمان خۆی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤیش کە لە کۆمەڵێکی جەنجاڵی پڕ جموجۆڵدا بژیَ، ئەوا دەبیَ کەسایەتییەکی تایبەت بەو باروبوویەرەی ببێت، لەو شوێنانەشدا کە باری کۆمەڵایەتی جیاجیای تێدایە، مرۆڤ دەبیَ وابێت کە لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆردا و بژی و هەڵبکات و لەگەڵ هەریەکەشیاندا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبێت.))[2]

لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەتینەی کە لەنێوان تاکەکانیدا هەیە، فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی لە دەربڕین لە هەموو بۆنە و بوارە جیاوازەکاندا هەیە، کە بەکارهێنانیان بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن، کە ((مەبەست لەو نیشانە کۆمەڵایەتییانەن، کە پلەوپایەی قسەکەر و چین وتوێژی و ئاستی ڕۆشنبیریی و پیشە و ڕەگەزی و تەمەنی و باری و خزمایەتیی و نزیکی و دووریی و یەکسانی و نایەکسانیی، لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری، لەگەڵ گوێگردا لەڕێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەر دیاریدەکەن.))[3]

گرنگترین تایبەتمەندیی ئەودەربڕینانەی کە لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن:

١- بە ئامادەکراوی لە زماندا هەن، واتا لە کاتی قسەکردندا دروست ناکرێن، تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو لەڕێگەی لاسایکردنەوە فێریدەبن.

---

[1]) بەهار زایر محمد (٢٠٠٩: ٧١)

[2]) هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠: ١٤٢)

[3]) سەرچاوەی پێشوو (١٤١-١٤٢)

٢- هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، دەبێت ئەو دەربڕینانەی لە بۆنەیەکی دیاریکروادا بەکاردەهێنرێت یاساکانی ئەو بۆنەیە نەبەزێنێت.

٣- بەکارهێنانی دەربڕینەکان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی: (ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری ...هتد) دەگۆڕێن.

دەتوانرێت بوترێت ڕەگەز یەکێکە لەو نیشانە کۆمەڵایەتییانەی کە جیاوازی دەخاتە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکانەوە لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا، ((ئەو نیشانانەش زۆرن، کە ڕەگەز وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی دەنوێنن. ئەمانەش هەر لە سروشتی سوێندخواردنی ئافرەتەوە تا چاکوچۆنی و لاوانەوە و دەیان لایەنی تر، کە ڕەگەز وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەخەن. تەنانەت لەو پەندو قسە نەستەقانەشدا، کە تایبەتێتی ئەوان دەردەخەن.))[١] بەجۆرێك ژنان و پیاوان سەرەڕای ئەوەی کە بەزمانێکی دیاریکراو لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەدوێن و لە یەکتر تێدەگەن، خاوەنی فەرهەنگێکی هاوبەشن لە بەکارهێنانی چەندین دەربڕین لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا، کە بەبێ جیاوازی ڕەگەز بەکاریان دەهێنن، بۆ نموونە (بەخوا، بێوەی بی، خوا حافیز، خوا شفای بدات، لە بەلا بەدوور بی، پیرۆخەڕۆبن، بە نازی دایك و باوك گەورە بێ، بەخێربێن، سەلام و عەلەیك، ماڵ ئاوا بێ، شتی باشتری بەدواوە بێ، خوا سەبووریتان بدات، سەلامەت بی...هتد)، بەڵام لە بەکارهێنانی هەندێك دەربڕیندا جیاوازن، بەجۆرێك کە ژنان کۆمەڵێك دەربڕین لە بۆنەیەکدا بەکاردەهێنن کە پیاوان لێی تێدەگەن، بەڵام بەکاری ناهێنن، بە پێچەوانەشەوە.

لەبەرئەوەی جیاوازییەکان لە شێوازی قسەکردنی ژن و پیاو لە زمانی کوردیدا، زیاتر لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەدا چەند بۆنە و بوارێکی کۆمەڵایەتی وەکو نموونە وەردەگرین و ئەو دەربڕینە تایبەتییانەی بەکارهێنانیان تایبەتە بە ڕەگەزێکی دیاریکراون و لە بۆنەیەکی دیاریکراودا، دەخەینەڕوو:

### ١/٣ ) سوێندخواردن:

لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا، بە هۆی ئەوەی کە بیروباوەڕی ئایینی بە تایبەتی ئایینی ئیسلام زاڵە بەسەر بیرکردنەوەکانی تاکەکانی، ژنان و پیاوان بەبێ جیاوازی سوێند دەخۆن، بەڵام بە بەکارهێنانی دەربڕینی جیاواز، کە ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوتییانە، بۆ نموونە ژنان زیاتر لە پیاوان باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەر(د.خ) وشێخ و ئەسحابە و کەسایەتییە ئاینییەکان و پیاوچاکان هەیە، بە بەردەوامی بەسەر زاریانەوەیە و سوێندیان پێ دەخۆن، تا لە ژیاندا بن،

---

[١] هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠: ١٧٢)

سەردانیان دەکەن و داوایان لێدەکەن مەرامەکانیان بۆ بهێنێتە دی، دوای کۆچکردنیشیان بۆ هەمان مەبەست دەچنە سەر مەزار و گۆڕەکانیان. پیاوانیش سەرەڕای باوەڕبوونیان بە خواو پێغەمبەر(د.خ) بە ئەو شتانەش کە بە لایانەوە پیرۆزە سوێند دەخۆن، وەکو: (شەرەف و غیرەت و تەلاق و پیاوەتی و مەردایەتی ...هتد). ژنان و پیاوان سەرەڕایی هاوبەشیان لە بەکارهێنانی دەربڕینە هاوبەشەکانییان، چەند دەربڕینێکی جیاواز لەم بۆنە کۆمەلأیەتییەدا بەکاردەهێنن. هۆکارەکانی سوێندخواردنیش، ئەمانەن:

١- کەمبوونی متمانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا.

٢- ڕاهاتن و خوپێوەگرتن.

٣- نەهێڵانی گومان لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی کە دەریدەبڕن بە مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر.

بەشێوەیەکی گشتی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، بەمانەی خوارەوە سوێنددەخورێت:

## ٣/١-١) سوێندخواردن بە خوا:

ئەو سوێندانەی کە ژنان بە خوای گەورە دەیخۆن، ئەمانەن:

- بەو خوایەی خوایەتی هەموومان ئەکات.
- بەو خوایەی کە ئاگای لە هەموومانە.
- بەوەی هەموومانی خەڵق کردووە.
- بەو خوایەی ئەچینە بەر دیوانی.
- بەو کەسەی کەس لە ڕەنگی نییە.[١]

پیاوانیش ئەم سوێندانە بە خوا دەخۆن:

- بە خوای تاك و تەنیا.
- وەڵلا وەبیللا وە تەڵلا.
- بە زات و سیفەتی خوا.
- بە لائیلاهە ئیلەلا
- بە خوای بالا دەست.

## ٣/١-٢)سوێندخواردن بە پێغەمبەران و کەسایەتییە ئاینییەکان و شوێنە پیرۆزەکان:

ئەو دەربڕینانەی کە ژنان لەم بوارەدا سوێندی پێدەخۆن ئەمانەن[*] :

---

[١] د.محەمەد معروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٨)

[*] ئەو سوێندانەی کە ژنان بە پیاوە ئاینییەکان دەیخۆن، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت، ژنان زیاتر بەو شێخ و سەید...هتد، سوێند دەخۆن، کە گۆڕەکانیان کەوتوونەتە سنووری ناوچەکانیانەوە و هاتوچۆیان دەکەن، بۆ نموونە ژنانی

–به ماڵی خوا

–بەو قورعانەی مەلا بیسملای لێکردووە.

–بەو قورعانەی ها لە ئەو مزگەوتە.

–بە سی جزمەی قورئان

–بە شێخانی تەریقەت

– بە چل و چوار هەزار بێغەمبەر

– بە غەوسی (بەغا/گەیلانی)

–بە شێخ عیسا و موسای بەرزنجە

–بە مالکی هەژدەر

–بە پیری شەوکێڵ

–بە شێخە لێ کۆتەی دۆڵ پەموو

–بە حاجی کاك ئەحمەدی شێخ

– بە کاك ئەحمەدی سلێمانی

–بە شێخی سۆڵە

–بەقەرە چێوار

–بە پیر مەنسوور

بەڵام پیاوان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

–بە فەخری عالەم

–بە ئەسحابە

–بە هەر چوار مەزهەبەکە

–بە کەلامی خوا

–بەو بەرماڵەی سەرم خستووەتە سەری.

## ٣-١/٣) سوێندخواردن بە شتی تر:

ئەو دەربڕینانەی کە ژنان لەم بوارەدا سوێندی پێدەخۆن، ئەوانەن کە بەلایانەوە پیرۆزن، وەکو: (باوك، کوڕ، برا، منالْ...هتد)[*] ، بۆ نموونە:

---

ناوچەی گەرمیان (شاری کەلار و دەوروبەری)، ئەم سوێندنە دەخۆن: ( بە سەی مدری، بە برایم سەمین، بە شێخ ساڵەح، بە شێخی سۆڵە...هتد).

[*] ) بەهۆی تێڕوانینی جیاوازی کۆمەڵی کوردەواری بۆ نێرینە و مێینە، وایی لە ژنان کردووە، کە تاکی نێرینەیان لە چاو مێینەکاندا زیاتر بە لاوە گرنگ و پیرۆزبێت و بایەخی زیاتریان پێبدەن، ئەمەش لە سوێندخوارن و دوعا وپاڕانەوەکانیاندا بە ئاشکرا دیارە، وەکو: ( بەسەری براکانم، بەسەری کوڕەکانم، بەسەری باوکم، بەدایکی کوڕان بیت، کوڕت (نەمرێت/بمرێت)، بە دایکی حەوت کوڕان بیت، نۆبەرەت کوڕبێت، ناوکی حەوت کوڕی لە دوا ببڕێت، بە خوشکی حەوت برا بێت...هتد). ئەمەش بە

-بەسەری مناڵەکانم

-بەسەری براکانم

-بەسەری کوڕەکانم

-بە گیانی باوکت

-بە قەبری جوانە مەرگە

-بەم (نمەکە/نیعمەتە)

بەهەمان شێوەش پیاوان سوێند بەو شتانە دەخۆن، کە بەلایانەوە پیرۆزە، وەکو: (شەرەف، تەلاق، غیرەت...هتد)، بۆ نموونە:

- بە شەرەفم

- بە غیرەتم

-بە تەلاقم

-بە ناموسم

- بە (گۆڕ/خوێن)ی شەهیدان

- بە قەبری باوکم

-بە قەبری دایکم

-بە کەرامەتم

- بەسەری (تۆ/خۆم)

-بە گۆڕی مردووم

-بە شەرەفی خوشك و دایکم

-بەو گۆڕەی جوانە مەرگی برامی تێچووە.

-بە (سمێڵ/ریش)ی مەردانەت قەسەم.

-بە ریشی موبارەکت

-بە کفنی باوکم

-بەسەری خۆشەویستم

-بە گیانی برایەتیمان

بە شێوەیەکی گشتی سوێندخواردن وردە وردە بەرەو کەمبوونەوە ڕۆشتووە لەلای هەردوو ڕەگەزەکە، بە تایبەتی ئەو سوێندانەی کە ژنان بە شێخ و پیاوچاکان و پیاوان بە

---

هۆی ئەوەی لە کۆندا کۆمەڵی کوردەواری زیاتر کۆمەڵێکی خێڵەکی بووە و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکبوون، ئەندامە نێرینەکان بە ڕەمزی پارێزگاری لە خێڵ و شەرەف و هێزی کار دادەنران، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا هاتووە، تاڕادەیەك گۆڕانیش بەسەر ئەم بیرکردنەوانەدا هاتووە.

شەرەف و تەڵاق و شتەکانی تر دەیخۆن، ئەمەش بە ئاشکرا لەلای گەنجەکان هەستی پێدەکرێت، بۆیە لە ئێستادا ئەو سوێندانەی کە کەسێکی بە تەمەن بەکاری دەهێنێت جیاوازە لەو سوێندانەی کە گەنجەکان بەکاریدەهێنن لە ڕووی جۆر و ژمارەوە، ئەمەش بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری بڵاٌبوونەوەی خوێندەواریی و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەوارییەوە، بەجۆرێك کەسە خوێندەوارەکان کەمتر سوێنددەخۆن لە چاو نەخوێندەوارەکاندا.

## ٢/٣) پاڕانەوە:

بریتییە لە پاڕانەوەی قسەکەر لە گوێگر، بەجۆرێك کە گوێگر کەسێکی بە دەسەڵات و خاوەن بڕیارە و توانای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی قسەکەری هەیە. پاڕانەوەش ((هەر جۆرێکی داواکردنە، بەلاٌم سنوری نێوان پایە کۆمەلاٌیەتی قسەکەر و گوێگر زیاتر جیاواز دەبن و دوورییەکی زۆرتر دەکەوێتە نێوان پایە بچوکەکەی قسەکەر و پایەی کۆمەلاٌیەتییە گەورەکەی گوێگر.))[1] لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا بەزۆری ئەو دەربڕینانەی کە پاڕانەوەن دەچنە بواری ئایینییەوە، داوا لە خوای گەورە دەکرێت، وەکو کەسێکی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی دواکارییەکانیان. زۆرجاریش قسەکەر خۆی بچووك دەکاتەوە بۆ ئەوەی سۆز و هەستی ئەو کەسەی کە لێی دەپاڕێتەوە بووروژێنێت، هەندێك جاریش قسەکەر کەسێك دەکات بە واسیتە بۆ ئەوەی کار لە گوێگر بکات، بۆ نموونە ژنان لە هەندێك لە دەربڕینەکانیاندا (پێغەمبەر(د.خ) و شێخ و کەسایەتییە ئایینیەکان...هتد) دەکەن بە واسیتەی پاڕانەوەکانیان. قسەکەر زۆر بە ڕێزەوە بۆ جێبەجێکردنی ئاوات و مەبەستەکانی لە گوێگر دەپاڕێتەوە، لە پاڕانەوەدا ((ئاواز ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، کە تاڕادەیەکی زۆر بێهێزی و بێدەسەلاٌتی و لاوازیی قسەکەر دەردەخات. ئاوازێکی خاو، هەندێ جار تێکەڵ بە گریان، بۆ جولاٌندن و وروژاندنی سۆزی بەرامبەر))[2] بەکاردەهێنرێت. ژن و پیاو بەبێ جیاوازی دەپاڕێنەوە، بەلاٌم بە دەربڕینی جیاواز بەجۆرێك، کە دەربڕی هیوا و ئاواتی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمەش لە دەربڕینەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە.

لە پاڕانەودا ژنان ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بەکاردەهێنن:

- بە دەستی کەس هەڵنەڕوانم قومێك ئاوم باتێ(ت).
- لارەملی لای ماڵ و مناڵم نەکەی(ت).
- خوایە سکی پیریم نەسوتێنێ(ت).
- خوایە ماڵ و مناڵمان بە لوقمەی حەرام گەورە نەبن.

---

[1] قیس کاکل توفیق (١٩٩٥: ٦٧)

[2] هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ١١٦)

-خوایە (لەش بەبار/زەلیل) نەبم.

-خوایە کەفتەکاری سەر جێگا نەبم.

-ڕزڵ خوای نامەردم نەکەی(ت).

-خوایە ماڵوێرانمان نەکەی(ت).

-خوایە ناخۆشی نەیەتە ڕێمان.

-خوایە مناڵەکانم ڕێگای ڕاست بگرن.

-خوایە (سك)جەرگ)مان نەسوتێنی(ت).

-خوایە ڕزقمان بەی(بدەیت).

-لە حەسوودو چاوپیس بە دووربین.

-خوایە دەرووی خێرمان لێبکەیتەوە.

-خوایە پەردەی حەیاوحورمەتمان لەسەر (هەڵنەگریت/لانەدەیت).

-خوایە هەرزانی و فەرحانی بخەیتە ولاٚتەکەمانەوە.

-خوایە لە بەلاٚی خراپ لامان دەی(بدەیت).

-خوایە گیان لەشەڕی شەیتان، لە بەلاٚی ناگەهان، لە فیتنەی ئاخر زەمان، لە سەگی دڕ، لە ژنی شڕ، لە چەپۆڵەی زاڵم بە دوورمان کەی.

پیاوانیش ئەم پاڕانەوانە دەردەبڕن:

- خوایە بیٚ حورمەتمان نەکەی(ت).

-خوایە ڕووزەردی دنیاو قیامەتمان نەکەی(ت).

- خوایە عاقیبەت خێرمان کەی (بکەیت).

-خوایە لە تاوانەکانم خۆشبە.

-خوایە لە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزە.

-خوایە بە بەهەشتی بەرینمان شادکەی (بکەیت).

-تۆبەین لەو تاوانانەی کە کردوومانە.

-موحتاجی دەستی (نامەرد/ناکەس)مان نەکەی(ت).

-خوایە لە بەلاٚی خراپ لاماندەی(ت).

-لە فیتنەی شەیتان بەدوورمان بگری(ت).

-خوایە هیدایەتمان بەی (بدەیت).

-خوایە (مناڵ/کوڕ)ی ساڵحمان پیٚ ببەخشە.

-خوایە بیکە بە خاتری گەورەیی و عەزەمەتی خۆت.....

- خوایە لەبەر خاتری ناوە جوانەکانت.....

-خوایە لە بەلأی ناگەهان(لەناکاو)لامان دەی(ت).

-خوایە لە شەڕی شەیتان، فیتنەی ئاخر زەمان لاماندەی(ت).

- خوایە لەبەر خاتری خۆشەویستەکەت...

-خوا لە گوناحی مردووەکانمان خۆشبیٚ(ت).

-یاڕەبی سەرگەردانی دنیا و قیامەتمان نەکەی(ت).

-یاڕەبی ئیحتیاجی دەستی نامەردمان نەکەی(ت).

-خوایە موحتاجی کەرامەت و نەعمەتی خۆتمان کەی(بکەیت).

-خوایە بە ئیمان بمانژێنە و بەئیمان بمانمرێنە و بە ئیمانەوە زیندوومان بکەرەوە.

-یاڕەبی لە ژێر (بەیداغ/سێبەر)ی حەزرەتی محەمەد مستەفا زیندومان بکەرەوە.

-خوایە لامان دەیت لە ماڵی حەرام.

-لە دەستی زاڵم بە دوورمان کەیت.

-عاقیبەتمان خێر بیٚ(ت).

-خوایە لە دەممان نەگریتەوە.

-خوایە ئەم(نیعمەت/نمەك)ەکەمان لیٚ نەشاریتەوە.

-شوکرین بە نیعمەتەکانت.

-ماڵی حەلاڵمان بە قسمەت کەی (بکەیت).

-خوایە قەڵەمی عەفوو بێنی(ت) بەسەر گوناحەکانماندا.

-خوایە کارەکانمان بۆ ئاسان کەی(ت).

-خوایە بەرەکەت بخەیتە ڕزقمانەوە.

-خوایە لە عەزابی قەبر بمان پارێزیت.

-خوایە بە گوناحی خۆمانمان لەگەڵ نەکەی(ت).

-خوایە لە قاتوقڕی بمان پارێزی(ت).

- خوایە چارەنووسێکی باشمان بەیتیٚ(پێبدەیت).

-خوایە لە کێشەوگیروگرفت لاماندەی(ت).

- خوایە رزقمان زیاد کەی(بکەیت).

- خوای گەورە تاعەت و عیبادەتمان قبوڵبکەیت.

-خوایە دەروویەکی بە ڕەحممان لێبکەیتەوە.

-خوایە جەرگ بڕاوم نەکەیت.

## ٣/٣ ) دوعا و نزاكردن:

دوعا يان نزاكردن لەناو كۆمەڵی كوردەواريدا ڕۆژانە لە بۆنە و بوارەكۆمەڵایەتییەكاندا دووبارەدەبنەوە، دوعاكردن داواكردنە لە كەسێكی خاوەن دەسەڵات، كە بەلايەوە توانای جێبەجێكردنی داواكارييەكانی هەيە. ((مرۆڤ بە زۆری لە كاتی هيوابڕاوی و بێ ئومێديدا پەنا دەباتە بەر دوعاكردن بۆ خۆی بێت يان بۆ كەسێكی تر، كە دڵنيابێت جێبەجێكردنی مەبەستەكەی لە توانای خۆيدا نييە. خۆبچووككردنەوە و بێ دەسەڵاتی، لە دوعاكرندا زۆر بە زەقی دەردەكەوێت و قسەكەر خۆی لەوپەڕی لاوازيدا پيشان دەدا.))[١] بە زۆريش قسەكەر داوا لە خوای گەورەدەكات، هەندێك جاريش بە تايبەتی لای ژنان داوا لە پێغەمبەر و شێخ و پياوچاكان دەكەن و لێيان دەپاڕێنەوە. لە دوعاكردندا دوعاكەر داوای لێخۆش بوون و ئاوات خواستن...هتد، بۆ خۆی و كەسە نزيكەكانی دەكات. زۆرجار لە كاتی چاكوچۆنی و يەكتربينين و سلاو كردن دوعا بۆ يەكتری دەكرێت، قسەكەريش دوعا بۆ خۆی و خێزانەكەی و ماڵ و منالی و نەخۆش و هەندێك دوعاش گشتييە. هەروەها دوعالێكردنيش لەكاتی كێشەو گيروگرفت يان لە كاتی بێدەسەلاتيدا دەكرێت.

تايبەتمەندييەكانی دوعاكردن، ئەمانەن:[٢]

١. گوێگر بوونی نييە، قسەكەر زياتر ڕووی دەمی دەكاتە هێزێكی لە خۆی گەورەتر وەكو: (خوا، پێغەمبەر، خدری زيندە...هتد).

٢. سنووری پايەی كۆمەڵایەتی قسەكەر و گوێگر بە تەواوی لە يەكتر دادەبرێت و لەگەڵ يەكتر بەراورد ناكرێت.

٣. قسەكەر پێشبينی كاردانەوە ناكات لە گوێگر.

بە شێوەيەكی گشتی دوعا و نزاكردن دوو جۆرە:

### ٣/٣-١) دوعابۆكردن:

دوعابۆكردن بۆ ئەمانەی خوارەوە دەكرێت:

#### ٣/٣-١-١) دوعاكردن بۆ منداڵ:

ئەو دوعايانەی كە ژنان بۆ منداڵی دەكەن، ئەمانەن:

-خوا لە دايكو باوكت نەسێنیٚ(ت).

- خوا دەست بە باڵتەوە بگریٚ(ت).

-خوا و پێغەمبەر بتپارێزێت.

---

[١]) هێمن عەبدولحەميد شەمس (٢٠٠٦: ١١٧)

[٢]) قيس كاكل توفيق (١٩٩٥: ٦٧-٦٨)

- له دەوری سەرت گەڕێم.
- قەزاتان له من کەویٚ(ت).
- مەرگی من له جیای تۆ بیٚ(ت).
- بەبەختی چاك بیٚ(ت).
- قەزا و بەلاٚت له من کەویٚ(بکەوێت).
- تەمەنت درێژبی(ت).
- عەمر ناوڕاست بی(ت)
- هەزار سالٚ (بژیت/تەمەنت بێت).
- ڕەحمەت له شیرت.
- سەربەرزق بیٚ(ت).
- (کاك ئەحمەدی شێخ/نووری محەمەدی شەریف/غەوزی بەغا/شێخ عەبدول قادری گەیلانی...هتد) ئاگادارت بیٚ(ت).
- ئیشەڵلاٚ ئەبیته (دکتۆر/مامۆستا...هتد).

پیاوانیش ئەم دوعایانه بۆ مندالٚ دەکەن:

- سالٚح بی(ت) لەسەر خێر.
- خوا بۆ دایك و باوکت بهێڵیٚ(ت).
- تەمەن درێژ بی(ت).
- دایك ڕۆڵەڕۆت بۆ نەکا(ت).
- ڕەحمەت له شیری.

## ٣/٣-١-٢) دوعاکردن بۆ نەخۆش:

ژنان ئەم دوعایانه دەکەن:

- خوا تەکانت (دا/با)تیٚ(پێبدات).
- خوا غیرەتت باتیٚ.
- خوا سەبری ئەیوبت داتیٚ(پێبدات).
- یاخوا ئەو نەخۆشییەی تۆ به پێی منەوه لەم ماڵه بڕواته دەرەوه.
- (بری/بەر) جەزای قیامەتت کەویٚ(ت).
- ئیشەڵلاٚ هەوجەی به دکتۆر ناکەویٚ(ت).
- ئیشەڵلاٚ بەلاٚ گێڕه.
- دەردوبەلاٚت له من کەوێت.

پیاوانیش ئەم دوعایانە دەکەن:

-خوا شفات بۆ بنێرێت.

-چاکدەبیت ئیشەڵلاّ.

-کەفارەتە.

-خوا ڕەحمت لیّ بکا(ت).

### ٣/٣-١-٣) دوعاکرن بۆ شتەکانی تر:

ئەو دوعایانەی کە ژنان دەیکەن، ئەمانەن:

-یاخوا بەختت (ب)کرێتەوە.

-یاخوا ئەم (کوڕ/کچ)ە بەختی (ب)کرێتەوە.

-یاخوا بە دایکی کوڕان بی(ت).

-ڕۆڵەکانت بێوەی بن.

-ڕووسوری دنیاو قیامەت بی(ت).

-بە حەیا و حورمەت بی(ت).

-(جەرگ/سک)ت نەسوتیّ(ت).

-ڕۆڵە ڕۆنەکەی(ت).

-شین و ڕۆڕۆ نەکەی(ت).

-لەش بەبار نەبی(ت).

-خوایە کۆشیان پڕبێت.

-خوا بێبەشتان نەکا(ت).

- نۆبەرەت کوڕ بیّ(ت).

-(کوڕ/برا/کەس)ت نەمریّ(ت).

- مەرگی عەزیزت نەبینی(ت).

- ڕووسوربی(ت).

-ڕوو سپی بی(ت).

-خوا بە دڵی خۆتت لەگەڵ کا(بکات).

-یاخوا بحەسێنەوە.

-خوایە دوو دڵ یەکخەی(یەکبخەیت).

-لە ئامەنەتی خوایە بی(ت).

-خوا پشت و پەناتان بیّ(ت).

-بیّ مزەرەت بی(ت)

- به دایکی حەوت کوڕبی(ت).

-کارت ڕاستبیٚ(ت).

پیاوانیش ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-خوا بەدڵی خۆت بۆ بکا(ت).

-خوا کچێکی چاکت بە (نسیب/قسمەت) کا (بکات).

### ٣/٣-٢) دوعالێکردن:

دوعاش لە ئەمانەی خوارەوە دەکرێت:

### ٣/٣-٢-١) دوعاکردن لە منداڵ:

بە زۆری ژنان دوعا لە منداڵ دەکەن، چونکە زیاتر لە پیاوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن:

-دەردیٚ بگری(ت) دەرمانی نەبیٚ(ت).

- خوایە دەردێکی بۆ نازڵکەی دەرمانی نەبیٚ(ت).

-عەمرت کۆتا بیٚ(ت).

-(تەمەن/عەمر)ت (کورت بێت/درێژنەبێت/کۆتابێت).

-خوایە بیبەیتەوە بۆ خەزێنەکەی خۆت.

-شیرمت پیٚ حەرام بێت.

- بە کۆی زوخاو بی.

-خوا بتانباتەوە.

-جوانە مەرگبیت.

- خوا دەوامی عەمرت نەدا.

### ٣/٣-٢-٢) دوعاکردن لە ژن یان کچ:

ژنان هەندێك دوعا لە ژنان و کچان دەکەن، کە تایبەتن بە (منداڵنەبوون و شووکردن و ڕەوشت...هتد)، وەکو:

-بەدارەکەی قەراغ بی.

- لات (ببڕن/تاشن).*

---

*) ژنان چەند دەربڕینێك بەکاردەهێنن، کە ڕەنگدانەوەی ئەو سزاکۆمەڵایەتییانە، کە لە کۆندا بەسەر ژناندا جێبەجێدەکرا لە کاتی بەزاندنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە بۆیان دیاریکراوە، وەکو: (سەرت تاشن، شاربەدەرکریٚی(ت)...هتد)، یان ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵسوکەوتانەیە کە ژنان لە کاتی پرسەدا دەیان نواند، وەکو(سەرت شین کەیت، سەرت لە قوڕنێیت...هتد)، هەرچەندە لە ئێستادا ئەو یاسایانە جێبەجێناکرێن و ئەو هەڵسوکەوتانەش ناکرێت، بەڵام هەر لە دەربڕاوەکانی ژنە بە ساڵەچووەکاندا ماوە و لە کاتی دوعاکردن و جنێودانادا بەکاردەهێنرێن.

- کۆستت کەویٚ(ت).
- شار بەدەرکریٚی(ت).
- ماڵت ویٚران بیٚ(ت).
- سەرت لە قوڕنێیت.
- خێر لە خۆت نەبینی(ت).
- ڕەبی لەوە خراپتربی(ت).
- پیٚ و پۆزەت بە قوڕاچیٚ(ت).
- ڕەبی حەوت دانە کوڕت لەسەر یەك بمریٚ(ت).
- پرچی سپی بهۆنێتەوە.
- یاخوا بەدیار مناڵەکانتەوە پرچی سپی بهۆنیتەوە.
- سك سوتاو بیت.
- ڕەبی بە وەجاخ کوێری دانیشی(ت).

### ٣/٣-٢-٣) دوعاکرن لە شتی تر:

ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

- خوا لەناو دەمت با(بدات).
- خوا ڕووت ڕەشکا(بکات).
- ئەتدەمە دەست خوا.
- (هەواڵە/حەواڵە) ی خوا بی.
- خوا لە ناوت بەریٚ.
- خوام دا بە گژتا.
- بە گەردنی ورد و ملی شکاوت.
- دەردی بیٚ دەرمان بگری(ت).
- خوا خراپت بۆ بکا(ت).
- خوا دەوامی عەمرت نەدا(ت).
- دەستم بشکیٚ(ت).
- عەمرم نەمێنیٚ(ت).
- کوێرایم دابیٚ(ت).
- یاڕەبی جەرگت بە ئاو بیٚ(ت).

پیاوانیش ئەم دوعایانە دەکەن:

- خەجاڵەتی دنیا و قیامەت بی(ت).

-خێر له ماڵ و سامانت نەبینی(ت).

-ڕوو زەردی دنیا و قیامەت بی(ت).

-دارزێیت.

## ٤/٣) خوازبینی:

یەکێکی تره له بۆنه کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، یاسا و ڕێسای ئایینی و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیه، بۆنەکەش به چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لەوانه: (داواکردنی کچ له ماڵی باوکی، پرسیارکردن، دیاریکردن(شیربایی بڕ)، شەکراوخواردنەوه، زەماوەندکردن...هتد). ژنان و پیاوان به تایبەتی کەسه بەتەمەن و به ئەزموونەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن له سەرخستنی پرۆسەکەدا، هەریەکەیان به پێی ئەرکی خۆیان چەندین دەربڕینی جیاواز بەکاردەهێنن، که ئامانج لێی سەرخستنی پرۆسەکەیه. ژنان زیاتر ئەو دەربڕینانه بەکاردەهێنن، که پڕاوپڕن له پەسنی جوانی و باشی کوڕ و کچەکانیان، بۆ نموونه:

- (کچ/کور)ەکەمان وەکو گوڵ وایه، عەیبی نییه.

-ئێمه هاتووین بۆ گوڵێك له باخەکەتان.

-گوڵێك له باخەکەتان ئەکەینەوه.

-گوڵێك له باخەکەتاندایه حەزئەکەین ئەو گوڵمان پێشکەش (ب)کەن.

- کچەکەمان خزمەتی بنەماڵەیەك ئەکات.

-کچێکی زۆر جوان و خانومانه.

-کوڕێکی زۆر ڕەوشت بەرز و پیاوانەیه.

-کوڕەکەمان به حورمەته، شروب خۆر و مەشروب خۆر نییه.

-شەهاده ومەهاده گرنگ نییه، گرنگ ئەوەیه کچەکه (مورتاح/خۆش بەخت) کا(بکات).

-کچەکەمان داوێن پاك و به حەیاوحورمەته.

-کچەکەمان سەربەدەر نییه.

- هەر له خۆمەوه وەعدنادەم، ڕای باوك و براکانی وەردەگرم و ڕای کچەکەش شەرته.

-کوڕەکەمان به ڕەوشت و کاسبه.

- پارو له دەم داکەوێت بۆ کۆش باشه.

بەڵام ئەو دەربڕینانەی که پیاوان بەکاریدەهێنن، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوەیه:

١. ئاماژەن بۆ مەبەستی دروستکردنی خزمایەتی:

-هاتووینەته (سەر بەڕەکەتان/بەردەرگاکەتان/ماڵەکەتان...هتد).

-ئێمه ناوبانگی ئێوەمان بیستووه.

–له ئێوه باشترمان دەست ناکەوێت تاوەکو ببینه بچووکیان.

–کوڕمان بکەن به (کوڕ/خزمەتکار)ی خۆتان.

– کچەکەتان بکەن به کچی ئێمه.

– گەورەماندەکەن ئەگەر (بمانکەن به خزمی خۆتان/خزمایەتیمان قبوڵبکەن).

– حەزمان له خزمایەتی بنەماڵەیەکی(بەرێز، خانەدان، ئیماندارو له خواترس ...هتد)ی وەکو ئێوەیه.

– ئێمه بۆ کاری خێر هاتووین.

٢. ئاماژه بۆ ئەوه دەکەن، که کچ هەر دەبێت شووبکات و کوڕیش ژن بهێنێت:

–ژنهێنان و شووکردن یاسای خوایه لەسەر زەوی.

–ژنهێنان و شووکردن سونەتی ژیانه.

–ژنهێنان و شووکردن سونەتی پێغەمبەره.

–کوڕ و کچ تاسەر لەلای دایك و باوکیان نامێنن.

–کوڕ و کچ هەر دەبێت شووبکەن.

–چ کوڕ و چ کچ پێویسته بچنه ڕێی خۆیان.

–هەموو کوڕ و کچێك ژنهێنان و شوکردنیان له پێشه.

–پێویسته هەموو کوڕ و کچێك بچنه ماڵ و حاڵی خۆیان.

–کوڕوکچ له ماڵی دایك و باوکی خۆی (میوانه/موەقەته).

–کچ و کوڕ تا زووتر دامەزرێن چاکه.

## ٥/٣ ) پیرۆزبایکردن:

له کاتی منداڵبوون و ژنهێنان و شووکردن و چەژنەئایینییەکان و کڕینی پێداویستییەکانی ژیان، وەکو: (خانوو،ئۆتۆمبیل، جل و بەرگ ...هتد)، پیرۆزبایی له یەکتری دەکرێت و سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵی کوردەواری بەشداری تێدا دەکەن به بێ جیاوازی ڕەگەز، بەڵام ژنان زیاتر بایەخ بەم بۆنەکۆمەڵایەتییه دەدەن و فەرهەنگی ژنانیش هەندێك دەربڕینی تێدایه، که پیاوان بەکارناهێنن، به پێچەوانەشەوه. پیرۆزبایکردنیش بۆ ئەم مەبەستانەیه:

### ٣/٥-١) ژنهێنان و شووکردن:

ژنان ئەم دەربڕوانه بەکاردەهێنن:

–سەر بەخێربێت.

– پێکەوه پیروخەڕۆبن.

–(پێکەوه/لەیەك) بحەسێنەوه.

-ژیانێکی خۆش بەسەربەرن.

-خوا لەیەکتان نەکا(ت).

-کۆشیان پڕبێ(ت).

-پەشیمانی لە دوا نەبێ(ت).

-ئاخیرتان خێربێ(ت).

-یاخوا بە دڵی خۆشتان بێ(ت).

-بەردی سارد و گەرم نەیەتە ڕێیان.

-ماڵ و حاڵێکی بەختەوەر پێکەوە بنێن.

-ژیانێکی خۆش بەسەر بەرن.

-بە خۆشی بێ(ت).

-لە بەر بەختی خۆیان بحەسێنەوە.

-خێر لە خۆیان ببینن.

پیاوانیش بۆ مەبەستی پیرۆزبایکردن لە کاتی ژنهێنان و شووکردندا، ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

- خوا بەرەکەت بخاتە ژیانتانەوە.

-ژیانێکی سەرکەوتوو بەسەر بەرن.

-بەیەکەوە بگونجێن.

-خێزانێکی بەختەوەر بن.

-جیابوونەوەی لە دوا نەبێ(ت).

-خوا خێر و بەرەکەتتان بەسەرا برژێنێ(ت).

-تا سەر بێت.

### ٣/٥-٢) منداڵبوون:

زیاتر پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە لە کاتی منداڵبووندا سەردانی یەکتری دەکەن و پیرۆزبایی لە یەکتری دەکەن و پۆیلانەش پێشکەش بە منداڵەکە دەکەن، ئەو دەربڕینانەش کە بەکاردەهێنن زیاتر دوعان بۆ منداڵەکە.

ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-(بەناز/لەباوەش)ی دایك و باوکی گەورە بێ(ت).

-سەربە (هەرزانی/رزق) بێ(ت).

-خوا دەست بە باڵییەوە بگرێ(ت).

-خوا بۆتانی بهێڵێ(ت).

**به خوشکی حەوت برا بیٚ(ت).**

**-پیٚوقەدەمی (خیٚر/ بەخیٚرەوە) بیٚ(ت).**

**-خیٚروبەرەکەتی لەگەڵ خۆیا هیٚنابیٚ(ت).**

**-خوا لیٚتان(پیرۆز/موبارەك) کات.(بکات).**

**-بیٚ چاویٚنی بیٚ(ت).**

**- ناوی لە ناوانا بیٚ(ت).**

**-ناوکی حەوت کوڕی لەدوا ببڕیٚ(ت).**

**-بە خوشکی حەوت برا بیٚ(ت).**

**-(عەمر/تەمەن)ی دریٚژبیٚ(ت).**

**-لە چاوە و نەفەس بە دوور بیٚ(ت).**

**-خوا بیکاتە چاو ڕۆشنتان.**

**-بە دایك وباوك گەورەبیٚ(ت).**

**-گۆچانی پیریتان بیٚ(ت).**

**-خوا مرادم با خۆم ژنی بۆ بیٚنم، بە شای دۆست، بە کویٚرای دوژمن.**[1]

**پیاوانیش ئەم دەربڕینانە بەکاردەهیٚنن::**

**-لە ساڵحان بیٚت.**

**-لە سایەیا بحەسیٚنەوە.**

**-ساڵح بیٚت لەسەر خیٚر.**

**-بە دایك و باوك گەورەبیٚ(ت).**

**-جیٚگەی شانازی دایکوباوکی بیٚ(ت).**

## ٣-٥/٣) جەژنە (ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی...هتد)یەکان و کڕینی پیٚداویستییەکانی وەکو: (خانوو، ئۆتۆمبیل، جل و بەرگ ...هتد):

**بە زۆری ژنان و پیاوان دەربڕینی هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهیٚنن، وەکو:**

**-یاخوا جەژنتان پیرۆزبیٚت بە دڵی خۆش.**

**-گەردنمان ئازد(ب)کەن و گەردنتان خۆش و ئازابیٚ(ت).**

**-لە ناو هەزار جەژندا بن.**

**-شتی باشتری (بەدواوە/لەدوا) بیٚ(ت).**

**-بیٚتە مایەی خیٚر بۆتان.**

---

[1]-محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ل٩٧.

-خوا لێتان تێك نەدا.

سەرەڕای ئەمەش ژنان چەند دەربڕینێك بەکاردەهێنن، کە پیاوان بەکاری ناهێنن، وەکو:

-((پیرۆزبێت دوو(ر) لە ڕەشییەکەی هەزار پارچەی وا بدڕی(ت).

-پیرۆزبێت دوو(ر) لە تەنگییەکەی، هەزار جووتی وا بدڕێنی(ت).))[1]

## ٦/٣) پرسە (تەعزیٚ):

پرسە یەکێکی ترە لە بۆنەکۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، کە زۆربەی تاکە پێگەیشتووەکانی کۆمەڵ بەشداری تێدادەکەن و ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیە. سەرەڕای ئەوەی ئەم بۆنەیە یاسای تایبەتی خۆی هەیە هەر لە مردوو شوشتن و کفنکردن و بەرێکردنی بۆ گۆڕستان و دواتر دانانی پرسە، لەگەڵیدا لەم بۆنەیەدا چەندین دەربڕین بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی دڵنەوایکردن و سەرخۆشیکردن و دوعابۆکردن و شین و ڕۆکردن...هتد. ژنان و پیاوان بەشداری لە پرسەدا دەکەن، بەڵام بە بەکارهێنانی دەربڕینی جیاواز، ژنان بە هۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە هەیانە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندییان هەیە لە چاو ئەو دەربڕینانەی کە پیاوان لە هەمان بۆنەدا بەکاریدەهێنن. هەروەها ژنان لەم بۆنەیەدا هەندێك هەڵسوکەوت دەکەن، کە پیاوان بەکاریناهێنن وەکو: (شین و ڕۆڕۆکردن و لەخۆدان...هتد)، هەروەها زیاتر گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا دەکەن و هەوڵی یەکتری دەپرسن و باسی جلوبەرگ و ژنهێنان و شوکردن و باشی و خراپی کەسانی تر ...هتد دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵی کوردەواریدا ژنان بە زۆری لە ماڵەوەن و لە ئیش و کاری ماڵەوە خەریکن و کەمترن دەرفەتی چوونە دەرەوە و بینیی کەسانی تریان هەیە.

ئەو دەربڕینانەی لە پرسەدا بەکاردەهێنرێن لەم چوار لایانەوەیە:

١. **دەربڕینی خەم وپەژارە و پیشاندانی هاوبەشی لە خەمەکەیاندا:**

ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

- دەستم بشکیٚ(ت).

- دایکی بمریٚ(ت).

-عەمرم نەمێنیٚ(ت).

-کوێراییم دابیٚ(ت).

-چاوم کوێربیٚ(ت).

-کزە لە (جەرگ/سك)مەوە هات.

---

[1] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٨١-٨٢)

– خۆزگە من بوومایە لە جیاتی ئەو.

–خۆزگە وایلێنەهاتایە.

پیاوانیش ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

–بە ڕاستی کەسێکی (مەرد/چاك)بوو.

–مردنەکەی کتوپڕبوو.

–جێگای داخە.

–لە (دەست/کیس)ی هەمووومان چوو.

–کوڕەکانی جێگەی خۆی ناگرنەوە.

–ئەو بنەماڵە هەر ئەویان هەبوو.

**٢. دوعای خێر بۆ مردووەکە:**

ژنان ئەم دوعایانە بۆ مردوو دەکەن:

–بە جوانی بەهەشت بیٚ(ت).

–قەبروقیامەتەکەی فەریح بیٚ(ت).

–دەم و زمانی فەسیح بیٚ(ت).

–لە ئەهلی بەهەشت بیٚ(ت).

–لە پردی سیرات هیچی نایەتە ڕیٚ.

–یاخوا لە نووردا حەشر بکریٚ(ت).

–یاخوا لە بەهەشتا بە ئاوی کەوسەر دەم و چاوی بشوا(ت).

–یاخوا فیردەوس جێگای بیٚ(ت).

–ئیشەڵلاٚ ئیمانی لەگەڵ خۆیە بردووە.

–گەردنی خۆش و ئازابیٚ(ت).

–لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکریٚ(ت).

–کۆتا کۆستان بیٚ(ت).

پیاوانیش ئەم دوعایانە دەکەن:

–خوا بە ئاواتی خۆی شادی بکا(ت).

– خوا لە گوناحەکانی خۆش بیٚ(ت).

– خوا بە بەهەشتی بەرینی شادبکا(ت).

– (عەمری درێژی/تەمەنی درێژ/باقی تەمەن)ی بۆ ئێوە بەجێهێشتبیٚ(ت). (ئەگەر مردووەکە منداڵ یان گەنج بوو.)

–خوا بیگێڕیٚ(ت) بە زەخیرەی ڕۆژی قیامەتتان. (ئەگەر مردووەکە منداڵ بوو.)

–خوا عەفوی کا(بکات).

### ٣. دڵنەوایکردنی خاوەن پرسەکە:

ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

–خوا هەر ئەوی لەبیر بێت و کەسی ترتانی لەبیر نەبیٚ(ت).

–خوا ئەمان مرێنێت و زیندووشمان ئەکاتەوە.

–خوا ئاوی بەڕەحمەت کا (بکات) بە دڵتانا.

–لە دەسەڵاتی کەسدا نییە.

–لەگەڵ کاری خوا هیچ ناکریٚ(ت).

–خۆتان خۆشبن.

–(منالٚ/کوڕ)ەکانتان خۆشبن.

–ئاخری خەمتان بیٚ(ت).

– خوا خراپترمان پیشان نەدا(ت).

–خوا خەمی ترتان نەداتیٚ(ت).

–نۆرەی خۆشیتان بیٚ(ت).

–دنیاماڵی کەس نییە و دەبێت هەموومان بەجێبهێڵین.

–کاری خوایە هیچ دەسەڵاتمان نییە.

–خوا دروستی کردوین و هەر خۆشی ئەمانباتەوە.

پیاوانیش ئەم دەربڕینانە بۆ دڵنەوایکردنی خاوەن پرسە بەکاریدەهێنن:

–هەمووومان هەر ئەبێت بمرین.

–ئیشەڵلاّ جێگای باوکتان ئەگرنەوە.

–مردن ڕێگایەکە لە بەردەم هەمووومان.

–هەمووومان هەر دەگەڕینەوە بۆ لای خوا.

–مردن حەقێکە لەسەر هەمووومان.

– خوا عەفوی کا(بکات).

–قەزاوقەدەرە.

–تەمەنی درێژی بۆ ئێوە جێهێشتبیٚ(ت).

– خوا لێی ڕازیبیٚ(ت).

– خوا جەزای بەخێرتان باتەوە(بداتەوە).

– (بەشدار/هاوبەش)ی خەمتانیین.

-موقەدەری خوایە و لە دەسەلاَتی کەسدا نییە.

**٤. وەلاَمی پرسەدار.**

ژنانی خاوەن پرسە بەم دەربڕینانە وەلاَمی میوانەکان دەدەنەوە:

- قەزا و بەلاَی (ئێوە/منداڵەکان)ی بردبیَ(ت).
- خوا (پاداشت/جەزا)تان بداتەوە.
- عەزیز مردە نەبن.[1]
- ناخۆشیتان نەیەتەڕیَ.
- خوا خێرتان بنووسێت.
- خوا خەمتان نەداتیَ.
- جەرگتان نەسووتیَ.
- (کوڕ/برا/کەس)تان نەمریَ(ت).
- عەزیەتتان کێشاوە.

پیاوانی خاوەن پرسەش بەم دەربڕینانە وەلاَمی میوانەکان دەدەنەوە:

- بەخێربێن سەرچاومان.
- عەزیەتتان کێشا.
- خوا لە برایەتی کەمتان نەکا(ت).
- ئێوە سەلامەت بن.
- بۆ خۆتان خۆش بن.
- خوا سەبوریی هەموو لایەك بدا(ت).
- خوا لە مردووی هەموومان خۆشبیَ(ت).

**٥. شین و ڕۆیی کەس و کاری مردووەکە:**

ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

- هیچ خۆشی نەدی لە دنیای ڕۆشن.
- بۆ لەناکاو بەجێتهێشتین.
- ئەم مردنە کوتوپڕە چی بوو؟
- ڕۆڵە ڕۆ
- ئاگری لە دڵم بەردا.
- ڕەنجەڕۆ خۆم.

---

[1] هێمن عەبدواحەمید شەمس (٢٠٠٦: ٨٦)

-بۆ لە خۆشی دنیات کردم.

پیاوانیش دەڵێن:

-پشتم شکا.

-ماڵم وێران بوو.

-باوکە ڕۆ

## ۷/۳) جنێودان:

جنێودان بە دیاریدەیەکی ناشرین لەناو کۆمەڵدا سەیردەکرێت، هەرچەندە زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ لە کات و شوێنی خۆیدا لە کاتی کێشە و شەڕدا بەکاریدەهێنن، بەڵام لەبەرئەوەی بێڕێزی و سوکایەتی پێکردنی تێدایە، لە کلتووری کوردیدا ئەو کەسەی کە جنێو دەدات بە چاوێکی سووك سەیردەکرێت و زاراوەی (جنێوفرۆش)ی بۆ بەکاردەهێنن، زیاتر جنێوەکانیش پەیوەندیان بە شەرەف و ڕەوشتەوە هەیە. ئەو کەسەی کە جنێو دەدات سەرەڕای ئەوەی کە بە جنێو وەڵامدەدرێتەوە ڕەنگە بگات بە شەڕ و پیاهەڵگژان. لە جنێوداندا ئافرەت کەمتر لە پیاو جڵەوی خۆی بۆ دەگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە لەم لایەنەوە فەرهەنگی ئافرەت تەواو دەوڵەمەندە و زۆر زاراوە هەیە، کە تەنها ئافرەت بە کاریان دەهێنێت.[١]

ئەو جنێوانەی کە ژنان بەکاریدەهێنن، ئەمانەن:

-بەرەڵا

-سەرت بەتاشین چێ(بچێت).

-بە (پەن(د)/ پەنگ)ی دنیاو قیامەت بی(ت).

-حەیا و چێ(ت).

-ماڵانگەڕ

-(ئێسک/ شکڵ)ت خواتەوە.

-شاربەدەر (کرێی(ت)/بی(ت)).

-خێر لە خۆت نەبینی(ت)

-بێ ئابڕوو

-بەد ڕەوشت

-ئاگر تێبەربوو.

-زمان لووس

-دەم شڕ

---

١) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٨)

-بیٚ شەرم

-کەوڵەکۆن (بەرامبەر پیاوی بەساڵداچوو بەکاریدەهێنێت)

-سەرو گوێلاکی خواتەوە.

-بێعار

-بێحەیا

-قەرەچی

-دەنووك سور

-سەرت بکەن بەناو تۆپەڵێك قوڕا.

-توخم پیس

-بەرماوەی هەموو کەسی دەم ناخەمە دەمی تۆوە هەی والێکراوی وا پێکراوە.[1]

-دایمەن لەسەر سفرەی خەڵك دانیشتوویت.

-چڵکاو خۆر

-وەجاخ کوێر

-(دەك) داوەشێیت.

-نەعلەت لەوەی شیری پێداوی(ت).

-هەر ڕۆژەی لەگەڵ سەیارەیەکا سەرئەکەوی(ت).

-یەکێك ئەتباو یەکێکی تر ئەتهێنێتەوە.

-دائیمە موبایلەکەت بە گوێوەیە.

-نەمبینیت کە سەیارەیەك سەری خستی(ت).

پیاوانیش ئەم جنێوانە بەکاردەهێنن:

- بیٚ شەرف

- بیٚ غیرەت

- بیٚ نامووس

- سەرزل

-سەگ باب

-نامەرد

- گەواد

-خوێڕی

-حەرامزادە

---

[1] د.محەمەد مەعروف فتاح (٢٠١٠: ٩٨)

-دایك و خوشك ...
-حەوت پەراسوی لە ئومەتی موحەممەد(د.خ)زیاترە.
-مردووت مرێت.
-کوڕی (سەگ/ کەر...هتد).
-چەقاوەسوو
-دەست وەشێن
-هیچ و پووچ
-بێقیمەت
-بێنرخ
-سەخیف
-نا پیاو
-حەیوان
-هەتیو
-خوا ڕووت ڕەشکا(بکات).
-قۆندەرە
-سەرسەری

## ٨/٣ ) هەڕەشەکردن:

هەڕەشەکردن یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە جیاوازی دەخاتە نێوان ئەو دەربڕینانەی کە ژنان و پیاوان بەکاریدەهێنن، چونکە هەرەشەکردن و ترساندنی بەرامبەر پێویستی بە جێبەجێکردنیش هەیە لە داهاتوودا، بە زۆری ئەو هەڕەشانەی کە ژنان بەکاریدەهێنن زیاتر پەیوەندی بە حەیاوحورمەتەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەو هەرەشانەی کە پیاوان بەکاریدەهێنن زیاتر توندوتیژی پێوە دیارە بە جۆرێك پیاوان شانازی بە توانا و بەهێزی جەستەیانەوەدەکەن، ئەو دەربڕینانە بەکاریدەهێنن، کە بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستی بە هێز و توانای جەستە هەیە، هەروەها لە کاتی هەڕەشەکردندا ئاوازی دەربڕینەکان بەرزدەبێتەوە و هێما نازمانییەکانیش بە تایبەتی جوڵەی دەست و پەنجەکان و چاو بەکاردەهێنرێت. لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەڕەشەکردن لە ژن یان بە پێچەوانەوە بە کارێکی ناشرین سەیردەکرێت، بۆیە زیاتر هەرەشەکان بەرامبەر بە منداڵە یان بە زۆری لە نێوان هاوڕەگەزەکاندا بە کاردەهێنرێت. هەرەشەش لە ئەمانە دەکرێت:

## ٣/٨-١) هەڕەشەکردن لە منداڵ:

ژنان لەکاتی هەڕەشەکردن لە منداڵەکانیان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-با باوکت بگەڕێتەوە.

-مەگەر باوکت نەگەڕێتەوە.

-دەبێ بە لێدانت بدەم.

-ژن نەبم ئەگەر ئەم کارە بە باوکت نەڵێم.

-شەرتبێ(ت) داخت بەکەم.

-شەرتبێ(ت) ئەو دڕکەت لە ژێر پێ دەربهێنم.

-بێم شین و مۆرت ئەکەمەوە.

پیاوانیش ئەم هەڕەشانە لە منداڵەکانییان دەکەن:

-گوێت ئەبڕم.

-چاوت دەردێنم.

-لێت ئەدەم.

-دەبێت نەتبەم بۆ ....

## ٣/٨-٢) هەڕەشەکردن لە گەورە:

لەبەرئەوەی هەڕەشەکردن پێویستی بە هێز و توانای جەستەیی هەیە بۆ جێبەجێکردن، ژنان فەرهەنگەکەیان لەم بوارەدا کزە لە چاو پیاواندا. ژنان ئەم هەڕەشانە دەکەن:

-بێم قژ بەسەرتەوە ناهێڵم.

-شەرت بێ(ت)ئەمەت پێ بڕێژم.

-شەرت بێ(ت) بۆ حەوت پشتت ئاقڵت بکەم.

پیاوان ئەم هەڕەشانە دەکەن:

-لە دەستم دەرناچیت.

-خۆت ڕاگرە بۆ دەرەوە.

-دەبێت بۆ باوکیشت ئاقڵت بکەم.

-خوا یەکەو ناتبێت بە دوو....

-ئەم کارەت بەسەرەوە ناچێت.

-دەبێت بتکوژم.

-دەمت دەشکێنم.

-دەمت پڕدەکەم لە خوێن.

-دەبێت پارچە پارچەت بکەم.

**–پیاو نەبم ئەگەر (نەتکوژم/ تۆڵەت لێنەکەمەوە...هتد).**

**–ئەم (سمێڵ/شوارب)ە هی پیاو نەبێت.**

**–لایەکی (سمێڵ/شوارب)م ئەتاشم، ئەگەر....**

**–ئەم سەرە سەری خۆم نەبێ(ت).**

**–کوڕی باوکی خۆم نەبم ...**

**–ئەبێت تۆڵەت لێبکەمەوە.**

**–ئەمەمان با لە نێوانا بمێنێت.**

**–ئیشت پێم ئەکەوێتەوە.**

**–ئەتبینمەوە.**

**–ئەگەر پیاویت ئەم جارە ئەم کارە دووبارە ئەکەیتەوە.**

**–لێت ئەدەم.**

**–با بۆت بمێنم.**

**–بەسەرتەوە ناچێت.**

**–دەبێ کارێکی وات پێ بکەم با بە دەواری شڕی نەکا(ت).**

**–دووبارەی بکەیتەوە لێت قبوڵناکەم.**

**–تەمێت ئەکەم**

**–ئەگەر پیاوی وەرە دەرێ.**

**–نەمرم تۆڵەت لێدەکەمەوە.**

**–لەو دنیاش بێ(ت) هەر تۆڵەت لێدەکەمەوە.**

**–قەت ئەمەت بەسەرەوە ناچێ(ت).**

**لە وەڵامدانەوە هەڕەشەکردنیشدا پیاوان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:**

**–کەو بەرامبەر کەو دەخوێنێ(ت).**

**–تۆڵە بەسەبرە ئەمان بە زەبرە.**

**–منیش دەستم نەبەستراوەتەوە.**

**–منیش هەروا دەستەوەستان ناوەستم.**

**–ئەوەی هەڕەشە لەمن ئەکا(ت) هێشتا لە دایك نەبووە.**

**–هەزاری وەکو تۆم ناڵکردووە.**

**–دەتبەمەسەر(ئاو/سیروان) و ئاویشت نادەمێ.**

**–دەست بە کلاوی خۆتەوە بگرە، با (با نەیبات/نەکەوێت).**

### ٩/٣ ) توڕەبوون:

ژنان لە کاتی توڕەبوون لە منداڵەکانیان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-قڕتان تێبکەویٚ(ت).

-دەبێت بڕۆم سەری خۆم هەڵگرم.

-عەبوس

-شیرمت پیٚ حەرام بیٚ(ت).

-سەرەخۆرە

-عەمر کورت

-ئاگری قورەت

-ئاگرت تێبەربیٚ(ت).

-عەجوول

-هاروهاج

-چاو دەرچوو.

-ناشرین

-خوێن تاڵ

هەروەها ژنان لەکاتێکدا کە خۆیان توڕەن، بەم دەربڕینانە وەڵامی منداڵەکانیان دەدەنەوە: ((وەناق، زەقنەبووت، زەهری مار، دەردی دایە، وەناقە ڕەش، قوزەڵقورت، ژانەسک.))[١]

ژنان زیاتر لە هاوڕەگەزەکانی خۆیان توڕەدەبن و ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-سەروگوێلاکت خواتەوە.

-ئاگرت تێبەربیٚ(ت).

-ئێسک قورس

شکڵ/ئێسک)ت خواتەوە.

-باوانت شێویٚ(ت).

-دەم و فڵقت خواتەوە.

-زمانت بە بڕین چیٚ(ت).

-ئاین وئۆینکەر.[٢]

-خێر لە خۆت نەبینی(ت).

-بە پەنگی(پەند) دنیاو قیامەت بی(ت).

---

[١]- شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٨٩)

[٢]) د. محەمەد مەعروف فتاح (٢٠١٠: ٩٩)

-ئەگەر باشبوویتایە ژنیان بەسەرتدا نەدەهێنا.
-خۆی ژن نییە بۆیە ژنی تریان بەسەریدا هینا .
-ئەگەر باشبوویتایە شووت نەدەکرد بە پیاوێك ژنی تری هەبێت.
-ئەگەر کەس بیویستایە شوی نەدەکرد بە کەسێك کە ژنی تری هەبێت.
هەروەها ژنان بۆ تووڕەبوون لە ڕەگەزی بەرامبەر، ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:
-بێ تەربییەت
-خۆت دایك و خوشکت نییە؟ وا....
-خوا بتبڕێ.
-سەروچاوت خواتەوە.
-(کەر/گەماڵ)ە پیر
-کەوڵە کۆن
-پێستی سەرت بە نەعلەت بێ(ت).
سەرەڕای ئەمانەش ژنان لە کاتی تووڕەبووندا ئەو دەربڕینانە بەکاریدەهێنن، کە جۆرێك لە بێ دەسەڵاتی پێوە دیارە:
-خوا خوایە دونیا کا و بایە.
-خوا دەرگایەك دەگرێت و حەوتتان ئەکات بەتاڵ.
-خوا کەنێك ئەڕوخێنێت و کەندەڵانێك پڕئەکاتەوە.
-خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە.
-لە شوان گۆچان و لە بوکیش پێ.
پیاوانیش لە کاتی تووڕەبووندا ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:
-تۆ لە تەمەنی ئەوەدانییت وەها (بڵێیت/بکەیت).
-عاجزت ئەکەم.
-ڕێزی خۆت بگرە.
-ناخۆشتکرد.
-تەمبێ نەبووی؟
-شایەنی لەوە خراپتری.
-حەیف ئەگەر نا ....
-ئەڵێی بیسمللای لێ نەکراوە.
-خوێنی بۆ گەڕی باشە/ئەشێ(ت).
-(عەیب/شەرم) لە خۆت ناکەیت.

## ۱۰/۳) میوان:

سەردانی خزم و کەس و کارو ناسیاو هاوڕێ، دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا گرنگی خۆی هەیە وەکو ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیش، هەرچەند لە ئێستادا تاڕادەیەك بەرەو کەمبوونەوە چووە یان شێوەی زۆر جیاوازی لە خۆ گرتووە، بە هۆی سەرقاڵبوون بە ژیان و ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەهای کۆمەڵایەتی خۆی هەیە و خاوەن ماڵ هەوڵدەدات بە جوانترین شێواز و دەربڕینی تایبەتەوە بەخێر هێنانی میوانەکانیان بکات و ڕێزیان لێبگرێت، وا نیشانی بدات کە بەهاتنەکەیان خۆشحاڵبوون و بۆ ئەوەی جارێکی تریش سەردانیان بکرێتەوە، لە کاتی خواحافیزی کردن و بەڕێکردنیشیاندا بە هەمان شێوە بە گەرم و گوڕییەوە بەرێدەکرێن. ژنان و پیاوان هەریەکەیان بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بە دەربڕینی تایبەت بە خۆیانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنان زیاتر کۆمەڵایەتی ترن و باشتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێدەکەن و زیاتریش حەزیان لە میوانداری و چوونە سەردانە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەمتر دەرفەتی یەکتربینیان هەیە، لەبەرئەوە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان لەم بۆنەیەدا هەیە.

## ۱/۱۰ )بە خێرهێنانی میوان:

ژنان لە کاتی بەخێرهێنانی میواندا ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

- قەزاتان لە من کەوێت.
- بە قوربانتتان بم.
- دانیشن (بەخێر/ خۆشی).
- نەماندەزانی دەنا مەڕێکمان لەبەر پێتان سەر ئەبڕی.
- ئەبوایە مەڕێکمان لە بەر پێتانە سەربڕیایە.
- کاسنێکی لەبەر پێدانێن.
- ماڵەکەتان ڕووناککردەوە.
- ئەوە (ڕێ/ڕێگە)ت (هەڵەکردووە/غەڵەت/وێڵکردووە).
- پێتان سەرسەر و سەرچاوانمان.
- خۆتان لێکردووین بە هەنارە شرینە.
- خێروبەرەکەتتان لەگەڵ خۆتانا هێناوە.
- چاو و دڵمان (ڕوون/ڕوونبووەوە).
- بۆچی خۆتان شاردۆتەوە و دیارنین؟

### ١٠/ ٢) خواحافیزیکردن:

لەکاتی بەرێکردنی میواندا ژنان هەر بەردەوام دەبن لە گفتوگۆکردن تەنانەت بەدەم ڕێکردنیشەوە تاوەکو بەردەگای ماڵ هەر قسە دەکەن دواتریش تاوەکو ئەو ماوەیەی کە توانای بیستن هەیە بە دەربڕینەکانیان خواحافیزی لە یەکتر دەکەن، بۆ نموونە:

-ماڵ ماڵی خۆتانە.

-هەر(خاوەن/ساحێب) ماڵبن.

-خوا ئاوای کا(بکات).

-بەخۆشی بتانبینمەوە.

-خێروبەرەکەتتان هێنا.

-خۆ ئەوان هەر نایەن وتم با من بچم سەرێکیان لێدەم.

-پەلەتان چی بوو خۆ هێشتا ئێوارەیە.

-خۆ لەسەر ئاگر نین ئەوەندە پەلەتانە.

-جارێ دانیشە بۆ وا بەپەلەی؟ خۆ نانت بەسەر ساجەوە نەسووتاوە.

-کەی ئەمە هاتن بوو؟ دەڵێی ....

-خۆ نانت بە ساجەوە نەسوتاوە، ئەوەندە بە پەلەی.

-توخوا زووزوو سەرمان لێدەن.

-ڕەبی حەوت ماڵی لێبکەوێتەوە.

-یاخوا هەمیشە سفرەتان پڕ بێ.

پیاوانیش لە کاتی بەخێرهێنان و خواحافیزیکردن لە میوان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-بە خێربێن سەرچاومان.

-گەورەتان کردین.

-ماڵ ماڵی خۆتانە، ئێمە هەر حەڵاڵمان لە یەك جیایە.

-ڕێزتان هەیە.

-ماڵی خۆتانە.

-لە خزمەتتانداین.

-گەورەتان کردین.

-لای ئێوەم خۆش.

-خوا حافیزتان.

-ئەزیەتماندان.

-خوا ئاوەدانی کا(بکات).

–هەر ساحیب ماڵبن.
–زۆر خۆشحاڵ بووین.

### ١١/٣) دڵنەوایکردن:

بۆ دڵنەوایکردنی کەسێك لە کاتی پرسە یان کێشە و گیروگرفت و ناخۆشی...هتد، ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

–خوا بە نەخۆشی ئینسان بەسەر دەکاتەوە.
–ئەگەر بە نەخۆشی بووایە کەس نەدەما.
–نەخۆشی لەوە خراپتر چاك بووەتەوە.
–مناڵەکان بێوەی بن، ماڵی دنیا هیچ نییە.
–خوا لەوە خراپترتان پیشان نەدا.
–خوا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێت کە نەخۆش ئەکەون.
–خوا هەر ئەوەی لە بیر بێ و کەسی ترتانی لە بیر نەبێ(ت).
–لە ماڵی باوکیشیە خۆ هەر تیکەیەك نان هەیە (بۆ خواردن/بیخوات).

پیاوانیش بۆ دڵنەوایکردن ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

–خۆتان خۆش بن ماڵی دنیا هیچ نییە.
–شوکری خوا بکەن.
–هەرچەندە ماڵی دنیا خۆشەویستە، بەڵام هەر سەر سەلامەت بێ(ت).
–ماڵی دنیا چڵکی دەستە.
–هەموومان هەر دەمرین، گرنگ ئەوەیە خەڵکی بە باشی باسی دەکەن.

### ١٢/٣) سڵاوکردن و چاك و چۆنی:

ئەرکێکی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە، لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەو کەسانەی کە یەکتر دەناسن لە کاتی یەکتر بینیندا بە گەرمی و بە ڕێزەوە سڵاو لە یەکتردەکەن و ڕێز و خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دووپاتدەکەنەوە بە مەبەستی پاراستن و بەردەوامی ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوانیاندایە.

دوو هۆکار کاردەکەنە سەر ماوەی خایاندنی چاکوچۆنی لە ڕووی کورت و درێژی سڵاوکردنەکەوە:[١]

---

[١] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٧٦)

**١- ئەو ماوەیە چەندە، کە یەکتریان نەبینیووە؟ تا ماوەکە زۆر بێت، سلاوکردنەکە درێژخایان دەبێت.**

**٢- ئەو پەیوەندییەی کە کەسەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئایە زۆر نزیکن، یان ناسیاوییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە، چاکوچۆنی نێوان ئەو بەشداربووانەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیان هەیە، درێژترە و پەلوپۆ دەهاوێژێ، ئەگەر بەراوردی بکرێت لەگەڵ چاکوچۆنی ئەو کەسانەی پەیوەندی و یەکترناسینیان کەمە و سەرپێییە.**

**ئەگەرچی ژنان و پیاوان بە بێ جیاوازی ڕەگەز سلاو و چاکوچۆنی لە گەڵ یەکتردا دەکەن، بەلام دەربرینی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن و لە ڕووی ماوەی خایاندنی سلاوکردنەکەشەوە جیاوازی لە نێوانیانداهەیە، بە جۆرێك، ژنان زیاتر لە پیاوان حەزیان لە چاکوچۆنی و هەواڵپرسین هەیە و درێژدادڕی زیادی تێدا دەکەن و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیشیان لەم بوارەدا هەیە، چەندین دەربڕین بەکاردەهێنن، کە لە فەرهەنگی پیاودا نییە، لە کاتی چاکوچۆنی نێوان ژناندا تەنها سلاو لە یەکتری ناکەن و هەواڵی یەکتر ناپرسن، بەڵکو پەلدەکێشێ بۆ هەواڵپرسین لە ماڵ و منالی یەکتری و هەواڵی خزم و کەسە نزیکەکانی یەکتر دەپرسن و دوعای خێریان بۆ دەکەن و سەلامی خۆیانیان بۆ دەنێرن. بە هەمان شێوەش لە خواحافیزیکردنشدا هەر ژنان درێژتری دەکەنەوە بە دەم دوعابۆکردن و هەواڵپرسینەوە سلاو گەیاندنەوە لە یەکتری جیادەبنەوە.**

**ژنان لە کاتی سلاوکردن و چاك و چۆنیدا ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:**

**- مەرحەبا**

**-مەرحەباتان لێبێت.**

**- چاوم ڕوونبووەوە.**

**- (سك/جەرگ)ت نەسوتیێ(ت).**

**- کوڕت نەمریێ(ت).**

**- ڕۆڵە ڕۆنەکەی(ت).**

**- خوا چاکت بۆ بکا(ت).**

**- دەستت ماچ ئەکەم.**

**- باوکی مناڵەکان چۆنە؟**

**- وەکیلی سەلام بە.**

**- باوکی (بە زۆری ناوی منالی گەورە)چۆنە؟**

**- ئاخر خێر بی(ت).**

**-قەزاتان لە من کەویێ(ت).**

-خوا (خۆشت کا(بکات)/ سەلامەتت کا(بکات)).

-خوا چاکت بۆ بکا(ت).

-مناڵەکان چۆنن.

-شوکورباشن.

-خۆش بیت یاخوا.

-کچەکەت بە شوو نەداوە.

-کوڕەکەت ژنی نەهێناوە.

پیاوانیش بۆ هەمان مەبەست ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

- سەلامو عەلەیکوم.

- ماڵەوە چۆنن.

- برا ژن چۆنە.

- سڵاو ڕێزم هەیە بۆ ماڵەوە.

- سەلامیان لیٚ ئەکەم.

- (سڵاو/سەلام)مان بگەیەنە.

- خوا قوەتتاندا.

- خوا بازاڕتان دا.

-منالەکان چۆنن.

-وەزعتان چۆنە.

-حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە؟

-سەلامەت بی(ت).

## ١٣/٣) گلەییکردن:

بەهۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی کە لە نێوان ژناندا هەیە، زیاتر لە پیاوان گلەیی لە یەکتر دەکەن و بایەخی پێدەدەن، هەوڵدەدەن هەموو کارێك یان هەڵسوکەوتێك بکەن بۆ ئەوەی گلەییان نەیاتەسەر. لە گلەییکردنیشدا ناڕەزایی دەکەوێتە سەر گوێگر، چونکە لە توانایدا هەبووە کردە دیاریکراوەکە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام گوێگر کەم تەرخەم بووە یان هەڵەی کردووە یان هەر هۆیەکی تر لە ژێر دەسەڵاتی گوێگردا بێت، مافی ئەوە دەداتە قسەکەر تاکو گلەیی لیٚ بکات.[١]

لە گلەییکردندا ژنان ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

---

[١]) قیس کاکل توفیق (١٩٩٥: ٩٦)

-خۆت لێکردووین بە هەنارە شرینە.

-کەی ئەمە هاتن بوو؟

-بە جارێ خۆتان شاردۆتەوە و دیارنین.

-خۆ ئەوان هەر نایەن وتم با من بچم سەرێکیان لێدەم.

-بەجارێ پێتان لێ بڕیوین.

-بێزتان نایە هەر مەرحەبایەکمان بکەن.

-قسەیەکی پێ وتم (جەرگی ئاودام/تاماوم بیرم ناچێتەوە).

-گلەیی بێت ئەو ڕۆژە هەر هەواڵێکتان نەپرسی.

-ئەو هەموو کارەساتەمان بەسەردا هات، سەرێکتان لێنەداین.

-نە دەنگێ نە ڕەنگێکتان هەیە.

-دیار نین ئەڵێی لە شارنەماون.

پیاوان کەمتر گلەیی لەیەکتر دەکەن، لە کاتی گلەییکردنیشدا، ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

-بە پیاومان نازانی وا.....

-چاوەڕوانی ئەوەم لێ نەئەکردی.

-بەو شێوەیە (لێم نەئەڕوانی/ تەماشام نەئەکرد).

-ئەو کارە لە تۆ ناوەشێتەوە.

-دنیا هەوا نابێ...

## ١٤/٣) پۆزشهێنانەوە:

لەکاتێکدا کە قسەکەر هەست بە هەڵەیەك یان کەمتەرخەمییەك دەكات، پۆزش بۆ بەرامبەرەکەی دەهێنێتەوە و خۆی بە خاوەنی هەڵەکە دادەنێت، ئەمەش بۆ دەرخستنی نیازپاکی خۆی و دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا. لەبەرئەوەی ژنان زیاتر لە هەوڵی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە زیاتر لە پیاوان پۆزش بۆ بەرامبەر دەهێننەوە.

ژنان لە کاتی پۆزشهێنانەوەدا ئەم دەبڕینانە بەکاردەهێنن:

-دڵتان نەئێشێت.

-لە گوڵ کاڵترت پێناڵێم.[١]

---

[١]) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٩٨)

-خوا ئەیزانێ ئاگام لێنەبووە.
-هەزار منالْ ئەکەم بە (ساقەت/قوربانت).
-((کوڕم بمرێ ئاگام لێی نییە، ئێستا ئەیبیستم.
-ئەو کوڕەم بە دەستی خۆت کفن و دفن کەیت، ئەگەر زانیبێتم.
-زمانم بە بڕینچێ ئەگەر قسەی وام کردبێ.
-خوا ئەو دوو کوڕەم لێ بسێنێ ئەگەر قسەم کردبێ.))[1]

پیاوانیش ئەم دەربڕاوانە بەکاردەهێنن:

-بە گەورەیی خۆت بمانبوورە.
-داوای لێبوردن ئەکەم.
-عەفووم کە.
-بەگیانی برایەتیمان ئاگادار نەبووم.
-نەمدەویست وای لێ بێت.
-مەبەستم ئەوە نەبوو.
- دووبارەی ناکەمەوە.

## ١٥/٣ ) ناڕەزایی دەربڕین:

بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دەستی کەسێك یان شتێك یان کارێك، ژن و پیاو دەربڕینی جیاواز بەکاردەهێنن:

ژنان ئەم دەربڕینانە دەردەبڕن:

-بە زیبای خێرم نەکرد.
-ناوکی خستم.
-هەر تۆمان مابوو...
-خوا بیانبڕێ بۆ خۆیان و (ئاو، کارەبا..هتد)یان.
-حەو سەڵەم (نییە/نەماوە) بە دەستتانەوە.
-پیاوی بێکەڵك وەك هەمانەی خاڵی وایە.
-خوا هەزار (حالْ/پیاو/ژیان)ی وا ببڕێت.
-ناو جەرگم ڕەش بوٚتەوە بە دەستییەوە.
-خوایە تاوانمان چی بوو وات بەسەرماندا هێنا.
-خوایە بۆ بەم تەمەنەوە سکت سوتانم.

---
[1] شیلان ڕەحیم ئیبرهیم (٢٠٠٤: ١٠٠)

**-منت بۆ مەرگەسەری جێهێڵا.**
**-هیچ خۆشی نەدی لە دنیایی ڕۆشن.**
**-خوا ئەو کەسەت لێدەسێنێ کە پێویستت پێیەتی.**
**-خوا بتانباتەوە.**

**پیاوانیش لە کاتی ناڕەزایی دەربڕین:**
**-خوا نەیبرێت ئەمە کەی کاروکاسپیە.**
**-ناخۆشتانکرد.**
**-ماڵی تۆشم ئاواکرد.**
**-تۆش هەر نایبڕیتەوە.**
**-ئەمە کەی (زروفە/وەزعە).**
**-خێری تێدا نەماوە.**
**-بێتامتانکرد.**
**-فریای هیچ ناکەوین.**

## ١٦/٣) وەسفکردن:

**وەسفکردنی کەسێك یان شتێك بۆنەیەکی باوبلاوە لە کۆمەڵی کوردیدا، ژنان و پیاوان بە بێ جیاوازی وەسفی دەورووبەریان دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ژنان بە وردییەوە دەڕواننە دەورووبەر، لە هەر دیمەنێکدا، خاڵێك، یان زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشێت و لای خۆیان وێنەیەکی تایبەتی بۆ دەکێشن، کە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، بۆ وەسفکردن بەکاریدەهێنن، بۆیە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان لەم بوارەدا هەیە.[١] بە زۆریش وەسفی ئیش و کارەکانی خۆیان و جوانی و ڕەوشتی کەسەکان دەکەن. پیاوانیش بە زۆری وەسفی لەش و لاری ژنان و پلەوپایە و کەسایەتی و پێگەی کەسەکان دەکەن. وەسفکردنیش دەرخستنی لایەنی باشی یان دەرخستنی لایەنی خراپی دەگرێتەوە.**

**هەندێك لەو وەسفانەی کە ژنان دەیکەن:**
**-بە ژەهرەوە ئەخورێ(ت).**
**-ئەڵێی سەر تەرزی گەڵامێوە.**
**-دەست و پەنجەی پێوە ئەخورێ(ت).**
**-ئەڵێی مێردەزمەیە.**
**-کەوڵەکۆن**

---
[١] شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٩٠)

–مەکر باز

–سەربەگۆبەن

–بێ چاوڕوو

–نەدیوبدی

–ئەڵێی کوڕەی بێ سەر و بنە.

–کەواسوری بەر لەشکرە.

–ئەڵێی بوتڵە غارە.

–مەکرباز

–عەیار

–ئاگری قورەت

–ئۆین باز

–بێ چاوڕوو

–دەمەوەر

–حیلەباز

–ئیش لە دەست دەرنەهاتوو.

پیاوانیش ئەم ئەربڕینانە بەکاردەهێنن لە کاتی وەسفکردندا:

–پیاوی ناو پیاوانە.

–پیاوێکی (مەرد/بەغیرەت/بەشەرەف)ە.

–چوارشانەیە.

–وەکو باوکی پیاوە.

–(پیاو/کوڕ)ی تەنگانەیە.

–مویەك لە خۆی لاینەداوە.

–(پیاو/ کوڕ)ێکی (ئیماندار، کاسب، بەڕوشت...هتد)ە.

–نانی خۆی لە ژێر بەرد پەیدائەکا(ت).

–ماستاوچی

–گەندەڵ

–پیاوی فلانە.

–شەیتان پرسی پێ ئەکات.

هەروەها لە وەسفکردنی کچانیشدا ئەم دەربڕینانە بەکاردەهێنن:

–بالا عەرعەر

-ئەڵێی پەنیرە

-ناوقەد باریک

-ئەڵێی گوڵە.

-بەژن چنار

-کەمەر باریک

-پەنجە شمشاڵی

-نەرمونۆڵ

### ١٧/٣) شێوازی بانگکردنی ڕەگەزی نێر و مێ:

شێوازی بانگکردنی بانگکراو لە لایەن بانگکەرەوە، بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری ...هتد)ی کەسی بانگکەرو بانگکراو، دەگۆڕێت، ئەمەش ((پەیوەندییەکی پتەوی بە دەوروبەری زمانی و لایەنی ڕەوانبێژی وباری دەروونیی و پایەی کۆمەڵایەتی نێرەر و وەرگرەوە هەیە.))[١] پەیوەست بە شێوازی بانگکردنی ڕەگەزی نێر و مێ، لە کۆمەڵی کوردەواریدا چ بەهۆی لایەنی دەرونییەوە یان پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەوە بێت، ژن ومێرد ڕاستەخۆ بە ناوی خۆیانەوە بانگی یەکتر ناکەن، بەڵکو پەنا بۆ چەند دەربڕێنێکی تر دەبەن، بەمشێوەیە:[*]

١- بانگکردنی ژن لە لایەن پیاوەکەیەوە:

- بە ناوی خۆیەوە، وەکو: گوڵزار
- ناوی بچووککراوە، وەکو: گوڵە
- کچێ، ژنێ
- ژنەکە، ئافرەت
- نازناوی خۆشەویستی، وەکو: (گوڵەکەم، ئازیزەکەم، گیانەکەم، خانم...هتد).

---

[١]) ڕزگار واحید حەمەدئەمین (٢٠٠٩ :٥٣)

[*]) لە کرمانجی ناوڕاستی زمانی کوردیدا، چەند مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی هەیە، کە بەکارهێنانی بە پێی ناوەکە لە ڕووی ڕەگەزەوە دەگۆڕێت و، دۆخی ڕێزمانی بەو ناوە دەبەخشن، کە دەچێتەسەری، ئەوانیش:

١- (ە،ۆ) بۆ تاکی نێر، وەکو: (کوڕە، باپیرە، خاڵۆ ...هتد).

٢- (ێ) بۆ تاکی مێ، وەکو: (کچێ، خوشکێ ،پورێ ...هتد).

٣-(ینە) بۆ کۆی نێر و مێ، وەکو: کوڕینە، کچینە ...هتد).

٢- بانگکردنی پیاو لەلایەن ژنەکەیەوە:

به ناوی خۆیەوە*

پیاوەکە

١- نازناو، وەکو: ( مامۆستا، حاجی، سەی، مەلا...هتد).

٢- نازناو+ ناو، وەکو: ( مامۆستا هێمن، مەلا عەلی، حاجی حەسەن...هتد).

باوکی (بە زۆری منداڵی گەورە)

## ١٨/٣) چەندبوارێکی تری تایبەت بە ژنان:

ئەو بوارانەی کە کاری سەرەکی ژنانەوە تیایاندا چالاکن، وەکو: (چێشتلێنان، ماڵپاکردنەوە...هتد، فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندە:

### ١. چێشتلێنان:

یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ژنان و شارەزاییەکە زۆریان هەیە، بۆیە چەندین دەربڕینی تایبەت بە خۆیان لەم بوارەدا هەیە:

-برنجەکە (دەم/پا)ی کێشاوە.

-برنج دەبێژم.

-چێشتەکە سوێرە.

-چێشتەکە بوو بە قەرەبروت.

-بامێکە سەروقنجك دەکەم.

-(بامیێ/لۆبیا/پاقلە) زەرد دەکەم.

-(یاپراخ/دۆڵمە) دەپێچمەوە.

-هەویرەکەم هەڵهاتووە.

-برنجەکە (وەکو هەویرە/دانەدانە وەستاوە).

-ئارد دەوێژم.

-مریشك (پاکدەکەم/وردەدەکەم).

-نانەکەم بە تەنوورەکەوە سووتا.

-دەست و پەنجەی پێوە دەخورێت.

-دەساوی هەویر دەدەمەوە.

---

*) زیاتر ژنە گەنج و خوێندەوارەکان، پیاوەکانیان بە ناوی خۆیانەوە بانگ دەکەن.

## ٢. ماڵپاككردنەوە:

یەكێكی ترە لە كارە سەرەكییەكانی ژنان، كە بریتییە لە ماڵپاككردنەوە و شوشتن و ڕێكخستن...هتد)ی كەرەستەكانی ناو ماڵ.

-دەستێك بە ماڵەكەدا ئەهێنم.

-ماڵمان فەرشكردووە.

-(جل و بەرگ/قاپ و قاچاغ)ەكانم شت.

(بەتانی/دۆشەك/جل و بەرگ)ەكانم (قەدكرد/هەڵگرت).

-جلەكان هەڵدەخەم.

-ماڵەكە بێ سەروبەرە.

-ماڵەكە وەكو ئاوێنە وایە.

## ٣. خورافات:

ژنان زیاتر بڕوایان بە جنۆكە و چاو و نەفەس و بەخت و جادوو هەیە، بۆیە فەرهەنگەكەیان لەم بوارەدا دەوڵەمەندە، دەربڕاوەكانیشیان دەربڕی بیروباوەڕ و بۆچونەكانیانن، هەرچەندە لە ئێستادا بەرەو كەمبوونەوە چووە، زۆر باوەڕیان بە جنۆكە و شەوە و شیلانە و ئاڵە نەماوە، بەڵام هەندێكیان هەر سەردانی شێخ و جادووگەر و فاڵگرەوەكان دەكەن و نهێنی و ڕاز و نیازی خۆیانیان لەلا باسدەكەن و پارەیەكی زۆریش خەرجدەكەن، تاوەكو لە ڕێگەیەوە بە مەرامەكانیان بگەن.

-پێوقەدەمی (بە خێرەوەیە/بە خێرەوە نییە).

-داوێنداتەكاوە

-شەوە (بتگرێت/ بتباتەوە).

-سەرە خۆر

-بێبەرە

-(بەخت/ دڵ/هەناو/نەفەس/ ناوچاوان/پێ/ پێووقدوومی)ی ڕەشە.

-وەجاخ كوێر

-بەختی سپییە.

-شومە

-بەختی بەستراوە.

-گرێ لە بەختی دراوە.

-داری بێبەر مەگەر بیبڕیتەوە.

-دارێك بەری نەبێت بۆ بڕینەوە چاکە.

-نەزۆکە.

-دەستی ئەوانی چووەتە سەر.

-دەستیان لێوەشاندووە.

-گرێی بەختی (بەستراوە/کراوەتەوە).

-قسمەتی نییە.

-ناوچاوانی نییە.

-هاڵ بردویەتیەوە.

-چاو و نەفەس لێی داوە.

-فاڵمان لێکراوە.

-شەوە و شیلانە منداڵەکەت نەکوژێ(ت).

-ئاڵ میوانی بووە.

-ئاڵ/ئاڵی چووتە سکت و منداڵەکەتی کوشتووە.

-ئاخری شەڕە.

-کۆشی بەتاڵە.

-دوعای ڕەشیان لێکردووە.

-تیر لێیداوە.

-دەستیان لێوەشاندووە.

### ٤. چەند دەربڕنێکی تر:

-ئاسانەی (سوکە/گرانە).

-لە باری چوو.

-مانگی خۆیەتی.

-ئەیشوات.

-لەسەر خوێنە.

## ١٩/٣) چەند بوارێکی تری تایبەت بە پیاوان:

هەندیك بواری تر هەیە کە کاری سەرەکی پیاوانن، وەکو: (وەرزش و بازگانی و کڕین و فرۆشتن و ئۆتۆمبیل...هتد)، کە پیاوان چەندین دەربڕینی تایبەت بە خۆیان لەم بوارانەدا هەیە، بۆ نموونە:

-سەیارە موڵکی جادەیە.
-مۆدێلی چەندە؟
-کیلۆمەترەکەی زۆر نەڕۆشتووە.
-هیچی پێوە نییە.
-لانسی مردووە.
-تەرحە یان ئۆتۆماتیك.
-نرخەکەی خەتی خۆیەتی.
-پیستمی شکاندووە.
--دەبڵ ئەکسڵە.
-دووکانەکەم لە خزمەتتدایە.
-با عایدی خۆم بێ(ت).
-هێشتا سفتاحم نەکردووە.
-خەریکە دەتەقێ(ت).
-قەپات بووە.
-بازاری گەرمە.
-ئەگەر لە هەموو بازار هەرزانتر نەبووە گلەیی بکە.
-بە مایەی خۆی پێتم داوە.
-قازانجی نەماوە.
-خێروبەرەکەت ڕووی تێکردووە.
-بازار کزە.
-فرۆشراو وەرناگرینەوە.
-دەستنادا بەخوا.
-بەو نرخە بەکەسی ترم نەداوە.
-زیادت پێنالێم.
-زیادم پێ نەوتووی.
-زیاترم پێداوە.
-ئەگەر بە دڵتان نەبوو بۆم بگەڕێننەوە.
-مەعامەلەی نییە.
-ئەگەر قازانجی بکردایە بەو نرخە پێتم ئەفرۆشت.
-مایەی خۆیەتی، (خێر/قازانج)م لێ وەرنەگرتووی.

–خێری تێدا نییە.

– بەزیادبێ(ت)، خوا نەیبڕێ(ت).

–فرۆشراو وەرناگرینەوە، تەنها گۆڕینەوە هەیە.

–بیبەماڵەوە ئەگەر گلەیت هەبوو بیهێنەوە.

–بە قەرز شت نافرۆشین.

–بە قیستی مانگانە، بە بێ زیادە.

–بیبە حەزئەکەم لەسەر خۆم بێ(ت).

–با هەدیەی من بێ(ت) بۆ تۆ.

–دەستنادا بەخوا، ئەگینا لە خزمەتتدا دەبوو.

# ئەنجامەكان

١. لە زۆربەی زمانەكانی جیهاندا جیاوازی لە نێوان شێوازیی قسەكردنی نێرینە و مێینەدا هەیە، هۆكاری دروستبوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- هۆكاریی بایۆلۆجی: مەبەست لەو جیاوازییە بایۆلۆجییانەی نێوان نێر و مێیە، كە كاریگەرییان لەسەر قسەكردن هەیە، وەكو: (پێكهاتەی مێشك، تاڵەباریكەكانی قورگ (دەنگەژێكان)...هتد).

ب- هۆكاریی كلتووریی: ئەو یاسا و ڕێسا ئایینی و كۆمەڵایەتییە جیاوازانەی، كە كۆمەڵ بۆ نێرینە و مێینەی دیاریكردووە، بوو بە هۆی ڕەفتار و ئامانجی جیاوازیان، كە بە زمان دەردەبڕێت.

٢. زۆریی و كزیی جیاوازیی شێوازی قسەكردنی ڕەگەزی، ئاراستەیەكی پێچەوانەیی لەگەڵ پێشكەوتنی شارستانییەتی خوێندەواریی و فاكتەری ئابووری یەكسانی ڕۆڵ و پێگەی ژن و پیاو لە كۆمەڵدا هەیە.

٣. ئەو جیاوازیەی لە نێوان شێوازی قسەكردنی ژن و پیاودا هەیە، زیاتر جیاوازیی گفتوگۆیین، تێگەیشتن یەكە، بەڵام بەكارهێنان جیاوازە.

٤. سەرەتای جیاوازی شێوازی قسەكردنی ڕەگەزی هەر لە منداڵییەوە دەست پێدەكات، شێوازی قسەكردن و پەروەردەكردنی منداڵ لەلایەن دایكوباوكەوە لەسەر بنەمای ڕەگەزییە.

٥. لە زمانی كوردیدا، جگە لە هۆكاری بایۆلۆجی، هەریەكە لە: (دەسەڵاتی پیاوسالاریی، تێڕوانینی جیاواز بۆ نێر و مێ، ئایین، تابوو، ڕۆڵ و پێگەی كۆمەڵایەتی، كار و پیشەی جیاواز...هتد)، هۆكاری پەیدابوونی جیاوازی شێوازی قسەكردنی ڕەگەزیین.

٦. لە زمانی كوردییدا ئەو جیاوازییەی لە شێوازی قسەكردنی ژن و پیاواندا هەیە، زیاتر لە بوار و بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا رەنگدەداتەوە، لە بۆنە یان بوارێكی كۆمەڵایەتییدا، ژنان و پیاوان دەربڕینی جیاواز بەكاردەهێنن.

٧. توانای بەكارهێنان و گەیاندنی واتای جیاوازی هەندێك لە كردە نازمانییەكان، بە پێی ڕەگەزی قسەكەر دەگۆڕێت.

٨. ژنان زیاتر سوود لە جوڵەكانی ڕووخسار وەردەگرن و بەتواناترن لە لێكدانەوەی كردەنازمانییەكان هەمبەر بە پیاوان، بە پێچەوانەوە پیاوان زیاتر سوود لە جوڵەكانی جەستە وەردەگرن.

٩. كە دەوترێت فەرهەنگی ژن یان پیاو، مەبەست لەو وشە و دەربڕینانەیە، كە لە بەكارهێناندا زیاتر بەسەر زاری ڕەگەزێكیانەوەیە یان بەكارهێنانی تایبەتە بە ڕەگەزێكی دیاریكراو، ئەمەش بەشێكی بچووكی فەرهەنگە هاوبەشەكەی نێوانیان پێكدەهێنن.

١٠. ناتوانرێت بڕیاری ئەوە بدرێت کە فەرهەنگی ژن یان پیاو کامیان دەوڵەمەندترە، چونکە ژنان لە هەندێك بواریی وەکو: (چێشتلێنان، منداڵبوون، جۆرەکانی خواردن، کەلوپەلی ناوماڵ، منداڵ بەخێوکردن، ژنهێنان و شووکردن...هتد) فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندە، بە پێچەوانەشەوە پیاوان لە بوارەکانی وەکو: (بازرگاری، کاروپیشە، سیاسەت، وەرزش، مووچە، خانوو و زەوی، ئۆتۆمبیل...هتد) فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندە.

١١. لەم سالأنەیی دواییدا بەهۆی ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵی کوردیدا هات، لەڕووی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابووری و خوێندەواری...هتد و گۆڕانی کاروپیشەی سەرەکی کۆمەڵ لە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە بۆ مووچەخۆری، بووە هۆی ئەو کە ژنان ڕووبکەنە دەرەوەی مالأن و شانبەشانی پیاوان ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمەڵدا ببینن، بەمەش تێکلأویەك لە نێواندا دروست بوو و ئەو سنورە تەنکبووەوە کە لە نێوانیاندا کێشرابوو، بۆیە ئەو شێوازە جیاوازەی لە نێوان قسەکردنی ژنان و پیاوانی بەتەمەندا هەیە، لە لای کوڕ و کچە گەنجەکان کەمتر ڕەنگیداوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### أ- بە زمانی کوردی:-


١. **ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف**، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٢.

٢. **ئازاد عەلی**، ئاخاوتن و جێندەر، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(٤-٥)، ت١ و ت٢، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣. **ئازاد ڕەمەزان عەلی**، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤. **ئەورەحمانی حاجی مارف** (د)، سەرەتاییێکی زمانناسی، بەرهەمەزمانەوانییەکانم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٥. **ئەورەحمانی حاجی مارف** (د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، ناو، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٧٩.

٦. **ئەلین ویلر**، پیاو و ژن یەکسانن بەڵام جیاوازن، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە(٣٦)، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧. **ئیبراهیم تاهیر معروف الرباتی**(د)، پیاوان و ژنان تەواوکەری نایەکسان، چاپخانەی دارالمعرفە، چاپی دووەم، بیروت-لبنان، ٢٠٠٩.

٨. **بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین**، زار و شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

٩. **بەهار زایر محمد**، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

١٠. **بەهزاد موحسن**، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢٩)، هەولێر، ٢٠٠٨.

١١. **پەیمان حسن محمد سلیم**، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٤.

١٢. **پرشنگ عەبدول محەمەد**، بۆچی ژن حەزی لە قسەیە و پیاویش گوێ ناگرێت؟ زانستی سەردەم، ژمارە(١٦)، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٣. **تابان محەمەد سەعید حەسەن**، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٤. **غازی فاتح وەیس**، فۆنەتیک، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ١٩٨٤.

١٥. **دلێن محەد صالح طیب**، شێوازێ ئاخڤتنا ئافرەتێ ل دەڤەرا بەهدینان، نامەی ماستەرێ، کۆلێژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، ٢٠١٠.

١٦. **زەیتۆ شێخانی**، زمانی جەستە و ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەماندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٩)، ٢٠٠٧.
١٧. **زوبێر عەلی عارف**، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانیی، ٢٠١٢.
١٨. **ڕزگار واحید حەمەدئەمین**، شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.
١٩. **ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز**، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠١.
٢٠. **ڕێژنە مەعروف حوسێن**، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٠.
٢١. **سەمیر ئیبراهیم حەسەن(د)**، کولتور و کۆمەڵگا، وەرگێڕانی: عەبدوڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١.
٢٢. **شاخەوان جەلال فەرەج**، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی،٢٠١١.
٢٣. **شێخ محمدی خاڵ**، پەندی پێشینان، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٠.
٢٤. **شنە ئەبوبەکر ئەحمەد**، زمانی جەستە، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠١.
٢٥. **شیلان ڕەحیم ئیبراهیم**، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٦. **شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان**، کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٨.
٢٧. **فاروق عومەر سدیق(د)**، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٨. **قیس کاکل توفیق**، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٥.
٢٩. **کاوە شێخانی**، جێندەر و زمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٣)، ٢٠٠٦.
٣٠. **کریستین نۆرد نستام**، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، وەرگێڕانی: غازی عەلی خورشید، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣١. **کسپە ئەبوبەکر عەلی**، پەیوەندیی بیر و زمان لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

٣٢. **محەمەد ڕەزا باتنی**، چەند بابەتێكی زمانەوانی نوێ، وەرگێڕانی: **هێرش كريم**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٠.

٣٣. **محەمەدیی مەحويی(د)**، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣٤. **محەمەد مەعروف فەتاح(د)**، لێكۆڵینەوە زمانەوانیەكان، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی: (شێروان خۆشناو و شێروان میرزا قادر)، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٥. **محمد معروف فتاح(د)**، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١١.

٣٦. **نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵلا**، كوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، چاپی شەشەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٧. **وریا عومەر ئەمین(د)**، ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بلأوكردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣٨. **هێمن عەبدوالحەمید شەمس**، شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەلأیەتییەكاندا، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٦.

٣٩. **هۆگر محموود فەرەج**، پراگماتیك و واتای نیشانەكان، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

٤٠. ـــــــــــ، سەرجەم پەندەكانی پیرەمێرد، كۆكردنەوە و ساغكردنەوەی: (فائق هوشیار، مستەفا ساڵح كەریم، مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ)، بەرگی (١-٢-٣)، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤١. ـــــــــــ، مۆدێل و مۆدێلەكانی ڕێزمان، وەرگێڕانی: د.محەمەدی مەحویی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.


### ***ب- بە زمانی فارسی:-***


١. **برنارد اسپولسكی**، زبان شناسی اجتماعی، ترجمان: (د.علی رحیمی و زهره باقری)، شركت زیتون چاپ بهاران، تهران،١٣٨٧.

٢. **پیتر ترادگیل**، زبان شناسی اجتماعی (درامدی بر زبان و جامعه)، ترجمه: محمد طبا طبائی، نشر أگه، چاپ اول، پاییز ١٣٧٦.

٣. **رابرد لارنس ترسك**، مقدماتی زبان شناسی، ترجمه: فریار اخلاقی، انتشارات نی، چاپ اول، تهران، ١٣٧٨.

٤. **عباس محمدی اصل**، جنست و زبانشناسی اجتماعی، نشر گل اذین، چاپ اول، تهران، ١٣٨٩.

٥. **نرمینه معینیان**، زبان شناسی از دیدگاه انسان شناسی، انتشارات ستوده، چاپ اول، ١٣٨٨.

٦. **يحيى مدرسى**، درأمدى بر جامعه‌شناسى زبان، چاپ فرشيوه، چاپ اول، تهران، ١٣٦٨.

**پ- به زمانی عەرەبی:-**

١. **عبده الراجحى(د)**، اللغة و علوم المجتمع، مطبعة دار النهضة العربية، الطبعة الثانى، بيروت-لبنان، ٢٠٠٤.
٢. **على عبدالواحد وافى(د)**، اللغة والمجتمح، مطبعة نهظة بمصر، الطبعة الرابع، ١٩٨٣.
٣. **نايف خرما**، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٨.
٤. **هادي نهر(د)**، علم اللغة الاجتماعي، دار الغصون، الطبعة الاولى، بيروت-لبنان، ١٩٨٨.

**ت- به زمانی ئینگلیزی:-**

١. **Deborah Tannen**, You Just Don't Understand, Woman and men in conversation, New York: Ballantine, ١٩٩٠.
٢. **George yule**, The Study of Language, Printed in the United Kingdom at the University Press, Cambridge, Third Edition, New York, ٢٠٠٦.
٣. **Jennifer Coates**, Women Men and Languge, New York: Longman Group Limited, ١٩٩٣.
٤. **Rajend Mesthrie, Joan Swann, Ana Deumert and William L. Leap**, introducing Sociolinguistics, edition published by Edinburgh University press, ٢٠٠٠.
٥. **Rebecca Norman**, Gender Differences in Language and the Attitudes Concerning Them , Mid Sweden University , ٢٠٠٦.
٦. **Robin Lakoff**, Language and Women's place, Harper & Row, New York, ١٩٧٥.
٧. **Louise Welsh Schrank** and **Kathleen O. Ryan**, Gender And Communication, Stage Fright Productions, ٢٠٠٩.

**ج-ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:-**

١. http://www.google.iq/#hl=ar&q=Lexical+Analysis+of+Gender+and+Language+Theoris&oq ٢٠١٢/٨/٢٢
٢. www.teban.com ٢٠١٢/٩/٣
٣. www.womens healthresearch.org ٢٠١٢/٧/١١
٤. www.uobabylon.edu.iq ٢٠١٢/١١/١٧
٥. www.zabanshenasi.org ٢٠١٢/٧/٦

**چ- بەرنامە تەلەڤزیۆنەکان:**

١. **تەلەڤزیۆنی ئێن ئاڕ تی، بەرنامەی (تەبا و ناتەبا)، لە بەروارەکانی:** (٨ / ٦ / ٢٠١٢ ـــ ٢٨ / ١١/ ٢٠١٢).

٢. **تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی (کەوانە)، لە بەروارەکانی:** (٤ / ٩ / ٢٠١٢ ـــ ٢ / ١٠/ ٢٠١٢).

## ح-چاوپێکەوتن لەگەڵ:-

١. **د.بەکر عومەر عەلی**، زانکۆی سلێمانی، سکولی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٣/٢/٢٦.

٢. **د.فاروق عومەر سدیق**، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٢/١٢/٢٣.

٣. **د.هۆگر مەحموود فەرەج**، زانکۆی سلێمانی، سکۆڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٣/٢/١٠.

# ملخص الرسالة


عنوان الرسالة هو (الجنس من وجهة نظر علم اللغة الاجتماعي)، والتي تبحث في موضوعي اللغة والجنس وتظهر التأثير الجنسى للمتحدث على اللغة واسباب ظهور الفروقات التي تنشأ عن أسلوبي التحدث الذكوري و الأنثوي من وجهة نظر علم اللغة الاجتماعي.

تتألف الرسالة من ثلاثة فصول ونتيجة و قائمة بالمصادر:

**الفصل الأول :**

يبحث في العلاقة بين اللغة و المجتمع و تأثيرهما المتبادل، ثم استعراض أهمية وإطار وأهداف علم اللغة الاجتماعي، كذلك البحث بين اللغة و الجنس و تاريخ نشوئه وانعكاساته فى العديد من اللغات العالمية، في الختام تم البحث في نظريات اللغة و الجنس والتي كل منها تعلل فرق اسلوب التحدث بين الذكر و الأنثىٰ الى عدد من العوامل، وأخيراً تحديد اسباب كثرة وضعف هذا الاسلوب المختلف من لغة الى أخرىٰ.

**الفصل الثاني:**

تم تخصيص هذا الفصل لإختلاف أسلوب التحدث الذكورى و الأنثوى في اللغة الكردية، وتحديد أسباب ظهور تلك الاختلافات، ثم استعراض للجنس و عدد من خصائص اللغة الكردية، كذلك البحث في انعكاسات جنس المتحدث على كل من المعايير الاجتماعية للتحدث والفعل اللالغوي.

**الفصل الثالث:**

لإثبات وجود فروقات او اختلافات في الأسلوب الجنسي للمتحدث في اللغة الكردية، تم عرض العديد من النماذج التعبيرية الخاصة بجنس محدد في العديد من المناسبات والمجالات الأجتماعية.

وفي الختام عرض لأهم النتائج المستخلصة ثم الاستعراض لقائمة المصادر المستخدمة فى هذه الرسالة.

## Abstract

The thesis is under the title of (Gender in a sociolinguistic perspective), which studies language and gender in a sociolinguistic perspective and the impact of the speaker's gender on language and the factors behind the differences between male and female speech are also enlightened.

The thesis consists of an introduction, three chapters, conclusions and the reference lists, as follow :

**Chapter One**

This chapter focuses on the relationship between language and society and their influence on each others ,afterward the importance, the limitation and the purpose of sociolinguistics are explained. Furthermore, the link between language and gender is pointed out ;its history and influence on many worldwide languages are also focused on .Still in this chapter, theories of language and gender are studied which each of them, describes some factors which are the cause of the emergence of the male and female differences in speech. After that, the factors behind the rate of this way of differences from one language to another are limited .

**Chapter Two**

This chapter is devoted to the differences between male and female speech in Kurdish language. The reasons of these differences are identified .Next, gender and some features of Kurdish language are placed emphases on. Then ,the gender of the speaker and its influence on each of social procedures and non-linguistic acts are revealed .

**Chapter Three**

In the chapter, instances from variety of expressions which their usages are special to a specific gender, in some occasions and social fields are talked about to prove the gender differences in Kurdish language .

Finally, the most important achieved conclusions are mentioned. Then, the used sources are listed in the reference list .